# رۆمانی پۆست مۆدێرنە

باهۆز مستەفا

ناوی کتێب : رۆمانی پۆست مۆدێرنە
بابەت : لێکۆلینەوە
نووسەر : باهۆز مستەفا
هەڵەچن : سەرکەوت ولی
نەخشەسازی : وشیار سلام کریم
بلاوکراوەی : گروپی کلتوری و هونەری هاڤی
چاپ : چاپی یەکەم / ٢٠١٨
تیراژ : (١٠٠٠) دانە
شوێنی چاپ : چاپخانەی ڕۆژهەڵات - هەولێر

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان/هەرێمی کوردستان
ژمارەی سپاردنی ( )ی ساڵی (٢٠١٨) ی پێ دراوە

# پێشەکی

پۆست مۆدێرنە رۆمان، شێوازێکی نوێی نووسینی ئەدەبییە لە نێو فۆرمی رۆمانی مۆدێرن، مەبەست لە نوێ دیاریکردنی ماوە و کاتی سەرهەڵدانی نییە، بەڵکو ستایل و شێوازی پێشکەشکردنی ئەو گێڕانەوەیە – چیرۆکەیە، کە نووسەری رۆمانەکە هەڵیبژاردووە بۆ دەربڕینی ئەو پەیامەی لە رێگای رۆمانێکەوە هەوڵدەدات بە خوێنەرانی بگەیەنێت بە سوود وەرگرتن و ئاوێتەکردنی لەگەڵ فەلسەفە و ژانرە ئەدەبییەکانیتر. هەرچەندە ئەم بابەتە، بابەتێکی ئاڵۆز و زۆرتر پەیوەندی بە ئەدەبیاتی وڵاتانی رۆژئاواوە هەیە، هەروەها تا ئێستا سەد دەرسەد یەکلانەکراوەتەوە و قوتابخانە ئەدەبی و تیۆردانەرە دیارەکانی ئەدەب هاوڕانین و نەگەیشتوونەتە دەرەنجامێکی تەواو، بەڵام چەندان رۆمان هەن رەگەز و بنەمای جیاوازیان هەیە و وەکو رۆمانی ئاسایی قۆناغەکانی مۆدێرنیتە نین لە هەڵبژاردنی پاڵەوان و رووداو و چیرۆکی نێو رووداوەکە و شوێن و کات و زمانی نووسین و ئامانج و دەرەنجام .... هتد.

هەروەها بۆ ئەوەی وەکو پێشــوو بێئاگا نەبین لەو گۆڕانکاری و داهێنان و ســەرهەڵدانی ئەو بابەتانەی بوونەتە جێگەی دیالۆگ و قسە لەسەرکردن لە نێوان فەیلەسوف و ئەدیبانی جیهانی لەسەر زۆربەی بابـەت و بوارەکان، بەتایبەتیش بواری ئەدەبی، لە نێو ئەدەبیشـــــدا ژانری رۆمـــان و هونەری رۆمـــاننووســـــین و پێشکەوتنەکانی. بێگومان گەلێک لێکۆلینەوە لەسـەر رۆمان کراوە بەشێوەیەکی گشتی، بەڵام لەسەر رۆمانی پۆست مۆدێرن شتێکی وا لە کتێبخانە کوردییەکان بەرچاو ناکەوێت یاخود زۆر کەمە. ئەم باســە بە پێی توانا هەوڵدەدات لێکۆڵینەوە لەم بابەتە بکات و جیاوازی و لێکچوونی نێوان رۆمانی مۆدێرنیتە و ئەو رۆمانانەی پێیان دەڵێن پۆست مۆدێرنە رۆمان، یا رۆمانی پۆست مۆدێرن و جێگا و شـــوێنی رۆمانی کوردی لەو ناوە بخاتە روو، هەروەها بەراوردی یا دەستنیشـانی بنەما و تەکنیکی نووسینی ئەم جۆرە رۆمان و شێوازی گێڕانەوەیە بکات.

ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵدەدات ســـوود لە نموونەی ئەو رۆمانانە وەربگرێت، کە بەپێی توانا دەست دەکەوێت و لە بابەتەکە نزیکن، نموونەکان جیاجیان و لە رۆمانی کوردی و تورکی و جیهانین، هەروەها بە پێی ئەو ئامارەی لە نێوەندە ئەدەبییەکانی جیهان کراوە لە بـارەی پۆســـــت مۆدێرنە رۆمـان یـا نموونەکـان هەڵبژێردراون.

ئەم لێکۆڵینەوەیە بە گوێرەی میتۆدی (رەخنەی ئینتیبــاعی- Impressionist) ئەنجامدراوە. کارکردنیش بەپێی ئەم میتۆدە کە پێی ناسراوە ئەوەیە، کە سەرەتا بەشێوەیەکی زۆر ورد و بە چاوێکی جددی و رەخنەگرانە دەقەکە بخوێندرێتەوە و بە کورتی و بەچڕی وردەکارییەکان بخاتە روو، هەڵوەســـتە لەســـەر ناوەرۆک و تەکنیک و گێڕانەوە و تەواوی لایەنەکانی دەقەکەکە بکرێت تا لێکۆڵەر بتوانێت لەسەر یەکە یەکەی لایەنەکان کاربکات و بەراوردی نێوان دەقەکانی پێبکرێت.

ئامانجی ســـەرەکی ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەوەیە جیاوازی رۆمانی پۆست مۆدێرن لەگەڵ رۆمانی مۆدێرن بخاتە روو، ئەو خاڵانەش دەســـتنیشـــان بکات کە رۆمانی پۆســـت لە رۆمانی مۆدێرنی وەرگرتووە، هەروەها دیارکردنی گرنگترین ئەو خاڵانەی رۆمانی پۆســت لە رۆمانی مۆدێرن پێ جیادەکرێتەوە و گۆڕانکارییەکان و هاوبەشـــییەکان لە نێوان هەردوو جۆری رۆمان، هەروەها لەگەڵ کورتە مێژوویەکی چەمک و مێژووی رۆمان بەگشــتی و رۆمان لە باشووری کردستان بەتایبەتی.

## بەشی یەکەم

## تەوەری یەکەم:

## چەمك و کورتە مێژوویەکی ڕۆمان

ناو و چەمک و زاراوە ئەدەبییەکان ماوە و سەردەمێکی باشی گەرەکە تا جێی خۆیان دەگرن و بەتەواوەتی دەچەسپێن، هەرچەندە چەسپاندنی ناوەکە ڕەها نابێ لەبەر ئەوەی کۆمەڵێ کەس هەن هەر ئەو ناوە بەکاردێنن، کە خۆیان باوەڕیان پێی هەیە، بەڵام مەبەست لە چەسپاندن ئەوەیە کاتێک کە زاراوەکە یا چەمکەکە زۆر باو دەبێ و زۆرینەی خەڵک بەکاریدێنن، ڕۆمانیش بەهەمان ئەو ئەزموونە تێپەڕیوە کە زۆربەی زاراوە ئەدەبییەکان ڕووبەڕووی بوونەتەوە، ڕۆمان بەر لەو دیاردەیە پەیدابووە، کە ئێستا بەهێزەوە پێوەی نووساوە.

واتە دەتوانین بڵێین وشەی ڕۆمان بۆ زیاتر لە ڕەگەزێکی ئەدەبی بەکارهاتووە و (لە سەدەکانی ناوەڕاست وشەی (Roman ) هاوواتای وشەی چیرۆک بووە لە زمانی میللی ڕۆمانی.

له ســــــاڵی ١٧٦١ (دیـدرۆ) دەڵێ: دەمەوێ نـاوێکی نوێ بۆ بەرهەمەکانی ریچاردسۆن بدۆزمەوە)٣.

له رووی مێژوویيەوە رۆمــان وەک ژانرە ئەدەبییەکــانی تر مێژوویەکی زۆر کۆنی نییه و له نۆڤلێتی کورت وەرگیراوە، ئەم ناوه ســەرەتا له زمانی ئەڵمانی به (Novelle پاشـان Roman) بەکارهێناوه به ئینگلیزی (Novel) به ئیســپانی (Novela) بوو، کە مۆدەی ســـەدەی حەڤدە بوو، پاشـــان له ســـەدەی هەژدە گەشەیکرد و بووه جێگەی سەرنجی رەخنەگران له خۆرئاوا.

(دانیال دیڤۆ، ریچاردســۆن، هێنری فیلدینگ) ســێ نووســـەری بەناوبانگی دیارن له بەشداربوونی سەرەتای رۆماننووسین، ئەم ســێ نووســـەرە له یەک ســـەردەمدا دەســتیان به نووســـین نەکردووە، هەروەها ناتوانین به قوتابخانەی رۆماننووســـینیان دابنێین، هەر یەکەیان به شــێوەیەک و به پێی بیر و بۆچوونێک کە خۆی بــاوەڕی پێی هەبووە رۆمــانی نووســـیوە، بەڵام هەرسێکیان له سەرەتایەکانی رۆمان نووسین بەشداربوونه.

(کۆلن ولسن) سیلستینا ١٤٩٩ به یەکەم رۆمان دادەنێت١. بەڵام (ئیڤۆر ئیڤانس) دەیگەڕێنێتەوە بۆ کۆتـای ســـەدەی پازده و سەرەتای سەدەی شازده، سێرڤانتس (دۆن کیشۆت)ی له نێوان ســـاڵانی (١٥٤٧-١٦١٧) نووســـیوە. دانیال دیڤۆ له ســـاڵی

(١٧١٩)رۆمانی رۆبنسـۆن کرۆزۆی نووسـیوه. (مەدام دیسـتایل) هۆی نەبوونی رۆمـان لە کۆنـدا بۆ ئەوە دەگێڕێتەوە کە لەو سـەردەمە ئافرەت بە پلەی دووەم هاتووە، چونکە گریک و رۆمەکان زۆر گرنگییان بە پەیوەندی سـۆزداریی نێوان ژن و پیـاو نەداوە. ولیـام ڤـان ئوکور دەڵێ: " رۆمـان بەر لەوەی شـێوەیەکی دیـاریکراوی هەبێـت، دەربڕی سـەردەمێکی دیاریکراوە"٢. ئیتر رۆمان دوای ئەمانە وردە وردە گەشەیکردووە، لە سـەدەکانی هەژدە و نۆزدە رێژەی نووسـینی رۆمان زۆر زیادیکرد و پەرەسەندنی گەورەی بەخۆیەوە بینیوە.

## تەوەری دووەم:

## ڕۆمان و مێژووی ڕۆمانی کوردی (باشووری کوردستان)

ڕۆمان لە جیهان بەگشتی و لە وڵاتانی ڕۆژئاوا بەتایبەتی قۆناغی زۆری بڕیوە و تەواو جێگە و پێگەی خۆی لە نێو کۆمەڵگاکان کردۆتەوە، پاڵەوان و کارەکتەری ڕۆمانە دیار و ناسراوەکان هاتۆنەتە نێو ژیانی ڕۆژانەمان، کاریگەرییان جێهێشتووە و هەیە لەسەر قسە و گفتوگۆ و هەڵسوکەوتمان، کەم خوێنەر هەیە پاڵەوانەکانی دیستۆیڤسکی و کافکا و تۆلستۆی و فلۆبێر و ستاندال و ئەلیکسەندەر دۆما و پاتریک زوسکیند و پامۆک و ئۆستەر و موراکامی و زۆریتر نەناسێ. لە زۆر حاڵەت خۆمان بەو کارەکتەرانە دەچوێنین. بەشێوەیەک لە شێوەکان لاساییان دەکەینەوە یا دەگوترێ ئەوە حاڵەتێکی راسکۆلینکۆفانەیە یا زۆربایانە یا وەکو کچەی پرتەقاڵە و مەدام کامیلیا. کەچی ئەو هێز و کاریگەرییەتیە لە نێو ڕۆمانی کوردی زۆر لاوازە و بەدی ناکرێ، لە تازەترین و دوا بەرهەمەکاندا دەبینین کارەکتەرەکان ناتوانن لە چەند ڕۆژێک زیاتر بمێننەوە و بێنە نێو کۆمەڵگە و خۆیان دەربخەن و ببنە نموونەی دیار، ئەگەر سەرنجی

کارەکتـەرەکـانی نێو رۆمـانی کوردی بـدەین وەکو ســــەریاس و ئاســۆ و جەمشــیدخانی مامم و حاجی پوشــۆ .... دەبینین لە نێو کتێبەکان گۆشــەگیر دەمێننەوە و نابنە کەســێکی زندوو و ئامادە. ئەمە دوو هۆکاری هەیە:

یەکەم: ئاستی رۆشنبیری و شارستانیەت و شاریبوون.

دووەم: کــەمی رێژەی ئــەو ژانرە، واتــە رۆمــان لــە هــەموو کوردســـــتان رەنگە ٢٥٠ بۆ ٣٠٠ رۆمانێک هەبێ (ئەمە ئامارێکی زارەکییە ســەد دەرســەد نییە) ئەمەش وای لە نووســەر کردووە، پەلە بکات بۆ زیادکردنی ژمارە و پڕکردنەوەی ئەو بۆشــــاییە، کەمی کات بۆ نووسینی رۆمان کاریگەریی نێگەتیڤی هەیە لەسەر لێڤڵ و ئاستی هونەری رۆمانەکان.

رۆمانی کوردی لە ســەرەتاوە زۆر بە ســســتی و بە زانیارییەکی ســنووردارەوە لەم بوارە هاتۆتە نێو ئەدەبیاتی کوردی و وەک پشــــکدارییەک بووە، بەڵام نەیتوانیوە لە رووی هونەرییــەوە گەشــەبکات و خۆی لە ئاســت پێوەرە هونەرییەکانی رۆمان لە جیهان نزیک بکاتەوە و بـە هـەمـان پێوەر ژمـارەی زیـاد بکـات. رۆمانی کوردی درەنگ دەستی پێکردووە و هەوڵەکان بۆ ساڵانی بیســـتەکانی ســــەدەی بیســـتەم دەگەڕێنەوە، بۆیە ئەم چەندان رۆمانەی لەم دواییە نووسراون، کارێکی زۆر گرنگ و پڕ بایەخە

له‌م مه‌یدانه چۆله‌، ره‌خنه‌گران ده‌توانن له لێکۆڵینه‌وه‌کانیان زیاتر تیشـــک بخه‌نه ســـه‌ر لایه‌نه جوان و هونه‌رییه‌کان و تێبینی و ده‌ستنیشـانی لایه‌نه ساده و نزمه‌کان بکه‌ن بۆ به‌رزکردنه‌وه و به‌هێزکردنی ئاســـتی رۆمانه‌که و پاڵپێوه‌نانی نووســـه‌ر بۆ کاری باشـــتر و به‌برِشـــتتر، نه‌وه‌ک بۆ تێکشـــکاندن و دروســـتکردنی پاڵه‌په‌ستۆ و فشاری زۆر له‌سه‌ر نووسه‌ر.

هه‌ر له‌سه‌ر ئاستی باشووری کوردستان یه‌که‌م تۆمار رۆمانی (مه‌سه‌له‌ی ویژدان، ئه‌حمه‌د موختار جاف) و (له خه‌ومای، جه‌میل سائیب)بووه‌، که له بیسته‌کانی سه‌ده‌ی رابردوو نووسراون.

ئه‌گه‌رچی هه‌ندێ له پســـپۆڕانی چیرۆک و ئه‌ده‌بی کوردی به چیرۆکی درێژی داده‌نێن، بـــه‌ڵام به‌پێی پێوه‌ری ئێســـتـای رۆماننووسین یا به به‌راورد له‌گه‌ڵ رۆمانه‌کانی ئه‌م سه‌رده‌مه به رۆمان داده‌نرێت، چونکه هه‌موو مه‌رج و بنه‌ماکانی رۆمانی تێدایه‌.

پاشـان له ســاڵی ١٩٣٦ رۆمانی ته‌واو نه‌کراوی (محه‌مه‌د عه‌لی کوردی) دێت به ناونیشـانی (نازدار، یا کچی کورد له لادێ) که به زنجیره له گۆڤـاری (رووناکی)دا بڵاوکراوه‌ته‌وه‌. به‌پێی بیبلیۆگرافیای (حوســێن عارف) که بۆ چیرۆکی کوردی کردووه

وەک کتێب بڵاوبۆتەوە، لە ماوەی ســاڵانی (١٩٢٥-١٩٨٣) دا لەم ماوەیەدا تەنها چوار رۆمان چاپکراون کە ئەمانەن:

١- (مەسەلەی ویژدانی) ی ئەحمەد موختار جاف.

٢- (پێشمەرگە) ی رەحیمی قازی.

٣- (ئاشتی کوردستان) ی محەمەد ساڵح سەعید.

٤- (ژانی گەل) ی ئیبراهیم ئەحمەد.

زۆر ئاشــکرایە کە رۆمانی کوردی و پێگەیشــتنی نووســەرانی کورد و کارکردنیان لە نێو تێمەی (بابەت) جیاواز و تەکنیکی رۆمان نووســین لە چاو رۆمانی رۆژئاوا و نووســەرانی رۆژ ئاوادا زۆر درەنگ دەســـتی پێکردووە و بەشـــداریکردنەکەی لەســـەرخۆ و ســـســت بووە، بۆیە ناتوانرێت بەراورد لە نێوان قۆناغە ئەدەبییەکانی کوردی و قۆناغە ئەدەبیەکانی رۆژئـاوا بەتەواوەتی بکرێت، چونکە کاتێ لە رۆژئاوا رۆمان نووســراوە نووســەرانی ئەو کات خەریکی شـیعری کلاسـیکی بووینە، بەڵام دەتوانین بە تەنیا قۆناغبەندی بۆ رۆمانی کوردی بکەین بەم شێوەیە:

١-قۆنـاغی لەدایکبوون و ئەزموونە ســــەرەتـاییەکـان (١٩٢٧-١٩٧٠).

٢-قوناغی سەرهەڵدان و گەشەکردن (١٩٨٥- ١٩٩٠).

٣-قۆناغی بوون بەدیاردە و تێگەیشـــتن و ئەزموون و هەوڵدان بۆ کارکردنی پسپۆڕیانە (١٩٩١- تا ئێستا).

زۆربەی ئەو کەســانەی خەریکی ئاماری ئەدەبین و لە نێو زانکۆ و ئەکادیمیاکان کاردەکەن دەســت پێکردنی بووژانەوەی رۆمانی کوردی بۆ نیوەی دووەمی دەیەی هەشــتاکان دەگەڕێنەوە وەکو د. ئیبراهیم قادر و د. عادل گەرمیانی کە ناوەڕاســـتی دەیەی هەشـتاکان بە دەسـتپێکردنی ســەردەمی زێڕینی رۆمانی کوردی دادەنێن لە باشووری کوردستان.

بێگومـان بەکـارهێنـانی زاراوەی رۆمـان لە ئەدەبی کوردیدا بۆ پێش بەرهەمەکەی (محمەد عەلی کوردی) دەگەڕنەوە کە دەڵێن یەکەم کەســـە لەســـەر بەرهەمەکەی نووســـراوە رۆمان، پێش ئەویش بۆ حاجی قادری کۆی دەگەڕێتەوە، کە یەکەم کەســـە زاراوەی رۆمـــانی لە ئەدەبی کوردی بەکـــارهێنـــاوە وەک لە شیعرێکدا دەڵێت:

لە دەوری ئێمە رۆمان و جەریدە

ئەگەرچی مەقسەدە، زانینی باوە

دوای ئەمانە یەکەم بەرهەم وەک کتێب کە لەسەری نووسرابێت رۆمان، ئەوا (نازە)ی ئیسماعیل رۆژبەیانییە. دوای ئەو لە ساڵی ١٩٨٢ لە شاخ یەکەم کتێب کە لەسەری نووسرابێت رۆمان ئەوا (سەگوەڕ)ی محمەد موکری یە. بەشێک لە رۆمانە کوردییەکان کە لە ساڵانی هەشتاکان چاپکراون:

١- هەرەس، بەشی یەکەم، محەمەد موکری، ساڵی ١٩٨٥.

٢- تۆڵە، محەمەد موکری، ساڵی ١٩٨٥.

٣- هەرەس، بەشی دووەم،محەمەد موکری، ساڵی ١٩٨٧.

٤- کۆچی سور، حەمە کەریم عارف، ساڵی ١٩٨٩.

٥- کێوی مەزن، کاروان عبدالله، ساڵی ١٩٨٩.

٦- شار، بەرگی یەکەم، حوسێن عارف، ساڵی ١٩٨٦.

٧- کوێخا سێوێ، عەزیزی مەلای رەش، ساڵی ١٩٨٦.

٨- کانگای بەلا، حسام بەرزنجی، ساڵی ١٩٨٨.

٩- توانەوە، غەفور ساڵح عەبدوڵڵا، ساڵی ١٩٨٨.

١٠-ماڵئاوا گوڵی خەم، کورتە رۆمان، هیمداد حوســـێن، ســـاڵی ١٩٨٨.

١١- کوردەر، خەسرەو جاف، ساڵی ١٩٨٩.

## جۆرەکانی رۆمان

| | |
|---|---|
| رۆمانی سەرکێشی | (Abendteuerroman) |
| رۆمانی گەیشتن | (Ankunftroman) |
| رۆمانی شەڕ | (Kriegsroman) |
| رۆمانی کات | (Zeitroman) |
| رۆمانی جاسووسی | (Spionageroman) |
| رۆمانی پەروەردەیی | (Bildungroman) |
| رۆمان نامه | (Brifroman) |
| رۆمانی خۆشەویستی | (Liebesroman) |
| رۆمانی هونەری | (Kü nstlerroman) |
| رۆمانی گەشەکردن | (Entwieklungsroman) |
| رۆمانی کۆمەڵایەتی | (gesellschaftsroman) |
| رۆمانی زانکۆی | (Universtä tsroman) |
| رۆمانی دۆکیومێنتی | (Dokumentroman) |
| رۆمانی فەنتازی | (Fantasyroman) |

| | |
|---|---|
| رۆمانی شاری گەورە | (Groß stadtroman) |
| رۆمانی تاوان | (Kriminalroman) |
| مۆبیلەرۆمان | (Handyroman) |
| رۆمانی مێژوویی | (Historischerroman) |
| رۆمانی دژە شەڕ | (Antikriegsroman) |
| رۆمانی ئەزموونگەری | (Experimenttelleroman) |
| رۆمانی ئیرۆتیکی | (Erotikroman) |
| رۆمانی ئاسیایی | (Asiatischerroman) |
| رۆمانی خەیاڵی زانس | (Science Fiction) |
| رۆمانی دەوڵەت | (Staatsroman) |
| رۆمانی قوتابی زانکۆ | (Studentenroman) |
| رۆمانی وەحشی رۆژئاوایی | (Wildwestroman) |
| رۆمانی راستییەکان | (Tatsachenroman) |
| رۆمانی پۆلیسی | (Detektivroman) |
| رۆمانی ترس | (Horrorroman) |

| | |
|---|---|
| رۆمانی جادووی واقیعی | (Magische realismus ) |
| رۆمانی نوێ | (Neuroman) |
| رۆمانی ده‌روونی | (Psychologischroman) |
| رۆمانی ناوچه‌یی | (Regionalroman) |
| رۆمـانی گه‌نجان | (Jugendroman) |

## تەوەری سێیەم
## چەند نموونەیەك لە ڕۆمانی مۆدێرن
## کاندید یا گەشبینی، ڤۆڵتێر

یەکێک لە ڕۆمانە جوانەکانە، کە نووسەری گەورەی فەڕەنسی ڤۆڵتێر نووسیویەتی هەرچەندە دەمێکە ئەو ڕۆمانە نووسراوە، بەڵام چێژ و جوانییەکەی لە دەست نەداوە.

کاندید لە کۆشکی بارۆنێکی ئەڵمانی لە هەرێمی ڤێستفالن باکووری رووباری راین دەژیا، نازانن کوڕی ناشەرعی باڕۆن بوو یا نا، چونکە وەکو کوڕی کچەکەی ناسێندرابوو، کەچی کچەکەی لەگەڵ کەس سەر جێی نەکردبوو.

پانگلۆس کە قەشەیەکی رۆشنفکری کۆشکی بارۆن و ناوچەکەبوو، مامۆستای کاندیدبوو، وانەکانی میتافیزیک، خوداناسی و سیستەمی جیهانی دەگوتەوە. پانگلۆس پێیوابوو: هەموو شتێک لەسەر ئەم زەمینە کە روودەدات باش و خراپ، خێری بۆ مرۆڤ هەیە، وەکو تابلۆیەکە ئەگەر کەمێک رەنگی رەش و سێبەری تێدا نەبێ جوانییەکەی خۆی پێنیشاننادا.

کاندید ژیانێکی زۆر خۆشی لە نێو کۆشک هەبوو، ئەو رۆژەی بارۆن کاندید و کچەکەی (کونیگوندە) لە ژوان دەگرێ لە

باخچەی پشتەوە، لەوکاتە کاندید بە شاپ لە کۆشک دەردەکرێ. دوای ئەوە کاندید دەچێتە ناو هێزی بولگاری، پاشـــان ئەویش جێدەهێڵێت روو دەکاتە پورتوگال لەوێ تووشـــی مامۆســـتاکەی پانگلۆس دەبێتەوە. پانگلۆس دەلێ: دوای دەرکردنی تۆ هێزێکی زۆر هێرشیانکردە سەر کۆشک و بارۆنیان کوشت و ژنەکەیان پارچە پارچە کرد و کونیگوندەشـــیان کوشـــت، هەروەها دەڵێ: دەمەوێت نهێنیەکت پێبڵێم: منش تووشـــی نەخۆشـــی ســـوزەنک بوومە لە ژنی بارۆن! کاندید دەپرســـــێ: بۆ ژنی بارۆن پاک نەبوو؟

قەشە پانگلۆس: با پاک بوو، بەڵام لە قەشەی گەورە و ناسراوی ڤێستفالن تووشی ببوو، ئەویش لە......

دوایی دەگەڕێنەوە بولگاریا، لەوێ زیندانی دەکرێ و پاشـــان بە هۆکاری هەڵگیرســـانی شـــەڕ ئازاد دەبێ، لەم ناوە رووبەڕووی خۆشـەویسـتەکەی (کونیگوندە) دەبێتەوە، بە سـەرسـوڕمانییەوە لێیدەپرســـێ ئەی تۆیان نەکوشـــت؟ کونیگوندە: بەلێ لەو کاتەی بولگارییەکان هاتن سـەربازێکی زل حەزی چووە من و ویسـتی لاقەم بکات، بەڵام من بەرگریم کرد، بۆیە بە چەقۆ لە سـکمیدا، لەو کاتە ئەفسـەرەکەیان هاتە ژوورەوە و سـەربازەکەی کوشـت و منیشی هەڵگرتەوە تا چاکبوومەوە، پاشان منی کردە مەعشوقی

خۆی تا بێزار بوو، ئینجا بە بازرگانێکی هۆڵەندی فرۆشـــتم، ئەویش لەگەڵم بوو تا تێربوو، دوایی بە بازرگانێکی جولەکەی فرۆشتم، ئەو رۆژەش لە بازارٍ تووشـی لێکۆڵەری گەورەی شـار بووم، ئەویش عاشـــقم بوو، داوای کردم، منیش گوتم خاوەنم هەیە، هەواڵی بۆ دۆن ئسـاشـــەری جولەکە نارد، بەڵام رازی نەبوو، لێکۆڵەر گوتی: چیت دەوێ دەیدەمێ، بەڵام ئەگەر رازی نەبی بە هۆکاری ئایینی سـزات دەدەم، دوای وا رێککەوتن، کە رۆژانی دووشـــەممە و چوارشـــەممە و شـــەممە بۆ جولەکە و رۆژەکانی تر بۆ لێکۆڵەربم، بەڵام کێشـــەیان لەســـەر شـــەوی شەممە بۆ یەکشەممە هەبوو لای کامەیان بم.

لەم بەینە جولەکە دۆن هاتە ژوورەوە و گوتی: هەی ســـەگی گالیلی دیارە لێکۆڵەرت بەس نییە ئەوەشـــت هێناوە! چەقۆکەی هەڵکێشـاو رووەو کاندید هێرشـی برد، کاندید زۆر ئازایانە و بێ دوودڵی بە چەقۆکەی لەســـەر زەوی درێژی کرد، شـــەوی یەکشـــەممە بوو، لێکۆڵەریش بەســـەرداهات، کاندید ئەویشـــی کوشت.

کونیگوندە: ئەوە چیت کرد دوو کەست کوشت؟

کاندید: کونیگوندە جوانەکەم، ئەگەر مرۆڤ عاشـقبێ و غیرە بکا و رقیشی لە لێکۆڵەربێ، ئەوە لەو کاتە خۆشی ناناسێ.....

دوای کاندید و کونیگوندە هەڵاتن و لە ڕێگاش کەسێکی تر بووە هاوڕێیان، ئەویش ژنک بوو، کە گومان دەکرێت کچی ناشـەرعی پاپا بێ، لەو کاتەی کونیگوندە نەیویست چیرۆکی تراژیدی خۆی بۆ کچی پـاپـا بگێڕیتەوە، چونکە خۆش ژیـاوە نـاتوانێـت لە مەینەتییەکانی بگات. کەچی کچی پاپا بە کونیگوندەی گوت: گوێبگرە، ئەوەی من بینیومە ناخۆشـــییەکانی تۆ یاری منداڵان بووە، من درابوومە گەورەترین میری ئیتاڵیا، هەروەها جوانترین پیاو، ئەو کراســـەی من لەبەرمدەکرد بۆ یەکشـــەو نرخەکەی لەکۆشـکەکەی بارۆن و بگرە لەتەواوی ڤێسـتفان زیاتربوو. لەو کاتەی منیان لەگەڵ دایک و چەنداین خزمەتکار و پاســەوان بە کەشتی رەوانەی رۆما کرد، لە ڕێگا جەردەکانی دەریا هێرشیان کرد و ئێمەیان رفاند، من کە تا ئەوکاتە کچ بووم، خۆم بۆ پیاوە جوانەکە هەڵگرتبوو، کەچی کاپتنی جەردەکان کە پیاوێکی رەش بوو، منی بردە لای خۆی و لەگەڵم چوە، سـەر جێ، بەڵام چۆن وامزانی دونیا خراپبوو.

کەچی دەیگوت: تۆ شەنست هەیە نەمکوشتی و لە باوەشمگرتی. لەو کاتەی گەیشـــتینە کەنارەکانی مۆرۆکۆ (مەغریب) کۆمەڵە جەردەیەکی تر هێرشـــیان کرد ســـەرمان و هەموو ئەوانەیان کوشـــت و پارچە پارچە کرد کە ئێمەیان رفاندبوو، من لەژێر لاشــەکان هاتمە دەرەوە ئاگام لەهیچ نەمابوو تووشـــی پیاوێک

بووم، منی بردەوە مـــاڵ، گوتی: من نێردراوی پـــاپـــابووم بۆ مەغریب بۆ پاراســـتنی کرســـتیانەکان، هەروەها گوتی: ئەی کچە شازادە شەش ساڵ بەخۆم بەخێوم کردی، منی خستە کەشتییەک گوایە رەوانەی ئیتاڵیام دەکاتەوە، کەچی منی فرۆشتە بەرپرسێک لە جەزائیر، هەر کە منی کڕی، یەکسـەر دەستی بەگەڕانی هەموو ئەفریکا و ئاســـیا و ئەوروپا کرد، بێگومان لەژێر ترس و دەستدرێژی سێکسی و برسییەتی، رووی لە کونیگوندە دەکرد و دەیگوت: بینە بەرچاوت کچی پاپا و کچێکی پازدە ســـاڵی لە ماوەی سێ مانگ خۆی بگرێ لەژێر کۆیلیەتی و دەست درێژی و برسیەتی و شەڕ. دوای کوشتنی بەرپرسەکە، منیان فرۆشتە دەڵاڵێکی جەزائیری، ئەویش منی فرۆشتە توونسییەک، ئەویش بە یەکێکیتر، ئەویش منی فرۆشـــتە تەرابلوس لەوێوە بۆ کۆســـتەنتینۆ بۆ بەرپرســـێکی عوســـمانییەکان، ئەویش دژی رووســـەکان دەجەنگا، دوایی کە رووســـەکان ســـەرکەوتن لەو شـەڕە ئێمە وەکو دیلی جەنگە براینە مۆسکۆ، لەوێ دوو ســاڵ وەکو باخچەوان کارمکرد، پاش ئەو دەســـت و ئەو دەســـتکردن لەوێش رامکرد، هەموو رووســـیا گەڕام، ئینجا چوومە ریگا لە لیتلەند دوای رۆســـتۆک، ڤیزمار، لایپزیک، کاســـل، برێمن، ئوترێخت، لیدین، دێنهاگ، رۆتردام. لەم ناخۆشی و نەخۆشییەدا پیربووم، بەڵام هەر بیرم نەچوو کە من کچی پاپام. هەروەها

ســـەدان جار هەوڵمدا خۆم بکوژم، بەڵام خۆشـــەویســـتی ژیان نەیهێشـــت ســـەرکەوتووبم. لەو وڵاتانەی گەڕام یا منیان برد، دوازدە کەسم بینی دژی ژیانی خۆیان بوون، لەوانە سێ ڕەش پێســـت، چوار بەریتانی، چوار جنێفی لەگەڵ پرۆفیســـۆرێکی ئەڵمانی. دواکەس کە خزمەتم کرد جولەکە دۆن ئیســاشـــەر بوو، کە کاندید لەبەر کونیگوندە ســـکی دڕی. دوای گەیشـــتنیان بە بیۆنس ئایرس لە کاندید جیابۆوە و لەگەڵ کاکامبۆ ڕۆیشـــت و هەموو باشـووری ئەمریکا گەڕا و دوای خۆی بەرەو بۆردۆکس لە فەرەنســـا ڕۆیشـــت پارەشـــی دا بە کاکامبۆ بۆ ئازادکردنی کونیگوندە و بیهێنێ بۆ ڤەلەنســـییا لە ئیتاڵیا لەوێ کاندید چاوەڕوانیانە.

## رۆمانی کتێب دز - مارکوس تسوزاك

گێڕەرەوەی ئەم رۆمانە مردنە کە رۆحی مرۆڤەکان لەگەڵ خۆی دەبات، دەســتپێکی چیرۆکەکە لە ســاڵی ١٩٣٩یە لەرێگای (لیزل میمێنگەر) کە کچێکی تەمن نۆ ســاڵانە. لە ناوچەی مۆلشـینگ لە مونشـن- ئەلمانیا لە سەردەمی نازییەکانە. لیزل دوای راگواستنی دایـک و بـاوکی لەلایەن نـازییەکـان و مردنی براکەی لەلایەن خێزانێکی بەخێوکەر گیرســـایەوە، لەم رۆمانە بە شـــێوەیەکی گشـتی باسـی چەند کتێبێک دەکات یا ناوەرۆکی کتێبەکان نیشـان دەدات، کە لیزل دەیـدزین یـا وەریـدەگرتن، یەکەم کتێـب (گۆڕ هەڵکەنەکان بوو لە نێو بەفر هەڵگرتەوە لە کاتی ناشـتنی براکەی، دووەم کتێب  لە نێو ئاگر هەڵگرتەوە لە کاتی سـووتاندنی کتێب لە لایەن نازییەکان، چونکە نازییەکان پێیانوابوو هەموو ئەوانەی بە ئەدەب و هـونەر پەروەردە دەبـن، مـرۆڤـی لاوازن و دژی کۆمەڵگـای ئەلمـانین. دواتر دزینی چەنـد کتێبێـک لە مـاڵی پارێزگاری شـار، کە کتێبەکانی فاوسـت، سـەگەکە، منارە، مرۆڤ لە قوڕ، خەون گوێزەرەوە، گۆرانیەک لە تاریکی، شـــەڕەکانم. نووســـەر لە رێگای دونیابینی ئەم منداڵەوە لە بارودۆخی ئەو کاتی ئەلمانیا دەڕوانێ، لیزل حەزی دەکرد هەموو شـتێک بزانێت، هەر بۆیە  دواتر کە لە ژێرزەمین بووە هـاوڕێی مـاکس کە کوڕێکی یەهودی بوو، دەیپرســی ئایا دایکم منی خۆش دەوێت؟

ماکس: بێگومان، هەموو دایکێک ڕۆڵەکەی خۆی خۆشـــدەوێت، هەتا دایکی هیتلەریش کوڕەکەی خۆی خۆشـــدەوێت. ئێنجا لە ترسـی نازییەکان لەم ژێرزەمینە شـەڕە بەفریان دەکرد و بووکە بەفرینەیان دورسـت دەکرد، کە لیزل بە سـتل هێنابوویە ژووریێ، ماکس داوای لە لیزل دەکرد بنووسـێت، چونکە ئایینی ئەوان بە هۆی نووسـینەوە ماوە، ئەوان نووسـین بە گەورەترین سـامانی خۆیان دەزانن، بەردەوام هەموو شتێک دەخوێننەوە و دەیانەوێت فێری هەموو شـتێک ببن، بۆیە کەس ناتوانێت لە ناویان بەرێت، لیزل لەم تەمەنە ڕاگواستنی یەهودییەکان و بۆمبابارانی مونشنی بە چاوی خۆی بینی، بۆیە ناوە ناوە لەگەڵ ڕوودی هاوڕێی دەچوونە ناو دارسـتان و هاواریان دەکرد "رقمان لە سـەرۆکە، رقمان لە سەرۆکە"............

## رۆمانی ئیسکەندەر - هێرمان شوڵتز

وەک هۆراس لە زووەوە باســی دراما و داســتانی کردووە، کە دەڵێت: دەبێت داســـتان، یا دراما لە ناوەڕاســـتی ڕووداوەکەوە دەست پێبکات، ئینجا بگەڕێتەوە بۆ سەرەتا و کۆتایی ڕووداوەکە.

هێرمان شـــوڵتز بەهەمان شـــێواز و بنەما کاری کردووە، بەڵام لەمەش گرنگتر لەم رۆمانە بوونی دوو پاڵەوانە (ئەســـاف) لە نیوەی یەکەم و (لەیلە) لە نیوەی دووەمی رۆمانەکە، کەســـیەتی (لەیلە) لە تەواوی ڕووداوەکانی نیوەی یەکەم هیچ پەیوەندییەکی بە کەســـیەتی (ئەســـاف)ەوە نییە و نادیارە، بە هەمان شـــێوە لە نیوەی دووەم، کەسیەتی (ئەساف) زۆر کەم دێتە ناو ڕووداوەکان و ئەوەی کە هەشـــــە بە نائامادە بەشـــــداری دەکات و هیچ پەیوەندییەکی بە کەســـیەتی (لەیلە)وە نییە لە چەند رســـتەیەکی کۆتاییە نەبێت.

ئەســـاف گەنجێکی گوندیی ئەنادۆڵی، دانیشـــتووی ئەڵمانیا، لەیلە کچێکی مۆدێرنی ئەنقەرەیی، لە ژینگەو هەڵســـوکەوت جیاوازن، بەڵام لە کولتور لێک نزیکن. هێرمـان لەم رۆمانەدا هەوڵیداوە باسی ئەو کولتورە تێکەڵەیەی تورکیا بکات لە نێوان ترادیسیۆنی گوندی و شـــارە گەورەکانی تورکیا وەک ئیســـتەنبول و ئەنقەرا، هەروەها هاتنی ئەم کولتورە بۆ ناو کولتوری ئەڵمانی.

ئەســـافی تاقانە بۆ کارکردن دەچێتە ئەڵمانیا بۆ ئەوەی بتوانێت یارمەتی رەئوفی باوکی و عائیشـــــەی دایکی بدات لە گوندی (یەنیکۆیا) کە خەریکن لەرێگای بەخێوکردنی ئاژەڵەوە بە یارمەتی عەلی کە شــوانی مەڕەکانە ژیان دەبەنە ســەر، لە ئەڵمانیا فێری ئەوە دەبێت ســـەلاجە بۆ بەرهەمەکانی باوکی بکڕێت و داوا لە ماڵەوە بکات بۆ پشـوو بچنە لێواری دەریا و هەوڵدەن بە تەکسی هاتوچۆ بکەن و خۆیان زۆر هیلاک نەکەن، بە پێچەوانەوە بیر لە ژیانێکی خۆش بکەنەوە. هەروەها عەلی شــوانی مەڕەکان بە ناچاری هاتۆتە لای رەئوفی باوکی ئەسـاف و سـەرگەردان بووە، کێشـــەی عەلی پێچەوانەی هەموو کێشـــەکانە، چونکە هەموو کەسـێک بەهۆی ئەنجامدانی کارێکی خراپ تووشــی کێشــە دێت، بەڵام عەلی لەبەر ئەوەی ئەو پیاوەی نەکوشــتووە کە خوشــکی خۆشــدەویســت، لە گوندەکەی دەرکراوە و هاتۆتە لای رەئوف کارپات وەک شـوانێکی شارەزا و دەستپاک لەگەڵ چەند منداڵێکی تر کاردەکات، زۆر جار لە ئەشکەوتەکان بەعەرەق خواردنەوە و گێڕانەوەی چیرۆک بۆ منداڵەکان کات بەسەر دەبات.

ئەســاف لە ئەڵمانیا لە شــاری دیزبۆرگ دەکەوێتە ســەرکار، بۆ پشــوو لەگەڵ رازی هاوڕێی دەچێتە بارێک بەناوی (بەرەو داری بەڕوو) ، کە شــوێنی حەســانەوەی مرۆڤە دەروون ماندووەکانە، لەم بارانە دەتوانی لەگەڵ کچێک دابنیشـــیت و قســـە و گاڵتەی

لەگەڵ بکەیت و بە ئارەزووی خۆت دەسـت لە جەسـتەی بدەیت، بەڵام بێزار و نارەحەتی نەکەیت، ئەمەش بەو مەرجە پێکی مەی بۆ بکڕیت، هەر کاتێ تەواوی کرد دەڕوات، یا دەبێ بۆی بانگ بکەیتەوە یاخود چەند خولەکێک لەگەڵی بچیتە ژووری تایبەت، هەموو ئەو شـوێنانە دەسـتور و یاسـای تایبەتی خۆیان هەیە، حکومەتیش پشتگیریان دەکات، لە کاتی پێویست بەزووترین کات پۆلیس دەگاتە ئەو شوێنە.

ئەسـاف لەوێ چاوی بە (ئەگنێس) دەکەوێت کە کچێکی ئەڵمانە و لەو بارە کاردەکات، دوای ئەوەی چەند جارێک وەک هەر میوانێکی ئەو بارە شـەراب و زێکتی بۆ بانگ دەکات و پاشـان لەگەڵی دەخەوێت، شـەیدای دەبێت و پەیوەندی لەگەڵ بەهێز دەکات و دوای کارکردن بەیەکەوە پیاسـەی دەرەوە دەکەن و دەچنە سـینەما، شـەوانە ئەگنێس دەیباتەوە ماڵێ و فێری سـێکسـکردنی دەکات، چونکە ئەو کوڕە گوندییە یەکەم جاریەتی لەگەڵ ژنێک بخەوێت، هەروەها ئەساف سەرەڕای ئەوەی بە پارە لەگەڵ ئەگنێس دەخەوێت، عاشقی دەبێت.

لێرە هێرمان سـەرنجی خوێنەر دەخاتە سـەر ئەو کولتورە شـەرقییەی مرۆڤی تورکی، کە گەنجێک سـەد دەرسـەد دەزانێت کچێک سـۆزانییە و ژیانی لەسـەر ئەم برە پارەیەیە، کە لەم بارە

دەســتی دەکەوێت، کەچی خۆشـیدەوێت، بەڵام کاتێک دەچێتەوە بارەکە کچە لەگەڵ پیاوێکی تر دەبینێت، ناتوانێت دەســتبەرداری ئەو کولتورە بێت، کە پێناســی ژیانی لە چوارچێوەی ژینگەیەکی بچووک بۆ کردووە، ئامادەیە لەو ســـاتە بمرێت نەوەک بەو شـــێوەیە ئەو کچە ببینێت، هەرچەندە ماوەیەکی کەمیشـــە دەیناســـێت، بۆیە بە بتڵ رەدوی پیاوەکە دەنێت و ئەگنێس بەخیانەتکار دادەنێت و بڕیار دەدات ئیتر وازی لێبێنێت و بۆ هەتا هەتایە نەگەڕێتەوە لای. هەر لەم کاتەش دەبووا بۆ خزمەتی ســـەربازی بگەڕێتەوە تورکیا، لەوێش بۆ چیاکانی قەفقازیا و چەرمەسەری سەربازی، گۆڕانی ژیانی ئەساف بە سەد و هەشتا پلە لە بارەکانی ئەڵمانیاوە بۆ چیاکانی قەفقازیا و ئێشــکگرتن لە شتێک کە نازانێت ئامانجەکەی چییە، بەڵام باشترین هەل بوو تا بتوانێت ئەگنێس لە یاد بکات، کەچی بەردەوام بیری لە وردترین شـــت دەکردەوە کە لەگەڵ ئەگنێس کردبووی، لەو مـاوەیە نامەیەکی لە رازی هاوڕێی پێگەیشــت، کە نووسـیبووی: ئەگنێس زگی هەیە و دەڵێن لە کوڕێکی تورکە. ئەســـاف بە تەواوەتی دەشڵەژێو بە نائارامی رۆژەکان دەژمێرێ، تا کۆتایی بە خزمەتی ســـەربازی بێت و بگەڕێتەوە ئەڵمانیا و بەدوای منداڵەکەی بگەڕێت.

دوای تەوابوونی ئەو ماوەیە، ئەساف لەجیاتی سەردانی دایک و باوکی بکات گەڕایەوە فرانکفۆرت بۆ لای رازی هاوڕێی کە هاتبووە ئەو شارە، رازی زۆر هەوڵدەدات قەناعەت بۆ ئەساف دروست بکات واز لەم کچە بێنێت، چونکە ناتوانن بەیەکەوە بژیێن، ئەو ژنە وەکو ژنەکانی تورک نییە لەماڵەوە دابنیشێت، بەڵکو حەزی لە نێو خەڵک و ژیانێکی پڕ جموجۆڵە، هەروەها ناتوانێت لە گوندی (یەنیکۆیا) لەگەڵ بزن و مەڕ بژێت، تۆش ناتوانیت وەکو ئەڵمانێک لەگەڵ ئەگنێس ژیان بەسەر بەریت، بەڵام ئەساف گوێی پێ نادا و دەچێتە دیزبۆرگ و لەوێش بۆ باڕی (بەرەو داری بەڕوو) بەڵام ئەگنێس لەوێ نەماوە، دوای هەوڵێکی زۆر بۆی دەردەکەوێت کە ئەگنێس بە رووداوی ئۆتومبێل مردووە و منداڵەکەشی پێش رووداوەکە بردۆتە نەخۆشخانەی دەروونی منداڵان، بەهۆی گۆشەگیری و قسە نەکردن و توڕەبوون. هەرچەندە رازی هاوڕێی بەردەوام هەوڵدەدات ئەساف رازیکات واز لەو منداڵە بێنێت و خۆی تووشی کێشە نەکات، بەڵام ئەساف وەک شێت لە هەموو شار و شارۆچکەکان یەکە یەکەی نەخۆشخانەکان دەگەڕێت، چونکە ناوی منداڵەکە نازانێت، سەرەنجام لە نەخۆشخانەیەکی چاکسازی منداڵان، منداڵێک بە ناوی (ئەلیکساندەر) و دایکی بە ناوی (ئەگنێس لیمەن) دەدۆزێتەوە، بەڵام ناوی باوکی نییە نازانن باوکی کێیە؟

ئەســـاف بە هەموو شـــێوەیەک دەیەوێت ئەلیکســـاندەری کوڕی بگەڕێنیتەوە لای خۆی، بەڵام دکتۆر (گایگەر) ئامادە نییە بەبێ بەڵگە و ســـەلماندنی باوکایەتی لەلایەن ئەســـافەوە ئەلیکســـاندەر بداتە دەست تورکێک کە نازانێت کێیە.

ئەســـــاف هەوڵدەدات پارە بداتە دکتۆر گایگەر، بەڵام دکتۆر گایگەر نەک وەریناگرێت، بەڵکو زۆری پێ ســــەیرە پیاوێک پارەیەکی زۆری لە گیرفانە پێیدەڵێت: هەڵیگرە من بە خۆڕایی لێرە کارناکام مووچەی خۆم هەیە، ئەوەی پێویســت بێت دەیکەم بۆ هەموو منـدالەکـان بەبێ ئەوەی کەس داوام لێبکـات، ئەو منداڵەش نەخۆشە دەبێت لە ژێر چاودێری بێت.

ئەسـاف دوای ماوەیەکی زۆر بێ ئومێد دەبێت لە وەرگرتنەوەی ئەلیکســــاندەر، شـــــەوێک لەگەڵ رازی هاوڕێ دەچن منداڵەکە دەڕفێنن و بە پاسـەپۆرتی ساختە و بە ئۆتومبێل سنووری چەند وڵاتێک دەبڕن و دەیبەنە تورکیا و لەوێش بۆ گوندی یەنیکۆیا لای رەئوف و عائیشـــە ی دایە گەورە و بابە گەورە، ئەســـاف و رازی بە پەلە دەگەڕێنەوە ئەڵمانیا.

ئەلیکسـاندەر وردە وردە لە ژینگەکە رادێ و لەگەڵ عەلی دەبێت بە شـوانێکی ئازا و زیندوو، خۆشـەویسـتی رەئوف و عایشـە و فێری زمـانی تورکی دەبێـت. دوای مـاوەیەک رەئوف کـارپـات

نامەیەکی لە کونسـولْخانەی ئەڵمانی بۆ دێت و نووسـراوە: ئێوە منداڵێکی ئەڵمانتان لایە و نەخۆشـــی دەروونی هەیە، ئەم جۆرە نەخۆشـــخانەیەش لە تورکیا نییە، بۆیە دەبێت بەزووترین کات بگەڕێنـدرێتەوە بۆ ئەڵمـانیـا، لەم مـاوەیەش کـارەمەنـدێکی کونسولْخانە سەردانتان دەکات بۆ گەڕاندنەوەی ئەو منداڵە.

رەئوف تووشـــی دڵەڕاوکێ دەبێت نازانێت مەبەســـتیان لە نەخۆشـی دەروونی چیە و شـتی وای گوێ لێنەبووە، هەروەها ئەو کەســەی نامەکەشـــی بۆ دەخوێنێتەوە نازانێت مانای ئەمە چییە، کارپات لەگەڵ عائیشـە زۆر نیگەران دەبن، شـەو و رۆژیان تێکەڵ دەبێت، هەموو ئومێدێکیان بەم کوڕە بوو دوای ئەســاف، کە ببێتە شـوانێکی باش و چاونەترس، ئێستاش نەوەکەیان جێیان دەهێڵێت.

نیوەی دووەمی رۆمانەکە بە خۆئامادەکردن بۆ کۆنسێرت دەست پێدەکات، بۆ ئەمەش (فاهرونوزا) بۆ کۆنســێرتەکە داوەتی (پاول لانگنبێرگ) لە ئەڵمانیاوە بۆ ئەنقەرە دەکات، پاول مۆسـیقاژەنێکی گۆشـــەگیری هامبۆرگی بێنەوا دەگاتە ماڵی فاهرونوزا کە لەگەڵ فەخریەی کچی و لەیلەی نەوەی بەیەکەوە دەژێن، لەگەڵ پاول لە باڵکۆنەکە بە یەکەوە شەراب دەخۆنەوە و سەیری دیمەنی شاری ئەنقەرە دەکەن و ئەوانیش ماوەیەک لە ئەڵمانیا ژیاون، بۆیە بە

ئەڵمانی گفتوگۆ دەکەن، پاشـــان لەیلە بە پاول دەڵێت: هەفتەیەک پشـــووم هەیە دەتوانین پیاســـەیەکی دەریای رەش بکەین، بەڵام پێش ئەمە کارێکم پێســـپێردراوە شـــەو و رۆژێک دەخایەنێت ئەنجامی دەدەم، ئینجا ســـەفەرەکەمان دەکەین. لەیلە پاول لەگەڵ خۆی دەبات بەبێ ئەوەی دایک و داپیرەی شـتێک بڵێن، لەرێگا بە پاول دەڵێت کە لە کونســـوڵخانەی ئەڵمانیا کاردەکات و دوایان لێکردووە بچێت لە گوندی یەنیکۆیا منداڵێکی ئەڵمانی نەخۆش هەیە بیهێنێتەوە، لەبەر ئەوەی هیـچ گرژییـــەکیش نییە بۆیە پێویستی بە پۆلیس نەکرد.

شەوەکەی لە هوتێلێکی لۆکاڵی لادەدەن، پاول دەبینێت هەر یەک ژوور و یەک تەختی خەوی دووکەســـــی هەیە و کولەیەکی بەسەردا شۆڕبۆتەوە، پاول دەکەوێتە بارێکی نائاسایی، کە لەگەڵ کچێکی تورکی ئیســـلام لە تورکیا لەســـەر یەک تەختەی خەو، شـــتێکی ئاســـایی و نۆرماڵ نییە، بەڵام کە لەیلە دێتەوە ژووری تێگەیشـــــتنی پاول پێچەوانە دەبێتەوە، چونکە لەیلە بەبێ هیچ پێشینەیەک جلەکانی دادەکەنێت و داواش لە پاول دەکات لەســەر تەختەکە لەگەڵی بخەوێـت، ئیتر لەم شــــەوەوە پـاول لەیلەی خۆشدەوێت.

بەیانی دەســت بەڕۆیشــتن دەکەنەوە تا دەگەنە ســەر رووباری زەکەریا لەوێ پشـــوویەکی تر لە رۆخی رووبارەکە دەدەن و جـارێکی تر دەچنەوە بـاوەشـــی یەکتری، لە نـاکـاو لەلایەن شـوانەکانی ناوچەکە بەرد باران دەکرێن و رادەکەن، لەم سـاتە پاول واقورِماو ســەیری لەیلە دەکات و دەپرسـێت: بۆچی رێگە دەدەی خەڵک سـووکایەتی بە کچێکی مۆدێرنی وەک تۆ بکات لە وڵاتێک کە وڵاتی خۆتە، بانگی پۆلیس بکە!

لەیلە پێدەکەنێ و دەڵێت: پۆلیس بێت ئێمە دەســـتگیر دەکات، چونکە ئێمە ســـووکایەتیمان بە ئەوان کردووە، ئێرە خاوەن ترادیسـیۆنێکی تایبەتە دەبێت رێزیان بگیرێت، تورکیا هەموو کات خەڵکی جیاوازی تێدابووە و هەرواش دەبێت.

ئیتر کێشـەی لەیلە و پاول لەسـەر ئەم رووداوە بەردەوام دەبێت تـا دەگەنە گونـدی یەنیکۆنا لەوێ بۆ لای ماڵی رەئوف، لەوێ عایشـــە و رەئوف بە چاوی پڕ لە فرمێســـک ئەلیکســـاندەری خۆشـــەویســـت و کوڕی ئەســـافی تاقانەیان ئامادە کردووە و چاوەڕوانی هاتنی کارمەندی کونســـوڵخانەبوون، لەیلە و پاول سـەریان سـوڕ دەمێنێت، کە بەبێ کێشە منداڵەکە رادەستی ئەوان دەکەن، کاتێ رەئوف ئەلیکسـاندەری سـواری ئوتومبێلەکەکرد بە

لەیلەی گوت: خوا چی لە چارەنووسـی ئەو کوڕە نووسیبێت هەر ئەوەیە، بەڵام لە هیچ جێگەیەکیش وەکو ئێرە خزمەتی ناکرێت.

لەرێگای گەڕانەوە پاول و لەیلە گۆرانی بۆ یەکتر دەڵێن و چەند پشـــووێکی تر دەدەن تا دەگەنە ئیســـتەنبول، بۆ دڵنیایی لەیلە تەلەفۆن بۆ کونســـوڵخانە دەکات، تا ئاگاداریان بکاتەوە، کە منداڵەکەیان هێناوە. کەچی دوای تەلەفۆنەکە سـواری ئوتومبێلەکە بوون و لەیلە هەمان رێگای گرتەوەبەر کە لێی هاتبوون، پاول بەسەرنجەوە دەڵێ: ئەو رێگایە هەڵەیە.

کەچی لەیلە بـــەتورەییەوە دەڵێـت: نەخێر هەڵە نییە، بەڵکو ئەلیکسـاندەر دەگەڕێنمەوە لای دایەگەورە و بابە گەورەی، ئەوانە دەیانەوێت بیبەنەوە ئەڵمانیا و بۆ نەخۆشـــخانەی دەروونی، خۆ ئەم کوڕە نەخۆش نییە، لەوێ زیاتر شـێتی دەکەن، کەس گرینگی پێنادات و کەس قســـەی لەگەڵ ناکات، لێرە کەس و کاری خۆی هەیە و هیچ کێشـــــەیەکی نییە، بۆچی بچێتەوە ئەڵمـانیـا، من بەشـــداری ئەم تاوانە ناکەم، باوکی دەتوانێت بێتەوە باوکایەتی خۆی بســـەلمێنێت. کەچی پاول بۆچوونی جیاوازبوو، داوایدەکرد لەیلە خۆی تووشـــی کێشـــەیەک نەکات، کە پەیوەندی بە ئەمەوە نییە، پاشـــان لە ســـەر کار دەردەکرێت و ژیانی تێکدەچێت، پاول لەبەر خۆشـــەویســـتی لەیلە و بە کاریگەری لەیلە بە تایبەتی کە

دەیگوت: شــتی زۆر خراپ لەم دونیایە هەیە ئێمەش هەندێکمان بەردەکەوێت، تۆش هەموو کۆنســێرتەکانت لە دونیایەکی خراپ پێشــکەش دەکەیت، تۆ کاتێک دەبیتە مۆســیقاژەنێکی باش ئەگەر خۆت و مۆسـیقاکەت نەخزێنە ژێر خانەیەکەوە، ئەگەر شـەنست هەبێت ئەلیکســــاندەر یادت دەکاتەوە، پێدەچێت کە بۆ یەکەم جاربێت ژیان شتێکی وای بۆ رەخساندبێت.

ئیتر گەڕانەوە و تەلەفۆنی بۆ ئەســـاف کرد بە زووترین کات بگەڕێتەوە بۆ تورکیا و کێشـــەکەی لەوێ چارەســـەر بکات، بە کونسـولخانەشـی گوت: هیچ منداڵێک بەو ناوە لەو گوندە نەبوو. ئینجا پاول بە پیانۆکەی فاهرونوزا مەشــقی دەکرد و کارەکانی باخ و بتهۆڤن و ڤاگنەری نمایش دەکرد خۆی بۆ کۆنســێرتەکە ئامادە دەکرد.

دوای دوو رۆژ ئەساف و رازی هاوڕێی ئەلیکساندەر هاتنە لای لەیلە و پاول، لەیلە داوای کرد، بە زووترین کات بچێت لە تاقیگە باوکاتی خۆی بسـەلمێنێت، ئەگەریش گومانی هەیە، ئەوە بە دوو ســـێ هەزار دۆلار دەتوانێـت کـارەکە وەکو خۆی دەیەوێـت پێکیبهێنێت، رازی گوتی بە پارەکە باشترە، بەڵام ئەساف قبووڵی نەکرد و بڕیـاری دا بە فەرمی بیکـات، لە تـاقیگە خوێنی ئەلیکسـاندەر و ئەسـافیان وەرگرت و داوایانکرد چاوەڕێ بکەن،

بەڵام رازی بە فێری تەوالێـت خـۆی دزیەوە و چووە لای دکتۆرەکان بە ناوی لەیلەوە قسـەیکرد تا بە پارە یەکسـەر و بێ پشـکنین پسـوولەکەی بۆ بکەن، ئەمانیش قبوڵیانکرد و هەر لەوێ پسـوولەیەکیان بۆ نووسـی و دایانە دەسـتی، ئەویش گەڕایەوە لای ئەساف و گوتی ئەوەتە کارەکە تەواوبوو با بڕۆین.

## رۆمانی حیکایەتەکانی باوکم، فەرهاد پیربالْ

مرۆڤ و هەموو بوونەوەرێکی عاقڵ وەک ئامانج بۆ خۆی هەیە، نەک وەکو کەرســتە بۆ بیناســازی بەکارهێنان لەلایەن ئەم یان ئەوەی دییەوە. (کانت).

رۆمانەکە بە ڕستەیەک دەست پێدەکات، دەڵێ "من لەوەتەی هەم و بە بیرمدێ هەولێر شــەڕی تێدا نەبڕاوەتەوە". لە کۆتایەکەشــدا بەهەمان ڕســتە ماڵئاوایی دەکات (ژیان گشــتی دەردی ســەرە) کێشــەی گەورە لای نووســەر نەبوونی ئازادییە چ لەلایەن حاکمە یەک لەدوای یەکەکانی هەولێر جا تورکە عوســمانییەکان بن، یا ئینگلیزەکان، یا باوک و مەلا و ئاغاو سەرۆک عەشیرەتەکان بن، پێیوایە ئێمە گەر بخوازین ئــازادبین دەبێ بمرین، ڕێگە بە شــارنشــیینەکان نادرێت وەکو دۆم و قەرەجەکان ترادیســیۆنێکی بەهەشــتی بۆ خۆیان ئافەریدە بکەن، "شــەهمیرزاد" ئاسـا بوێر و دڵڕفێن بێن دڵی شــەهابەکان خۆش بکەین و دەنکە مەرجانەکان ببەخشینە خۆشەویستەکانمان.

ئامادەبوونی نووســەر لە ڕۆمانەکە کە دەوری پیربالْ دەگێڕێت، بۆ ئەو زانیاری و شتە وردانەی ژیانی کەسـەکانی ناو ڕۆمانەکە دەگەڕێتەوە، هەرچەندە هەندێک جار کەســـەکانی تر رۆڵی گێڕانەوە دەبینن. ئەگەر چی حیکـایەتەکـان پـاڵەوانی زۆرە و

پەلوپۆی بۆ گەلێک بابەت راکێشـــاوە کە بۆ ماوەی زەمەنێکی دیاریکراو بەدی دەکرێت.

(کەمن ئەوانەی کە لە مێژوو دەرس وەردەگرن، ئەوانەش کە دەرس لە مێژوو وەرناگرن فەرمانی دووبارەکردنەوەی مێژوویان بەســـەردادراوە). ڕەشـــبینی و بێ تاقەتی عەزە تورگ بەرامبەر ژیان و سـەیرکردنی وەکو جاسـووسـێکی گوناح، بەڵام نووسـەر بەخۆی دژی گوناحە، ئەمەش بۆ خراپی گوزەرانی ژیانی ئەو خەڵکە دەگەڕێتەوە و ناچاربونە لەپێناوی مانەوەی خۆیان وەکو مرۆڤ پەنـا بەرنە بەر کۆمەڵێـک رێگە، کە رەنگە ئەســـڵەن بڕواشـــیان پێنەبێت، بەڵام بەدوای شـــتێکی باشـــتر گەڕاون لە کەلەشـــی کەر و ئەســـپی تۆپیو بۆ تێرکردنی ســـکی برســـیان، ماکیاڤیلی دەڵێت: کەســـانی ئاســـایی لەیەکگرتندا بەهێزن، بەڵام لەڕاســـتیدا بی هێزن. هەروەها ئەو عەشـــقەی عەزە تورگ بۆ نەتاشـــە، بێ بەشـــی مرۆڤی کوردە لە پراکتیزەکردنی ئازادی، ســـادەیی ئەو مرۆڤانەیە، وەکو ئەفســـەرە رووســـەکە بە تورکە دیلەکە دەڵێت: ئێوە دەماری کوردانتان باش ناسیوە.

دژایەتی شێخ مەحمود بەرامبەر ئینگلیزەکان و پشتگیری کردنی عوســـمانییە کورد کوژەکان و بیرکردنەوەی هەولێرنیشـــینەکان بەپێچەوانەوە.

بینینی قودسـیەت لەناخی کەسـەکانی ناو ڕۆمان و تێکشـکاندنی قودسـیەتی خەیاڵ و فەنتازیا، بە موسـڵمان بوونی مام هاڕوونی جولەکە، لە ژێر کاریگەری دەنگی شەهابە و مەقاماتی شەهابە لە مەرقەدی شـێخ عەبدولقادری گەیلانی و دەسـت هەڵگرتن لە دەسـتنوێژ شـووشـتن لەبەر دەنگی شـەهابە، نەفرەت لێ کردنی حاجی پووشـۆ لە هەموو ژنی دونیا، "شـڤوڵ[*]"ی کاپتن های گەورە لێپرسـراوی ئینگلیز، تووشـبوونی شـەهابە بەنەخۆشـی سـوزەنەک و بە کارهێنانی کۆمەڵێک مۆرفیم و دەسـتەواژەی ناو شـار لە ناو ڕۆمان، ڕێچکەیەکی سـەربەسـت و بوێرانە ئاشکرادەکات، ئەگەر نووسـەرانی تریش پێی ئاشنان، بەڵام زیاتر هەوڵیانداوە بە سیمبول و هێما دەریبڕن.

نووسـەر لەو کاتانەی دەیەوێت باس لە کێشـە سـایکۆلۆژی و دەروونییەکان بکات تەماشـادەکەین ڕۆمانەکە پڕە لە دیالۆگ، دیالۆگەکانیش میتۆدێکی سۆسیۆلژییان لە پشتەوەیە، دیالۆگ لەم ڕۆمانە سـروشـتێکی درامی هەیە. نیشـاندانی جەندرمەی تورکی وەک گورگی برسـی و تالانکردنی ماڵان و کاولکردنی مزگەوتی گەورە و دەربەدەر کردنی مەلا جبرائیلی گەڵیـاوەیی و مەلا هیندۆ.

---

[*] - شڤوڵ : هاوجنسی پیاو

هەمان کارو کردەوەن کە تورکەکان لە دورگەی کرێتی یۆنانی لە تێکدانی کڵێســا و ئازاردانی قەشــەکان لە رۆمانی ئازادی یا مەرگ (نیکۆس کازانتزاکی) بەڵام لەویَ پاڵەوان (مێکلێس) بەتەنیا دژایەتیان دەکات و دەســـت لەگەڵ ئامینەی ژنی نووری بەگ لێپرسراوی تورکەکان تێکەڵ دەکات.

کاتیَ (کاپتن های) حاکمی هەولێر بۆ تێرکردنی ئارەزووەکانی، نەجمەدین باشچاوشی پۆلیس سواری خۆی دەکات و هەڕەشەی ئەوەشــی لیَ دەکات هەرکاتێک دڵخۆشــی نەکات یا بڕوا و جێی بێڵێت، ئەوە تووشــی توندترین سـزا دەبێت، وەکو حەسـەنە شـەل لەبەردەم خەڵک لە سـێدارە دەدرێت. ئەم جۆرە هەڕەشــە یا ئەم رۆڵـە نێگەتیڤەی کاپتن های لەڕووی ســـێکســـەوە بەرامبەر نەجمەدین باشـچاوش جۆرێکە لە خۆشـەویستی، بەڵام بەمەرجیَ لایەنە پۆزەتیڤەکەش رازیبێت، خۆ ئەگەر نەجمەدین باشـــچاوش بەجدی دژی ئەم پەیوەندیە شـازە بایە و پشـتگیری جنسـی ژنی کردبایە، ئەوە بێگومان وەکو "ڤالۆن " بە چەقۆ ســـکی "بیڵ" ی ســـــەرکردەی مـافیـاکـانی (نیۆرک)ی هەڵـدەدڕی، نەک هەموو شــەوێک لەلای کاپتن های بمێنێتەوە، بە بی هیچ کاردانەوەیەک، هەرچەندە دەبینین "ســـەلما "ی خێزانی بە هەموو شـــێوەیەک بێزاری خۆی دەردەبڕێت، هەوڵدەدات بۆ بردنەوەی مێردەکەی لە کـاپتن های، دەچێتە لای گوڵخەندانی فاڵچی، لێرەدا بێهێزی

پەیوەندی نێوان نەجمەدین باشــچاوش و ســـەلما بەتەواوەتی ئاشکرادەبێت.

رەنگە نەجمەدین باشــچاوش ئەو نیازەی هەبووبێت کە دەڵێت (مرۆڤ پێویســتە بەخێر شــەڕ کەم بکاتەوە) کە ئینگلیزەکان لە هەولێر هەڵیانگیرساندبوو. یا سوڵتان محەمەد کە پیاوێکی سادی و دڵ پیس بووە بەرامبەر ژنەکـانی نێو حەرەمســــەرا، بۆیە هەڵســاوە بەخەســاندنی پیاوەکانی ئەم ناوە، بەڵام لە ئاســت ژنەکـان بێـدەنگە هەرچەنـدە ئەوانیش خەریکی تێرکردنی حەزەکانی یەکترین بەتەواوەتی ڕەشــبین بوونە بەرامبەر پیاو و بوونەتە "لێســبیش[*]"، یەک لەمانە مام موراد موهاجیری چایچی بووە، بەڵام نەیتوانیوە ئەو دڵە جوانەی لی بستێنێت کە دوایی بۆ سەهیۆن دەسووتا.

مــام موراد موهــاجیر هەموو ئەو کەســــانەی کە دەهــاتنە چایخانەکەی خۆشیدەویستن، بەڵام بەرامبەر سـەهیۆن جۆرێکی تر بوو، مەدحکردن و بەردەوام گێڕانەوەی حیکـایەتی خەونی سەهیۆن و تەرکیزکردن لەسەر شوێن و کورسییەکەی سەهیۆن چێژێکی گەورەی بە مــام موراد موهــاجبیر دەبەخشـــی و شــاگەشــکەی دەکرد، خەونەکەی ســـەهیۆن بۆ مام موراد

---

[*] - لێسبیش : هاوجنسی ژن

مەرگەســات بوو، بەڵام لەگەڵ ئەمەش هەر خۆشــیدەویســت و حەزی دەکرد خەونەکەی بێتەدی.

"ئەو پیاوەی کە حەقی خۆشدەوێت، باشترە لەو پیاوەی کە حەق دەناســێت" نەهاتنە دی خەونەکەی شـــەهابە و بێزاربوونی لە هەولێر و دورســـتکردنی دۆســـتـایەتی لەگەڵ مـاڵە دۆم و قەرەجەکانی دەرەوەی ســـەنتەر و جلوبەرگە کۆن و گیرفانە بەتاڵەکەی وایان لە شـــەهابە نەکرد متمانەی بەخۆی نەمێنێت، بەڵکو هێشـــتان شـــەهابە خۆی بەکەس نەدەدا لەکاتی گۆرانی گوتن وەکو "بـالتـازار، خۆی بە (کـارلۆس و فلیـپ) نەدەدا کە پاشـای ئیسـپانیا و فەرەنسـابوون کاردانەوەی بەرامبەر مەلاکان و رق هەڵســـانی بەرامبەر بەو خۆ تێوەگلاندنەیان لە ئازادی کەسـەکان" مرۆڤ پێویستی بەو ناوەندە نییە کە لە نێوان مرۆڤ و خودا هەیە "بۆیە ناتوانێت چیتر لە هەولێرێکی مردوو بژێت، "مانەوەی زۆر لە شـوێنێک دڵ دەمرێت" کەچی ئەمە وای لە مەلا فەندی نەکرد دەست لە خۆشـەویستی خۆی هەڵگرێت، بەرامبەر شـەهابە، وای لێ نەکرد چیتر جێگەی نەبێتەوە لە نێو حوجرە، بە پێچەوانەوە شـــەهــابە تــاکە کەس بوو بتوانێـت لە حوجرە بخواتەوەو بە دەنگە زوڵاڵەکەی بانگ بدات و پەیوەندی لەگەڵ ژنە دۆمەکان دابنێت و هاموشـۆیان بکات، پەرستنی شـەهابە و دەنگە خۆشـــەکەی بەم شـــێوەیە لەلایەن مەلا فەندی عالەمێکی

جوانی ئەو کاتەمان بۆ وێنە دەکات، بێزارکردنی شـــەهابەش لەلایەن مەلا فەندی لەترســـی ئەوە بوو کە شـــەهابە لە بەغدا رەدوی ئوم کەلســـوم کەوێت و نە گەڕێتەوە، نەوەک ئازاردانی شـەهابە و تێنەگەیشتنی مەلا فەندی بێت لەو محەللەبیەی کە ئوم کەلسوم بە شەهابەی دا، بێ هێزبوونی ئەم پەیوەندییە لەئەنجامی گەڕاندنەوەی شـــەهابە لە بەغدا، هاوشـــێوەی لێدانی ڤێرلینە لە کاتی دوورکەوتنەوەی رامبۆ.

لەناخی خۆماندا خاوەنی شـــتێکین کە بەنرخترین ســـەرمایەیە، شـــتێکی بەهێز و گەورە چاوەڕێی ئەوەمان لێدەکات کە ببینە هاوڕێی و بیناســـین و ســـوودمان پێ بگەیەنێت، ئەو شـــتە نەناسراوە دەروونی خۆمانە.

نووسـەر لە کەسـایەتی حاجی پووشـۆ بە شـوەیەکی سـوریالی واقیعێکی بـالاتر لە واقیعی حەقیقیمـان، لە رێگەی خەونەکەی نیشـــان دەدات، لێرەدا دەســـتڕەنگینی و وردی بیرکرنەوە و تاقیکردنەوە هەسـتپێکراوەکانمان بە شـێنەیی بۆ ئاشـکرا دەبێت، حاجی پووشـۆ مەسـیح ئاسـا " ژن و عەتر و دەنگی خۆشـی " خۆشـدەویسـت، پیاوێکی قۆز و دڵ سـاف و خانەدان، خاوەن سـەرو ماڵێکی زۆر و یەکێک لە گەورە پیاوانی هەولێرە، دەنگێک لەناخییەوە پێی دەڵێت: بەڵقیســی ژنت خیانەتت لێ دەکات، بەڵام

لێرەدا لە خەون لە شێوەی وێنەی جوڵاوی شێواو خۆی نیشان دەدات، لە سەرەتای خەونەکە عەلی گاور دەستی بەڵقیس خان دەگرێت، پاشان عەلی گاور ون دەبێت، سەلیم سەقا سێکس لەگەڵ بەڵقیس خان دەکات لە سەر کورسیە تایبەتیەکەی حاجی پوشۆ، سەرەتا خۆشەویستی لەرادەبەدەری حاجی پوشۆ بەرامبەر ژن کە دەڵێ: ژن نیعمەتی خودایە، هەموو سامان و غارغارانێکی پیاو تەنیا خۆئامادەکردنێکی سەرەتاییە، لەپێناوی چێژوەرگرتنە لەژن.

بەڵام دوایی گومانێک یا خەونێک، ژن دەکاتە ناشیرنترین کائین و بە تورەییەکی رەها رەت دەکرێتەوە، لە کۆمەڵگەی باوک سالاری بەتایبەتی و لە هەموو عالەم بەگشتی، خیانەتکردنی ژن لە مێرد، یا گومانکردنی پیاو لە ژنەکەی خۆی، دەبێتە هۆی هەڵگیرسانی شەڕێکی گەورە لە ناخو دەروونی پیاودا و تووشی غەم و خەمۆکێکی بێ بەرامبەری دەکات، چونکە پیاو هەرچەندە بەهێز و خانەدان و هۆشمەند بێت، کە ژنەکەی خیانەتی لێکرد دەبێتە کەسێکی لاواز و ناشایستە و سەرشۆڕ بەمانای خودی خۆی یا بڵێین شۆکێکی گەورە، رەنگە ئەمە حاڵەتی ناوێزەشی هەبێت، لێرەدا بەڵقیسخان نموونەی هەموو ئەو ژنانەیە کە بەبێ بیرکردنەوە گەمەیەکی بە ئازارتر لە مستەکۆڵە لەنێوان پیاوەکان و رکابەرێکی نیمچە شارەوە دروست دەکەن، بەخۆشیان ڕۆلی

ناوبژیوان دەگێڕن، ئەم یارییە یا گەمەیە لە جیهانی ئافرەت بەگشتی زۆر باوە، رەنگە پیاو ئەو حەزەی هەبێت یا بەشداربێت، بەڵام بەم شـێوە تراژیدیا نییە وەکو دەڵێ: ئێمەی پیاو ناتوانین وەک ژن لە دوو جیهانی دژ بەیەکتریدا بژین، بەڵام ژن دەتوانێت خیانەت لەخۆشەویستی و ڕۆحمان بکەن و لەگەڵ جەستەشماندا بمێنەوە.

تێکەڵاوبوون لەگەڵ سـەلیم سـەقای کەچەڵی ئاو فرۆش و فرێدانی حاجی پووشـۆی کەشـخە و بازرگان، بەدەرە لە هەموو لۆژیک و فەلسـەفەیەک، ئەمە تیۆرێکە تایبەتە بە ژن، هیچ پیاوێک ناتوانێت تەفسـیری بکات، ئێمە تەنیا دەتوانین جوان و بەهێز و سـێکسـی و خانەدان و دڵسـۆز و پارەدار و دانا و گەشـبین و کراوە و دڵخۆشـی بە ژن نیشـاندەین، بەڵام ئەگەر بەڵقیس خان بە ماندووبوونی سەلیم سەقا یا بە پڕکردنی مەنجەڵ و کوپەکانی لە ئاو یاخود سـک پێ سـووتانی لەو کاتەی غەریب غەریب بە کۆڵانەکە دەسووڕێتەوە.

گەڕانەوەی لەناکاوی حاجی پووشـۆ بۆ ماڵەوە تا بزانێت بەڵقیسـخان چی دەکات، لێرەدا ورەووژاندنی مەزنترین کێشـەی دەروونی مرۆڤی کوردییە، هەسـتیارترین و وردترین گومانی پیاوی نەخۆشـە "مووی پرچی بەڵقیس و بۆنە تایبەتییەکەی، کە

تەنیا پیاوەکەی دەتوانێت هەســتی پێبکات، جوانترین ســینارۆش ئەوەیە کاتێ بەڵقیســخان دەموچاوی ســور هەلگەڕاوە و هەموو فۆنیمەکان لە ســـــاتێکی کورت بە گڕی دەردەبڕدرێن، نەمانی متمانە لای حاجی پووشـۆ تا ئەو ڕادەیەی بڵێت: تۆ ژنی ئەویت چیتر ژنی من نیت" نەفرەت لەو دڵەی کە دڵم دەخاتە نالین " نووسـەر لە ڕێگەی گێڕانەوەکانی بە پشت بەستن بەمێژوو، فیکر و هونەری ئازادانەی خۆی دەردەخات و رەخنەی ئەوەمان لێ دەگرێت کە دەڵێت: هیچ کەسێک لەم شارە متمانەی بەخۆی نییە، جەســارەت ناکات یاخیبێت، "ئێمە گیانی کارکردنمان تێدا لاوازە ، بیرکردنەوەشمان نەزۆکە".

## رۆمانی

## حاڵەتە ناوێزەکەی بنیامین بوتۆ، ئیریك رۆس

لەم رۆمانە یاخود بڵێین (ئێریک) هەوڵی داوە ژیان پێچەوانە بکاتەوە، رووبەڕووی مەرگ بێتەوە لە پێناو کوڕە تاقانەکەی، (کلارک)ی نابینا، لەو کاتەی لە جەنگی یەکەمی جیهانی کوڕەکەی بەســۆزەوە بۆ بەرەکانی جەنگ بەڕێدەکات، کەچی دوای چەند مانگێک لە جیاتی کوڕە تاقانەکەی تەرمێکی ســاردوســڕی بێ رۆحی بۆ دێتەوە، ئەویش دەیەوێت دژایەتی ئەو قەدەر و واقیعە بکات و کوڕەکەی بگەڕێنێتەوە باوەشـــی، لە رێگای دروســـت کردنی کــاتژمێرێکی گەورە بۆ پێش وێســـتگەی ســـەرەکی شەمەندەفەری شاری نیویۆرک.

لە رۆژی پەردە لەســەر لادانی ئەم کاتژمێرە، بە ئامادە بوونی رۆزڤێلتی سـەرۆکی ئەمریکا، ئەوەی جێگای سـەرنجە، ئەوەیە کە ئەو پیاوە نابینایە کاتژمێرەکەی وا دروســـت کردووە کە بە پێچەوانە بخولێتەوە.

لە روونکردنەوەیەک دەڵێــت: من دەمەوێــت کــات بۆ دواوە بگەڕێنمەوە بۆ ئەوەی شــەڕ بوەســتێنم و جارێکی تر کوڕەکەم

ببینمەوە، بەڵام ئەم دەســـتکاری کردنەی قەدەر دەبێتە هۆی لە دایکبوونی (بنیامین) لە ســاڵی ١٩١٨ لە نیوئۆرلاینس، لە تەمەنی ســەرووی هەشــتا ســاڵی، (بوتۆ)ی باوکی دەشــۆکێت، ناتوانێت قبووڵی ئەم روخســارە شێواو و پیرەی منداڵەکەی بکات، بۆیە لە بـاوەشـــــی ژنەکەی دەڕفێنێـت و لە بەردەم دەرگـای خـانەی پەککەوتووان فڕێی دەدات.

بەڵام (کوینلی) ژنە رەش پێســــــت دەبێتە فریـادڕەس و هەڵیدەگرێتەوە و وەکو منداڵێکی خۆشــەویســت و زۆر ئاســایی بەخێوی دەکات. بنیامین ئاســـایی گەشــە دەکات، بەڵام لەجیاتی ئەوەی بەرەو پیری بچێت و بێ هێز بێت، بە پێچەوانەوە گەنج دەبێتەوە و بەهێز دەبێت، هەر لە تەمەنی نۆ ســـاڵی (دەیزی)ی کچە بچکۆلانەی هاوڕێی خۆشــدەوێت، بەڵام دەبێت ســی ســاڵ چاوەڕێ بکات تا ئەو بەرەو گەنجی دەگەڕێتەوەو (دەیزی)ش بەرەو گەنجیەتی بچێت، لەم ماوەیەش بنیامین تێکەڵی جیهانێک دەبێت، کە هیچی لە بارەیەوە نازانێت، کەس باوەڕی پێناکات کە دەڵێ: نـازانم ســـــێکس چییە و چۆنە. لەو رۆژەی لە تەمەنی ســەرووی شــەســت ســاڵییە و پازدە ســاڵێکیشــە لە ژیانە لەگەڵ هـاوڕێیە تـازەکەی دەچنە بـاڕێک بۆ لای ژنە ســـــۆزانییەکان، ئەوانیش بە پێکەنینەوە دەیبەنە ژوورە رەنگـاو ڕەنگەکـانیـان،

بنیـامین زۆر دڵخۆش دەبێـت و دەپرســـێت ئـایـا دەتوانێـت جارێکیتریش بێتەوە لایان.

پاشـــان بنیامین بۆ کارکردن بەگەر کەشـــتییەوانێک دەکەوێت، چەندان ســـاڵ لە نێو دەریا بۆ ئەم وڵات و ئەو وڵات دەڕوات، کـــاپیتـــان کـــاری بەردەوامی کـــارکردن و مەی خواردنەوەیە، بنیامینیش ئاســـایی بەرەو گەنجیەتی دەگەڕێتەوە، رۆژێک کاپیتان زۆر ســـەرخۆش دەبێت و ســـەیری بنیامین دەکات دەبینێت زۆر چالاکتر و جوانترە لە ســـاڵانی پێشـــوو، دەپرســـێت: بنیامین، من زۆرم خواردۆتەوە یا تۆ گەنج بوویتەوە؟ بنیامین بە پێکەنینەوە دەڵێ: بێگومان تۆ زۆرت خواردۆتەوە.

ئینجا لە رێگای رادیۆوە گوێبیستی هێرشـی یابان دەبن بۆ سـەر دوورگەی (پەڵهابەر)ی ئەمریکی، کە کەشـــتییە ســـەربازییەکانی ئەمریکای تێکشـــکاندووە و زیاتر لە ١٢٠٠ ســـەرباز کوژراو و خنکاون، پێوســـــتیان بە هەموو جۆرە یارمەتییەکە، ئەمانیش بڕیاردەدەن بچنە نێو شـەڕەکە و لە ئەنجامدا کاپیتان دەکوژرێت. دوای ئەو ماوە درێژە بنیامین دەگەڕێتەوە نیوئۆڕلاینس بۆ لای کوینلی دایکی و دەیزی خۆشـەویستی، چەند سـاڵێک بە یەکەوە دەگوزەرێنن، بەڵام بنیـامین بە هۆی ئەوەی بەرەو منـداڵی دەگەڕێتەوە وردە وردە تووشـــی بیرچوونەوەی یادەوەرییەکانی

دەبێت تا وای لێدێت دەیزی هاوڕێی ناناسـیتەوە، دواتر دەیزی دەسـتی دەگرێت تا بەرنەبێتەوە و لە هەمان کاتیشـدا سـکی لە بنیامین پڕە، دوا سـات بنیامین لە باوەشـی دەیزی دەگاتە دوا ئاستی بچووکی و گیانی دەسپێرێت.

لە دوای خۆشـی کچێکی لە دەیزی خۆشـەویسـتی دەبێت، ئەو کـچەش لە دەفتەری یـاداشـتەکـانی دایکی، ئەم چـیرۆکە دەخوێنێتەوە.

## دواهەمین هەناری دونیا، بەختیار عەلی

دوای بیست و یەک ساڵ دیلیەتی لە بیابان لە ناو لم، کە هەفتەی جارێک بۆی هەبوو لە ژوورەکەی بچێتە دەرەوە و پیاسەیەک بە ناو لمدا بکات، جگە لە دەنگی لم و دەنگی با، هیچی تری نەدەبیست، زاکیرەی جگە لە سەریاسی سوبحدەم هیچی تری تێدا نەمابوو. دوای ئازادبوون موزەفەری سوبحدەم بەدوای کوڕەکەی دەگەڕێت، لەم سەفەری گەڕانەدا، مێژووی وڵاتێکی (عێراق_کوردستان) پڕ کەسەر و باڵکێشانی نائومێدی بەسەر کۆمەڵگایەکی بەرباد و واقیعێکی تاڵ بە شێوازێکی ناڕاستەوخۆ و تێکەڵ بە ڕەمز دەگێڕێتەوە.

چیرۆکی سەرەکی ئەم رۆمانە:

لەسەر زاری موزەفەری سوبحدەم و کەسی سێیەمی نادیار دەگێڕدرێتەوە، کە دوای ئەوەی موزەفەری سوبحدەم و یاقوبی سنەوبەر کە سەرۆکی بوو لە پێشمەرگایەتی، لەلایەن هێزەکانی رژێمی بەعسی ئەوکاتە دەوریان دەگیرێت، موزەفەری سوبحدەم بڕیاردەدات بە تەنیا شەڕبکات تا یاقوبی سنەوبەر رزگار بکات، لەبەر ئەوەی گەر خۆی هەر شتێکی بەسەربێ هیچ لە واقیعەکە ناگۆڕێت، بەڵام گەر یاقوبی سنەوبەر شتێکی بەسەربێ ئەوە وڵات وێران دەبێ و شۆڕش لە ناودەچێت.

پاشـــان موزەفەری ســـوبحدەم بە دیل دەگیرێت و دەیبەن بۆ بیابانەکانی باشـوور و یاقوبی سنەوبەریش رزگاری دەبێ. دوای ماوەیەکی کورت موزەفەری ســوبحدەم کوڕێکی دەبێ و دایکی نابینێ بەهۆی ســکەکەی (لەدایکبوون) دەمرێت، هەر لەم کاتەش یاقوبی ســـــنەوبەر دوو کوڕی لە ژنێکی جووتیاری برادەری (یاقوبی ســنەوبەر بەردەوام بە دوای ژنانە سـۆزانییەکان بووە) دەبێ، کە پێی فێر ببوو، یاقوبی ســنەوبەر تا حەیای نەچێ وەکو ســەرۆکێک و خەڵک نەزانێ خاوەنی دوو منداڵی بیژییە، هەر بە خۆی دەبێتە مامانی ژنە و منداڵەکان دەردەهێنێت، بەڵام ژنەکەی گیان دەسـپێرێ، تا کەس نەزانێ مەیتی ژنە لە شـوێنێکی دوورە دەست دەشارێتەوە.

ئینجـا هــەردوو منـداڵـەکـەی خۆی و کوڕەکـەی موزەفـەری سـوبحدەم دەپێچێتەوە، هەر لەم ماوەیەش سێ برا پێکڕا شـەهید دەبن، باوکیان هونەرمەندێکی دیارە، دێتە لای یاقوبی ســنەوبەر و سێ هەناری شـووشـە، کە کاری هونەری خۆیەتی دەخاتە نێو دەستی یاقوب و دەڵێ: ئەم سێ هەنارانەم دروستکردبوو تا هەر دانەی بدەمە کوڕێکم بۆ ئەوەی ئەگەر ونیشـــبن بەم هەنارانە یەکتر بناسنەوە، بەڵام فریا نەکەوتم با لای تۆبێ.

یاقوبی سـنەوبەر هەر سـێ مەلۆتکە دەباتە لای سـەید جەلالی شـەمس، کە باغێکی گەورەی لەسـەر چیایەکی پانوبەرین هەبوو، پێی دەڵێ: سەید جەلال ئەم سێ منداڵە لای تۆبن دوایی هەر یەکە و هەنارێکی شـووشـەیان لەم هەنارانە دەدەیتێ و هەر یەکەیان دەبەیتە مەملەکەتێک دوور لە یەکتری هەر سـێکیان ناو دەنێی سەریاس، ئەمە دەبێ زۆر نهێنی بێ و کەس نەیزانێ.

دوای بیســت و یەک ســاڵ دیلیەتی و ئازادبوونی موزەفەری سوبحدەم و سەرکەوتنی شۆڕش، جارێکی تر یاقوبی سنەوبەر پاسـەوانەکانی دەنێرێت و موزەفەری سـوبحدەمی بەجلوبەرگێکی کۆن و ریشـــێکی درێژ دەهێنن بۆ ڤێلاکەی، یاقوبی ســـنەوبەر داوای لێدەکات لەم خانووە شاهانەیە بمێنێتەوەو ژیانێکی ئاسودە بەســەرببەن و بۆ خۆیان باســی ژیان و مردن، باســی هەموو شتێک بکەن، بەڵام موزەفەری سوبحدەم تەنیا داوای ئەوەیە پێی بڵێت سەریاسی سوبحدەمی کوڕی لە کوێیە.

ئەمە بنەمای چیرۆکەکەیە و لێرەوە گەڕانەکەی موزەفەری ســوبحدەم دەســت پێدەکات بۆ دۆزینەوەی ســەریاس. دوای چەندایـن رۆژ مانەوەی یا زیندانیبوون لە خانووەکەی یاقوبی ســـنەوبەر، لە رێگەی ئیکرامی کێو دەربازی دەبێ، چونکە

خانووەکە لە نێو دارســـتانێکی چڕە و کەســـێک شـــارەزا نەبێ ناتوانێ بچێتە دەرەوە.

ئینجا چیرۆکی یەکتر ناسینی سەریاس و محەمەدی دڵشووشە و نەدیمی شـــازادە دەگێڕێتەوە، کە چۆن لە رۆژێکی باراناوی هاوکاری نەدیمی شـازادەی نابینا دەکەن و ئەویش دەیانبات بۆ لای دواهەمین هەناری دونیا، کە باوکی لەســـەر شـــاخێک رواندوویەتی پێی گوتووە گەر توانیت بچیتە لای ئەم دارهەنارە چاوت چاکدەبێتەوە. بەر لەوە چیرۆکی خۆشـەویستی محەمەدی دڵشـووشـە و دوو خوشـکە گۆشـەگیر و سـپییەکان باس دەکات، کە چۆن محەمەدی دڵشـــووشـــە لەگەڵ لافاو خۆیی و کلیلە شـووشـەکان دەچێتە لای ئەم دوو خوشـکە و عاشقیان دەبێت و داوای خۆشـەویسـتیان لێدەکات، ئەوانیش رەتیدەکەنەوە، چونکە پەیمانیان بە یەکترداوە هەتا ماون شـــوونەکەن، هەر بۆیە بەم دەردە سەردەنێنەوە.

هەروەها بە درێژی باسـی ژیانی سـەخت و دژواری سـەریاسـی سوبحدەمی یەکەم یا سەریاسی گەورە دەکات، کە چۆن بە خۆی و (سینەی حەیات) کە ناوی عارەبانەکەی بوو، شـەو و رۆژ لەم شارە بەدبەختی و هەژاری لە عەلوەکە بەسەر دەبەن، تا دواجار لەگەڵ پۆلیس دەکەوێتە شـــەڕ و دەکوژرێت. هەرچەندە دوو

خوشـکەکە موزەفەری سـوبحدەم دەبەنە سـەر قەبری سـەریاس، بەڵام هەر کۆڵناداو هەســـتدەکات ســـەریاس نەمردووە. ئینجا هەواڵی سـەریاسـێکیتر دەزانێت سەریاسی دووەم، کە ژیانی زۆر لە ســەریاســی گەورە ناخۆشــترو تاریکترە، لە کرێکارییەوە بۆ ڕێگری و جاشـایەتی و فافۆن فرۆشـی، پاشـان بۆ پێشمەرگایەتی و شەڕی براکوژی و دیلیەتی و زیندانی تاکە کەسی.

لە دوای چیرۆکی دۆزینەوەی ئەو بەندیخانەی ســـەریاســـی دووەمی تێدا زیندانیکرابوو گۆڕینەوەی کاســـێتەکان، شـــێوازی گێڕانەوەکە دەگۆڕێت، هەســـتدەکەیت ئارامتری لە خوێندنەوە و نەفەسێکی زیاترت هەیە، کەچی هەمان ڕووداو و چیرۆکن چۆن؟ لەســـــەرەتاوە بەشـــێوازێکی نیمچە خەیاڵی و ئاڵۆز و تێکەڵ چیرۆکەکان دەگێڕێتەوە. بەم شـێوازەی کەمێک ماندووت دەکات و (ڕەنگە زۆرێک لە خوێنەریش هەبێ چێژ لەم زانیارییانە و بابەتانە وەرگرن، کە نووسـەر ئاوێتەی چیرۆکەکەی دەکات) وات لێدەکات پێویستیت بە پشووێک بێت، ڕەنگە هەندێکجار یا هەندێ خوێنەر نەتوانێت بگەڕێتەوە سـەر ئەم ڕۆمانە؟ ئەمە بیرۆکەیەکی زۆر راســـتە، کاتێ کتێبێک ماندووت دەکات یا ئەوەندە هیلاکت دەکات، ئەوەندە چێژت پێ نابەخشێت. بەڵام بۆ خوێنەری زیرەک و ئەوانەی بە چاوێکی ڕەخنەگرانە یا ئەو خوێنەرەی چاودێری ناوەندی ڕۆشـــــنبیری دەکات، گەر کتێبێک چێژیشـــــی پێ نە

بەخشـێت بە هۆکارێک لە هۆکارەکان ناچارە بیخوێنێتەوە جا بۆ زانیـاری نێو رۆمـانـەکـە بێ یـا ئـاگـاداربوونی بێ لـە نـاوەنـدی رۆشـــنبیری یا لەبەر ناو و ناوبانگی رۆمانەکە. راســـتە رۆمان خۆی جێگـەی چیرۆکی ئـاڵۆز و (ئـاڵۆز بـەمـانـای گێڕانـەوە نـا ئـاڵۆزی تێمـەکـە) بـابـەتی زۆرە، لێرەدا نووســــەر زۆر بـاش توانیویەتی چیرۆکەکان بەیەکەوە ببەســتێتەوە و زاڵبێ بەســەر بابەتە ســەرەکییەکە، کە زۆر جار دوور لە دەســەڵاتی نووســەر دێنە نێو چیرۆکـەکە، بـەڵام لە چوارچێوەی بابەت و چیرۆکی ســـــەرەکی، چونکـە ئـەگـەر چیرۆکـەکـە ریئـالبوو (واقیعی) بابەتەکەشـی سـەرنجڕاکێش بوو، ئیتر تەنیا پێویستیت بە توانایی گێڕانـەوە و بـە شـــــێوازێکی ئـەدەبی و زمـان و فـەرهـەنگێکی دەوڵەمەندە وەکو رۆماننووس، بەڵام ئەگەر چیرۆکەکە خـەیاڵ و فەنتازی خۆتبێ و بتەوێت لەو رێگایەوە قسـە و فەلسـەفەی خۆت بکەیت، ئەوە کارێکی ئاســـان نابێت و دەبێتە ســـەرکێشـــییەکی ئـەدەبی و رەنگـە لای خوێنـەر پشـــــتگوێ بخرێ، وە ئـەگـەر سـەرکەوتوو بیت ئەوە دەچیتە دوا لیڤلو و نیڤۆ و ئاستی ئەدەبی جیهانی.

دوای ئـەوەی بـە هـاوکاری بەرتیل دەچێتە بەندیخانەکە، بەڵام ناتوانێت سـەریاس ببینێ تەنیا بە تۆمارکردنی دەنگی قسـە لەگەڵ یەکتر دەکەن و چەندان کاسـێت دەگۆڕنەوە، دوا کاسـێت لە پاترا

(شــارێکی یۆنانییە، کوردەکان لەوێوە بەرەو وڵاتانی رۆژئاوا بە سواری کەشتی دەڕۆیشتن) گوێی لێدەگرێ.

لەم کاسـێتانە موزەفەری سـوبحدەم باسـی بیسـت و یەک سـاڵ دیلیەتی و باوکایەتی خۆی و نەفرەتییەکانی بۆ دەکات، هەروەها سـەریاسـی سـوبحدەمیش باسـی نەهامەتییەکانی خۆی و دوا ئاواتەکانی خۆی بۆ دەکات، کە بڕوای بە هیچ شـتێک نەماوە، لەم وڵاتە کەسـایەتی خۆی لە دەسـتداوە، هەموو هەوڵی رۆیشـتنە بۆ دەرەوەی وڵات و گۆڕینی ناوی خۆیی و دورکەوتنەوەی لەم وڵاتە پڕ کەسـەر و نائومێدییە، کە کەس ناتوانێ تێیدا دڵخۆشـبێ یا بیگۆڕێ.

دوای ئەوەی موزەفەری سـوبحدەم دەچێتە لای سـەید جەلالی شـەمس و لە باغەکەی سـەید جەلال لە نێو کتێب و مەرەکەب و شـەراب و کچی جوان، نهێنی و چیرۆکی سـەریاسـی سـێیەم دەبیسـتێت، کە لەلای رێکخراوێکی بیانی لەگەڵ کۆمەڵێک منداڵی تر چاودێری دەکرێن، بەڵام چۆن سـەریاسـێک هەموو لەش و دەموچـای سـووتـاوە، بـەر لـەوەی بیبـەنـە دەرەوەی وڵات، موزەفەری سـوبحدەم لەگەڵ دواهەمین سـەریاس و ئەسـتێرەی رەش کە هاوڕێی سـەریاسـە پیاسـەیەک دەکەن و دەچنە لای دواهەمین هەناری دونیا لەسـەر شـاخەکە و لەوێ موزەفەری

ســـوبحدەم پەیمان بە خوێنی خۆی مۆر دەکا لە نێوان خۆی و ئاسمان، کە ئیتر وا بژیێ و ژیانی خۆی پێشکەشی سەریاسەکان بکات، بەم بڕیارە هەســتدەکات ڕێگای خۆی دۆزیوەتەوە و زۆر خۆشــحاڵە. دواجار دوای دواهەمین ســەریاس دەکەوێت بەرەو ئینگلستان.

## رۆمانی پاش تاریکی، هاروکی موراکامی

ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە لە نێوان کاتژمێر ٢٣:٥٦ شـەو بۆ ٦:٥٢ بەیانی دایە. نووســـەر بە ٢٩٥ لاپەڕە باســـی حەوت کاتژمێری شەوێکی تۆکیۆ دەکات. شوێن هوتێلی ئەلڤاڤیلا بۆ مانەوەی کاتی و رابواردن.

لەم ڕۆمانە گرنگی زۆر بەکات دراوە و باسی هەموو چرکەسات و هەلســـوکەوتەکان دەکات، هەروەها موزیک بەشـــێکی گرنگە. باســـی کێشــە و کارە جیاوازەکان لە شــەودا دەکات. کارەکتەری سەرەکی (ماری و تکاهاشی موزیکژەن)ن.

ماری: جیهانی من شـــتێکی کەم و لاوازە، لە جیهانێکی کارتۆنی دەچێت و تۆزە بایەک دەتوانێت دوور توڕیهەڵدات.

تکاهاشـــی: کاتێ موزیک دەگەیەنیتە ناخی دڵت، جەســـتە دەگاتە گۆڕانی فیزیکی، لە هەمان کاتدا جەستەی گوێگر گۆڕانی فیزیکی بەسەر دێت و دەبێتە هۆی جۆرە بارێکی بەشداریکردن.

ئێری ئەسـای ـــــ خوشکی ماری بەردەوام لە خەودایە. کاورۆ ـ بەڕێوەبەری هوتێل. شیراکاوە فەرمانبەر و تاوانبار.

## رۆمانی دارستانی نەرویجی، هاروکی موراکامی

لەم رۆمانە نووســـەر لەڕێی گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانی وەکو قوتابی زانکۆ، فەلســـەفە و بیروڕاکانی لەســـەر کۆمەڵێک لایەن دەخاتە روو: لەوانە حاڵەتی خۆکوشـــتنی گەنجان لە یابان، نموونەی گیزۆکید کە کەســـێکی هێمن و لەســـەرخۆبوو، کەس نەیزانی بۆچی وایکرد، هەروەها کچەکەی دۆســـتی (واتانابی) ناوکۆ لە نەخۆشـــخانەی چاکســـازی خۆی کوشـــت. هاتســـومی هاوڕێی ناگاساوا بە گوێزان خۆی کوشت.

لەســـەر پارتی کۆمۆنیســـتی و کاری ســـیاســـی پێیوایە شـــۆڕش بازرگانییە و هەمووی درۆ و بەرژەوەندییە، وەکو لەســـەر زاری میدۆری دەڵێ: لە کۆبوونەوەی ســـەرکردایەتی بە ژنەکانیان گوت ئێوە بڕۆن برنج لێنێن.

هەروەها دەربارەی خۆشـــەویســـتی پێیوایە درۆی گەورە دەکرێ: خۆشـــــەویســـــتی خۆی هەیە و بەردەوام لەگەڵ کچـــانی تر رادەبوێرێ، واتـــانـــابی نـــاوکۆی خۆشـــــــدەوێ، بەڵام لەگەڵ هەرکەســـــێک رادەبوێرێ، کە تووشـــــی دەبێ بگرە برادەری خۆشـــەویســـتەکەشـــی رایکۆ پێیوایە قســـە لەگەڵ کردار دوو شـــتی زۆر دوورن لەیەکتری.

لەسـەر کەسـایەتی: واتانابی خۆی کەسێکی شەرمن و راستگۆیە، بەڵام کاریگەرە بە کەسـایەتی ناگاسـاوە، کە خوێنەرێکی باش و سـەرکێشـێکی شێتە، بەردەوام خەریکی خواردنەوە و ئافرەتانە و تاقەتی پەیوەندی ئاسـایی نییە لەگەڵ قوتابیانیتر، جوانترین کچ برادەریتی، کەچی دەچێ بە ئاشـکرا لەگەڵ کچانیتر پەیوەندی دەبەسـتێ! وەڵامی بۆ ئەمە: کەس ناتوانێ هیچ بەسـەر کەسـی خۆشـەویسـت بسـەپێنێ، دەبێ خۆی رازیبێ بەو شـتەی هەڵیبژاردووە. ناگسـاوا زۆر قسـە زان و قسـە لەڕووبوو، هەر شـەوە لای کچێ بوو، بە پاسـاوی: کاتێ بە توانایەکی زۆر دەور دەدرێی، قورسـترین شـت ئەوەیە وابکەی لێی دەرچی. لە خوێندنیش زۆر زیرەک بوو دەیگوت: بۆ پارە و دەسـەڵات هەوڵنادەم، بەڵام دەمەوێت بزانم لەم دونیایە چیم پێدەکرێت. هەروەها دەڵێ: نامەوێ وەکو خەڵک هەمان کتێب بخوێنمەوە، تا وەکو ئەوان بیر نەکەمەوە.

## رۆمانی دایک، پێرل باک

باسـی ژیانی سـەخت و پڕ نەهامەتی سـەردەمی شـۆڕشـی چین دەکات، خێزانێک کە نموونەی هەموو خێزانە هەژارەکانە، دەیکاتە بابەتی رۆمانەکەی (لی) کە پاڵەوانەکەیە لەگەڵ ژنەکەی، بەڵام تەنیا نـاو لەم رۆمـانە نـاوی (لی)یە و بـاوکێکی هەژار ئینجا قوماربازیش، بەڵام باشـییەکەی ئەوەیە لە قومار دەسـتی دێ و نادۆڕێ!! خەڵک ئێرەیی پێ دەبەن.

لی لە ناکاو ون دەبێ، بە خۆی و کۆتە شـینەکەی کە ژنەکەی بۆی دووریوە. ژن و منداڵەکانی چەندان رۆژ و مانگ و سـاڵ چاوەڕوان دەبن. ژنە لەبەر قسـەی خەڵک دەچێتە شـار، تا بەپارە بە ناوی مێردەکەی نامە بۆ خۆی دەنووسێ. لە نامەکە دەڵێ: من کارێکی زۆر باشـم هەیە لە شـار، ناتوانم وا زوو بگەڕێمەوە، نەبادە کارەکە لەدەسـت بدەم، بەڵام ئەم برە پارەتان بۆ دەنێرم! ژنەش ئەو پارەی لە کاری مەرەزی برنج دەسـتی کەوتبوو نیشانی خەڵکەکەی دەدا، لەو کاتەی کە لە پۆستەکە نامەکەیان بۆ دەخوێندەوە. تەنیا جارێک لە پەرسـتگا لەگەڵ مەئموری ئاغا خۆشـەویستیان کرد، بەڵام دوایی لەوەش پەشیمان بۆوە، چونکە زۆر دەترسـا خوداکەی نێو پەرسـتگا لێی تووڕە بووبێ و خێزانەکەیان تووشی نەهامەتی بکات. هەرواش دەرچو مێردەکەی

نەگەڕایەوە و کوڕێکی لە سێدارەدرا و کچەکەی دوای شووکردن لە هەژاری دا ســـەری نایەوە. دوای ئەوەی کوڕە بچووکەکەی دەبێتە کۆمۆنیســـت، کە ئەوان پێیـان دەگوتن دز و جەردە؟ چیرۆکی ئەم رۆمــانە لە رووی دواکەوتوویی و بەدبەختی و کۆڵەواری و کۆیلەیەتی دەســتی ئاغا و ســەرانە، نزیکە لە ژیانی کوردەواری خۆمان لە شــەســت و حەفتاکان. دوای لەگەڵ لە سێدارەدانی کوڕەکەی، نەویەکی نوێ لە دایک دەبێت.

## رۆمانی جەن ئایەر (شارلۆتە برۆنتی- ١٨٤٧) گێڕانەوە

(جەن ئایەر)ی بێ دایک و باوک دوای ئەوەی لە ماڵی پووری دەردەکرێت بەم تەمەنە، دەیبەنە نێو قوتابخانەی منداڵان لە کڵێسا، بەڵام بەهۆی زیرەکی و بوێری تووشی کێشەی زۆر دەبێتەوە، لە تەمەنی لاوی دەبێتە دایەنی کچە دەوڵەمەندێک و لەکاتی بێ کاریش وێنە و پۆرترێت دەکێشێت، رۆخستەری خاوەن زۆر سەرسام دەبێت بە بەهرە و لێهاتووە جەن ئایەر، گفتوگۆی زۆر جدی دەکەن تا دەگاتە ئاستی خۆشەویستی، رۆخستەر داوا لە جەن ئایەر دەکات شووی پێبکات و بەڵێنیشی پێدەدات، کە بەچاوێکی مرۆڤانە و یەکسان سەیری بکات، نەک وەک کارەکەر و هەژارێک.

لە کاتی مارەکردن، کەسێک دێتە ناو کڵێسە و دەڵێت: ئەم مارەکردنە ناڕەوایە، ئەو پیاوە دە ساڵە مێردی کچکەی منە، چۆن دەبێ ژن مارەبکە؟

جەن ئایەر تووشی شۆک بوو، بەڵام رۆخستەر دەستی دەگرێت و دەیباتە ئەو ژوورەی ژنەکەی تێدا زیندانی کردووە، دەڵێ ئەوە ژنەکەمە دەساڵە لێرەیە، چونکە وەکو شێت هەڵسوکەوت دەکات دووجار هەوڵیدا کۆشکەکەم بسووتێنێت، هەر لەم کاتە ژنەکە

خۆی بە باوەشی مێردەکەی کرد و سەری خستە سەر سینەی و چاوی لە جەن سوورکردەوە و تفێکی لێکرد.

جەن یەکسەر ئەمماڵەی جێهێشت و بەڕاکردن ڕۆیشت هەرچەند رۆخستەر هەوڵیدا رازی بکات سوودی نەبوو، جەن ئایەر ئیتر تا گەیشتە شوێنێکی تر نەوەستا، لە وێ ماڵێکی مەسیحی کە دوو خوشک و برایەک بوون، جەن دوای ئەوەی پووری مرد سامانێکی زۆری بۆ مایەوە، بەڵام بڕیاریدا لەگەڵ ئەم ماڵە دابەشی بکات، بە مەرجێک بیکەنە خوشکی خۆیان، ئەوانیش دوای گفتوگۆیەکی زۆر رازیبوون. دوا چەند رۆژێک برا تازەکەی بڕیاریدا بچێتە هیندستان، جەن داوای کرد لەگەڵ بچێت، ئەویش گوتی: تەنیا دەتوانین وەکو ژن و مێرد بە یەکەوە بڕۆین، چونکە لەرووی ئایینییەوە نابێت. جەن وتی: ئەگەر بمرم ئینجا، دەنا ناتوانم. ئەویش وتی: کەواتە تۆ کەسێکی ترت خۆشدەوێت و پەیمانت بەو داوە بۆیە ناتوانی. لەم کاتە جەن ئایەر هەستی بە دەنگێکی خەمناک کرد و یەکسەر رایکرد تا گەیشتە ماڵی رۆخستەر، بەلام چ ماڵێک هەمووی خۆڵەمێش هیچی نەما بوو، ئەم کۆشکە جوانە، دوای لەو سەر لەژێر دارێک رۆخستەری بینی کوێر ببوو، دەستی گرت و خستییە باوەشی وتی: ناتوانم.

## کەوتنی ئاسمانەکان، جەبار جەمال غەریب

ئەم رۆمانە کە بە شـــێواز و تەکنیک و تێمەیەکی جیاواز لە بەرهەمەکانی پێشووتری نووسەر و بگرە ئەوانیتریش پێشکەشی خوێنەرانی کردووە. ئەوەی وای کردووە ئەم رۆمــانە ببێتە جێگەی ســـەرنجی خوێنەران و ئەو پێشـــوازییەی لێ بکرێ، شـــێوازی گێڕانەوەکەیەتی، گێڕانەوە بە زمانێکی ســـادە بەڵام قووڵ، دوور لە هەموو گرێ و ئاڵۆزی قســەکردن و تێخســتنی سیمبول و وتەی بێ سوود و درێژدادڕی.

پـاشـــان چۆنیەتی دەســـتپێکردن: لەم رۆمـانە لە کۆتـایی چیرۆکەکەوە دەسـتی پێکردووە، لە رۆمان بەگشـتی سـێ جۆر دەسـتپێکردن هەیە، یا ئاسـایی لەسـەرەتاوە دەست پێدەکەیت، یا لە ناوەڕاســـتی چیرۆکەکە یا لە کۆتاییەوە دەســـت پێدەکەیت. تەکنیکی رۆمـانەکە تەکنیکێکی ســـەرکەوتوو و جوانە لە گواســـتنەوەی گێڕانەوەکان لە شـــوێنێکەوە بۆ شـــوێنکی تر، لە بەندیخانە لەلای فواد و ســەمیر قلی و بورهان حەنتوشــەوە بۆ لای ئەڵماس و زولیخا و ئاســۆ و ئاسـکۆڵ بەبێ هیچ نەنگی و هەســـتکردن بە بێزاری، یا دروســـتکردنی چیرۆک و کێشـــەی رادیۆکەی بەندیخانە شـــتێکی جوان و بزوێنەربوو بۆ خوێنەر،

هەروەها وێنەکانی کاتی دیلبون و کوشتنی سەربازە عێراقییەکان بەدەستی ئێرانییەکان.

لایەنی ســـۆزی زۆر بەهێزی ئەوکاتەیە کە فواد دوای ١٧-١٨ ســـال دەگەڕێتەوە و لە کۆلانەکەیان ئەڵماســـی ژنی دەبینی و ئەڵماس توند قاچی دەگری، چ پیاوێک دەتوانێ ئەمە بکات.

گرنگی تێمە و بابەتی ئەم رۆمانە ئەوەیە، کە نووســـەر دەرگای کۆمەڵێک کێشــە ئاوەلا دەکات، کە وەکو بەرمیلی باروت وان لە کۆمەڵگەی کوردی. بۆ نموونە: فواد بە یەک رســـتە خێزانێکی لەبەر یەک هەڵوەشــاندەوە و تەفروتونای کردن و چەندان کەس بوونە قوربانی ئەم رستەیە: ئێوە خوشک و بران. دەست بردن بۆ تابووەکان شـــتێکی تازە نییە، بەلام گوتن و نیشـــاندانی هەڵســـوکەتی کۆمەڵگە و کاردانەوەکانی دەوروبەر بەرامبەر کێشــەیەک، کە بەبێ ویســت و ئارەزوو دروســت بووە بەهۆی درۆیەکی فواد یا نەگوتنی ڕاستی و دوورکەوتنەوەی وەکو باوک (فواد) لە خێزانەکەی کە ئەویش بەبێ رەزامەندی و بڕیاری خۆی بووە. نووســـەر لەم رۆمــانە جگە لە مێژووی ونی فواد لە بەندیخانەکانی ئێران و کەسێکی بێ کەس و ماڵ و خاک، جگە لە خێزانێکی بە رێکەت دروستبوو، جگە لە هێزی جەستە و سێکسی کە دەڵێ: جەستە گوێ بە شین و شایی نادا. لەو کاتەی کە ئاسۆ

خەمبارە و زولەیخا سەری بە سینگی دەنووسێنێ، تەنیا هەست بە گۆی مەمکەکانی دەکات. نووسەر جگە لە باسی سلێمانی و گەڕەکەکانی، جگە لە تەیراوەی هەولێر و نهێنییەکانی کچان و وردەکاری دڵی ژنان و تێگەیشتنی بەرامبەر پیاو کە دەڵێ: (پیاو کەرە). من دوو مەبەست، یا دوو ئامانج لەم رۆمانە دەبینم، یا بڵێین دیوەکەی تری ئەم رۆمانە دەرخستن و تیشک خستنە سەر چەند لایەنێکی کۆمەڵگایە، کە نەک هەر پشتگوێ خراوە و گرنگی پێنادرێ، بگرە ئەم کەمتەرخەمییە بۆتە هۆی هەڵوەشانەوە و لەناوبردنی کۆمەڵگا یا دەبێتە هۆی لەناوبردن و دوورخستنەوەی لە ئامانجە سەرەکی و ستراتیژییەکانی، کە گەیشتنە بە دونیای مەدەنیەت و مۆدێرنیتە، ئەم دوو مەبەستەش درۆ و نەبوونی ئینتیمایە.

گەر سەرنجی ئەم رۆمانە بدەین دەبینین هەموو لایەنەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی و لایەنی پەروەردەیی و لایەنی پۆلیسی و وتاری رۆشنبیری دامودەزگای حکومی فەرامۆشکراوە و هیچ رۆڵێکیان نییە، بێگومان لەو بەشەی دوای ئازادبوونی فواد لە بەندیخانەکانی ئێران. نەبوونی وتارێکی رۆشنبیری روونی حکومەت و هێزە بەناو عەلمانی و دیموکراتەکانی کوردستان نەبوونی بنەمایەکی پەروەردەیی سەرکەوتوو....هتد. بۆتە هۆی ئەوەی هێزە ئیسلامیە توندڕۆ و تاکڕەو و کۆنزەراتیڤەکان سوود

لەم بۆشـایی رۆشنبیری و نەبوونی ئینتیمای نیشتیمانی و مرۆڤ دۆســتی و زانســتییە وەرگرن و کۆمەڵگا بە ترســاندنی رۆحی مرۆڤەکان و وەسفکردنی خۆشییە لەبن نەهاتووەکانی دونیاکەیتر و تــابووکردنی هەموو خۆشـــیەکی ســـەر زەوی بکەن بە کۆمەڵگایەکی خەسیوی دواکەوتووی پڕ لە ترس و تۆقاندن.

دەبینین لەگەڵ دەربڕینی یەک رستە: ئێوە خوشک و بران. وەکو لاشـەکی پڕ لە بەکتریا ئەم خێزانە لەبەر یەک هەڵدەوەشـێتەوە و ئەم شــارە (سـلێمانی) کە ئاسـتی کۆمەلایەتی و رۆشـنبیری لە شــارەکانیتر بە حســـاب بەرزترە، کەچی بۆ (زەینەڵ) ئەتو بڵێ ئاسـۆ و ئاسـکۆڵ دەبێتە بیابانێک هیچ هیوایەکی گەڕانەوەیان بۆ نــاو کۆمەڵگــا بۆ نــامێنێتەوە، جگە لە ســـڕانەوەیــان وەکو مێروولەیەک کەس بەخەیاڵیشـــی نایێ. لەم ســـاتە کوا رۆڵی چاودێری کۆمەلایاتی ئەگەر هەشــبێ وەکو ئەوەیە کە لە کتێبی (ئۆقیانووسێک لە تاوان جوان باسی کردووە: کاتێ لە چاکسازی کۆمەلایەتی دەمیینێتەوە چۆن یەکە بەیەکە سواری دەبن. خەندە محەمەد جەزا). پاشـان ئاسـکۆڵی جوان شـێت دەبێت و دەکەوێتە ســەر شــەقامەکان و چی پیاوی ئەو ناوە هەیە حەزی ســێکســی خۆی پێ دادەمرکێنێتەوە. لێرە دەبینین ئەم وڵاتە هیچی لەســـەر هیـچ نییە، نە کچە بــای ئەوەنــدە رۆشـــنبیری هەیە بتوانێ هەلسـوکەتێکی جیاواز لە شـێتبوون لەگەڵ ئەم بارە نا ئاســاییە

بکات، نە گەنج و پیاوی ئەم وڵاتە دەتوانن ئافرەتی شێت و ئاقڵ لە یەکتر جیاکەنەوە چ جای ئەوەی باسـی هەسـت و شـعوریان لەگەڵ بکەین. ئەگەر سـەیری ئاسـتی رۆشـنبیری (پیاو) بکەین بەگشـتی لە زۆر لایەن وەکو یەکە وەکو ئەوەی بڵێی هەموو پیاوەکانمان یەک وانەیان دەربارەی سـێکس و توندوتیژی خوێندبێ، هەموو چین و توێژەکان لە زۆر حاڵەت ئامادەن ( یەک لایەنە و بەبێ هەستی بەرامبەر و لەگەڵ هەر کەسێک سێکس بکەن، هەروەها لەسـەر سادەترین کێشـە مرۆڤ بکوژن، بە بێ ئەوەی یەک چرکە دوو دڵ بن درۆ بکەن....)

وەکو گوتم لەم رۆمانە فۆکەسی زۆر لەسەر دوو خاڵە (ئینتیما- درۆ). چیرۆکی سـەرەکی و بنیادی دروسـتبوون و دەرخسـتنی هەموو ئاریشـەکانی ناو چیرۆکی رۆمانەکە لە (درۆی)ەکەی فوادەوە سەریهەڵدا. لێرە ئەگەر چیرۆکەکە وەکو خۆی بە راستی بە ئەڵماس بگوترابا، رەنگە ئەم کارەسـاتەی لێنەکەوتبایەوە و کێشـەکە رێڕەوێکی تری وەردەگرت و زیانەکانی بەو ئەندازەیە نەدەبوو، لە خراپترین حاڵەت تەنیا خێزانەکە لەیەکتر جیاببانەوە. گەر چیرۆکەکە لەڕاستییەوە وەرگیرابێ یا دروستکراوبێ هیچ لە بابەتەکە ناگۆڕێ، چونکە نووسـەر گەر چیرۆک دروسـت نەکات ئەوە بێگومان بەو جۆرە دایدەڕێژێتەوە کە خۆی مەبەسـتییەتی بۆ دەربڕین و ئاراستەکردنی فەلسەفەی خۆی.

نەبوونی هیچ هاوکاری و پشـــتگیری و لێپێچینەوەیەک لەلایەن دامودەزگای فەرمی لەو کێشـــەیەی خێزانی فواد، نیشـــانەی بێ خەمی و نەبوونی (ئینتیمـــایە) چ لەلایەن حکومەت بەرامبەر هـــاوڵاتییـــان، چ لەلایەن هـــاوڵاتییـــان بەرامبەر یەکتری، ئەم بۆشـــاییەی نەبوونی ئینتیمایە بۆتە هەلێکی باش بۆ گرووپە ئیســـلامیەکان بە ئارەزووی خۆیان بیروباوەڕیان بە ســـاناترین ڕێگە بگەیێننە هاوڵاتیان ئەوەش چ لە ڕێگای ئەو مزگەوتانەبێ کە حکومەت بۆی دروستکردوون، یا ڕێگەی دروستکردنی پێداون، (مەبەست ئەوە نییە مزگەوت نەبێ، مەبەست لە بێ بەرنامەیی و بێ چـاودێرییە) یـا کەنـالەکـانی ڕاگەیـانـدن. هەروەهـا پیـاوە ئایینیەکانی بە حیســـاب لایەنگری حکومەت و ئەوانەی ســـەر بە ئیسـلامییە توندڕۆکانن تێکەڵاون، زۆر جار یەک هەڵوێستن و لە بنەڕەتیشدا یەک بیروبۆچوونیان هەیە بەرامبەر کۆمەڵگا.

لە کاتی پەرتەوازەبوونی ئاسـکۆل و ئاسـۆ تەنیا مزگەوت گرتیە خۆی و کاری لەسـەرکرد، ئەگەر سـەیری چۆنیەتی بردنی ئاسـۆ بکەین بۆ بنکەی ئیســـلامییەکان و دارکاری و جەڵدە لێدانی لەلایەن فەقێ ڕەش و جدیەتی فەقێ ڕەش لە جێ بە جێکردنی ئەرکەکەی و ترســاندن یا پاککردنەوەی ئاسـۆ لە گوناحەکان و ژماردنی یەکە یەکەی جەلدەکان و بیگەیەینێت بە ئاسـتی ئەوەی ترسی لەخەونەکانیشی هەبێ و داوای بکات سزا بدرێ. هەروەها

ریازەی رۆحی ئاســـۆ و کوشـــتنی ئاســـکۆل و ئەڵماس بە درندەترین شـــێوە لە بەرچاوی ئاســـۆ، ئەوە نیشـــاندانی گۆڕانکارییەکی گەورەیە بەســەر ئەو مرۆڤانە دێت کە بە فیکر و ئایدیۆلۆژیا توندڕەوانە پەروەردە دەکرێن و کارای ئیسـلامیەکان دەخاتە روو لە دلسـۆزی و ئینتیمایان بۆ ئەو کارانەی دەیکەین، هەتا بۆ لەناوبردنی مرۆڤیش بێت و زۆر بە خێرایی ســوود لە بۆشایی و گەمژەیی ئیداری و سادەیی خەڵک وەردەگرن و وایان لێـدەکەن پیــاوێکی ئەفغــانی و قەنــدەهــاری درنــدەیــان لە نیشتیمانەکەی خۆیان خۆشتربووێ.

ئەم رۆمـانە نموونەیەک لە نموونەکـانی کـار و چـالاکییەکـانی ئیسـلامییە توندڕەوەکان دەخاتە ڕوو، کە چەند بە سـیسـتماتیک هێزی مردن دروسـت دەکەن. دوای ئەوەی فوادی باوکی راسـتی دەڵێ و ئاشکرا دەکات کە ئاسۆ و ئاسکۆل خوشک و بران، ئاسۆ دەبرێتە مزگەوت و پاشــان بنکەکەیان لە شــاخ و ئینجا ئێران و لای موفتی قەندەهاری و فێرکردن و راهێنان و ئامادەکردنی بۆ مردن، هەر لە ســەرەتاوە پێ دەڵێن شــەهید، لە رووی زهنییەوە ئاسۆ هەر زوو کۆتایی دێت.

پاشـــان ئامادەکردنی بۆ کاری خۆکوژی و چۆنیەتی هێنانەوەی بۆ نێو شـار، چەند بەسـانایی بازگەکان دەبرن، ئینجا لە ناو شـار

پیاوەکانی خۆیان ئامادەن، دواتر ژێرزەمینی پڕ لە تی ئێن تی و کارگەی ئامادەکردن (دەبێ چەند شـوێنی وا هەبێ لەم شـارە بێ خەبەرە) عومەر و عوسمان پیشـەیان ئامادەکردنی تی ئێن تی یە و ژیانیان لە ژێرزەمین بەســەر دەبەن، کەس ناپرســێ و کەس نابینێ. هەرچەندە لایەنی مرۆی و سـۆزی باوکایەتی سـنووری ئـایدیۆلۆژیا و ئاین تێدەپەڕێنێ، کاتێ ئاســـۆ دوا جار لە ناو بارەگای خۆ ناونووسـکردنی هاوڵاتیان لە بەردەم فوادی باوکی دەیەوێـت خۆی بتەقێنێتەوە، بەڵام لەگەڵ بینینی هیوای کوڕی پەشـیمان دەبێتەوە، کەچی خوبەیب لەدوورەوە دەسـت دەنێ بە دوگمەکە، دونیا ســـوور دەکا بەخوێن، واتا پەشـــیمانی دادی ئاسۆکان نادات.

## رۆمانی کۆشك، فرانس کافکا

له ســاڵی ١٩٢٢ نووســراوه و له ســاڵی ١٩٢٦ لەلایەن ماکس بۆرد پۆســـــتوم بڵاوکراوەتەوە، وەکو رۆمــانەکــانی تری (بزربووەکان، دادگا) بێ کۆتایین.

ئەم رۆمانه به کێشـــەی دامەزراندنی ( ک ) له کۆشـــک وەکو رووپێو دەســـت پێدەکات، کافکا له رێگای ئەم بابەتەوە دەچێته نێو کۆمەڵێک بابەتی تری ژیان (نا ئومێدی و بێ هیوایی و چەوسـانەوە و بەرژەوەندییەکانی مرۆڤ که نایگەیەینێت به هیچ) رۆمانێکه پڕه له دیالۆگ و گفتوگۆی فەلســـەفی و کەســـی، به تەواوەتی رۆچۆته نێو ناخی مرۆڤ، که چۆن هەوڵدەدات لەگەڵ دەوروبەرەکەی بگوزەرێنێت، کەچی له کۆتای هیچ ئەنجامێکی نییه.

کۆشـکێک که کۆنترۆڵی تەواوی ئاواییەکەی کردووە و چاودێری یەکه یەکەی کەســـەکان دەکات و کەســـیش ناتوانێت بگات به بەرپرسەکانی کۆشک، یا هیچ پەیوەندییەک ئەنجام بدات، دەتوانن تەنیا نامه بنێرن، بەڵام نامەکانیش ناخوێندرێنەوە. هەر کەس له رێنومایییەکانی کۆشک لابدات رووبەڕووی سزا دەبێتەوە، به رۆژ کار به خەڵکەکه دەکەن، له شـــەویشـــدا لێپرســـینەوە دەکەن له رێگەی جێگری جێگری فەرمانبەرانی کۆشـک. سـیسـتمی کۆشـک

سیستمێکی زۆر بیرۆکراتیی و بێ هوودەیە. ک سەرەتا  بە هیوا و ئاواتێکی زۆر روو لە کۆشک دەکات، بەڵام دوایی زۆر نائومێد و بێهێز دەبێت.

رۆمانەکە بە گەیشـــتنی (ک) کە پاڵەوانی رۆمانەکەیە بۆ ئاوایی دەسـت پێدەکات. ک زۆر هیلاک و ماندووە دەیەوێت کەمێک لەم میوانخانەیە، کە لایداوە بخەوێت. بەڵام پیاوانی کۆشـک خەبەری دەکەنەوە و پرسـیاری مۆڵەتی لێدەکەن؟ چونکە کەس بۆی نییە لەم ئاواییە بمێنێتەوە ئەگەر مۆڵەتی کۆشـــکی نەبێت! دوایی کە پەیوەندی دەکەن بە کۆشـک رووندەبێتەوە، کە ک وەکو رووپێو ناوی هەیە لە کۆشک ئینجا رێگەی دەدەن بمێنێتەوە.

کە رۆژی دوایی ک دوو بەردەسـتی گاڵتەجاڕی بۆ دادەنرێت، کە هیچ لە کاری روپێوی نازانن، ئینجا هەوڵی گەیشـتن بە کۆشـک دەدات، بەڵام نایگاتێ و دەچێتە میوانخانەی (هێرن هۆف) لەوێ تووشـــــی (فرێدا) دەبێت، کە لە باڕەکە بیرە دەفرۆشـــــێت و خۆشەویستی (کلام)ە کە بەرپرسی باڵای کۆشکە.

ک یەکسـەر داوای لێدەکات ببێتە دۆستی ئەو، واز لە کلام بێنێت، چونکە کلام پیرە، باشـترە  بۆ فرێد ببێتە خۆشـەویستی کەسێکی هاوتەمەن خۆی، کە بۆ هەتا هەتایە ئامادەیە خزمەتی بکات و بەیەکەوە بژین.

فرێدا لە بەردەم ژووری کلام خۆی دەخاتە باوەشـــی ک و پەیوەندییەکی ئێرۆتیکی لە نێوانیان دروســـت دەبێت، کە دواتر دەستبەرداری دەبێت.

رۆژی دواتر ک دەچێتە لای کوێخا کە پێی دەڵێ: ئاوایی پێویستی بە روپێو نییە، بەڵام نازانێت لە رابردوودا داوای رووپێویان کردووە یا نا. بەڵام کوێخا پیشـــەی خزمەتگوزاری قوتابخانە بە ک دەدات. لەم بەینە تووشـی (گاردینا) دەبێت کۆنە خۆشەویستی کلام و ژنی خاوەن میوانخانەکە، چیرۆکی خۆشـەویسـتی خۆی بۆ ک دەگێڕێتەوە، کە لە ژیان چاوەڕوانی ئەوەبوو تەنیا جارێکی تر کلام بانگی ژوورەکەی خۆی کردبا، چارۆگێکی بەسـەر شـانی دادابوو، کە کلام پێش بیســـت ســـاڵ پێی بەخشـــیبوو، گارینا دەیگوت: کەس ناتوانێت کلام لە یاد بکات!

ک بەم چیرۆکەی گاردینا زۆر بێتاقەت بوو، چونکە هەسـتیکرد باســـی فرێدای بۆ دەکات، کە ئەویش ناتوانێت ئیتر کلام لە یاد بکات، خۆشەویستەکەی ک خستە ژێر پرسیارەوە.

لە رێگای گەڕانەوەی بۆ قوتابخانە تووشـی بارناباس دەبێت، کە نامەیەکی کۆشـکی پێدەگەیەنێت، کە تێیدا نووسـراوە کۆشـک ئـاگـای لە کـارەکـانیەتی و رازییە لە شـــێوازی کـارکردنی بەردەسـتەکانی، کەچی ک زۆری پێ سـەیرە، کە کۆشـک شـتی

وای نووسـیوە، چونکە ئەوان هیچ شـتێکیان نەکردووە تا جێگای دەسـتخۆشـی بێت. پاشـان ک داوا لە بارناباس دەکات نامەکەی بگەیەیێنێتە لای کلام، بەڵکو لە ڕێگای ئەوەوە بچێتە کۆشک.

ک بە هەموو شـێوەیەک دەیەوێت بگاتە کۆشـک یا هەواڵێکی لە کلامەوە بۆ بێت، بۆیە بە نهێنی و بە شـەو دەچێتە لای بنەماڵەی بەدناوی بارناباس تا بزانێت بارناباس چی بۆ کردووە؟ لەوێ ئۆلگای خوشـکی بارناباس چیرۆکی ناوزڕانی خێزانەکەیان بۆ ک دەگێڕێتەوە، کە ئـامـالیـای خوشـــکی لە بەدبەختی خۆی، ئەو نـامەیەی دڕاندبوو، کە لە لایەن فەرمانبەرێکی کۆشـــک بۆی هـاتبوو، تێیدا داوای لە ئامالیا کردبوو بە پەلە بچێتە لای لە ژوورە تایبەتییەکەی چاوەڕوانی دەکات و کاتی زۆر نییە دەبێ بڕوات! ئامالیا هەســـتی بەســـووکایەتی کردووە، بۆیە نامەکەی دڕانـدووە و بۆی نـاردۆتەوە. لەو ڕۆژەوە خێزانی بـارنـابـاس هەموویان شـــەو و ڕۆژ بەدوای کەســێکی کۆشــک دەگەڕێن تا داوای لێبوردنی لێبکەن، باوکی ئامالیا چەندان ڕۆژ لەسەر ڕێگای کۆشـــک وەســـتاوە تا بەرپرســـێکی کۆشـــک ببینێت و داوای لێبوردنی لێبکات. هەرچەندە نەیدەزانی چی بڵێ تا لێی ببوورن، هەروەها نەیدەزانی ئاخۆ کۆشــک بەم ڕەفتارەی ئامالیای زانیوە یا نە. بەڵام تەواوی خەڵکەکە پەیوەندیان لەگەلیان پچڕاند و بەچاوێکی ســـووک ســـەیریان دەکردن. ئۆلگای لە لای خۆیەوە

بەردەوام دەڕۆیشـتە لای خزمەتکارانی کۆشـک و شـەو لەگەڵیان دەمایەوە تا هەواڵێکی کۆشـک بزانێت، هەستی بە شانازی دەکرد، کە دەتوانێت خزمەتی خێزانەکەی بکات. بارناباســی برای بە بێ بەرامبەر ببووە نامەبەری کۆشــک تا رۆژێک بێت لە کۆشــک شەنسی وەرگرتنی هەبێت.

فریدا لەگەڵ یەکێک لە بەردەستەکانی ک دەڕوات و چیتر بەرگەی ئەو پەیوەنـدییە نـاگرێـت کە ک لەگەڵ مـاڵی ئۆلگـا هەیەتی، هەرچەندە فریدا پێشـتریش ئەم بەردەســتەی ناسـیوە، هەروەها بڕیاری دا بگەڕێتەوە بارەکە لە هێرن هۆف. ک هەوڵدەدات فریدە رازیبکات تا بگەڕێتەوە لای بەڵام هەوڵەکەی بێ سودە. دوایی کە ک هیچ شوێنێکی نیە تێیدا بمێنێتەوە، پێپی کە لە جێگەی فریدە لە بارەکە کاری دەکرد، داوای لە ک کرد لە لای بمێنێتەوە تا ئەم زستانە ساردە کۆتایی دێت ئەو کات دەتوانێت کارێک بکات.

ئینجـا دوای گفتوگۆیەکەی ک و ژنی خــاوەن میوانخـــانەکە، گریشـتکەر دەسـتی ک گرت و بە دوای خۆی رایکێشـا و داوای لێکرد ببێتە خزمەتکاری ئەســپەکانی. لە کۆتاییدا لە تەک دایکی گریشــــتکەر دادەنیشــێت، کە خەریکی خوێندنەوەی کتێبە. بەم شـێوەیە کافکا رۆمانەکە جێهێشـتووە. بەڵام ماکس برۆد تەواوی کردووە، گوایە کافکا لای ئەو باسی کۆتاییەکەی کردووە. کۆتایی

رۆمانەکە لای ماکس: رۆژی دوایی هەواڵێک لە کۆشـک دێت، کە ک رێگەپێدراوە یا دەتوانێت لە ئاوایییەکە بمێنێتەوە و کار بکات، بەڵام لەم رۆژەدا ک گیانی سپاردووە و لە خەو هەڵنەستاوەتەوە.

## رۆمانی قامچی، کاروان عبدوڵڵا

لەم رۆمـانەدا گێڕەرەوە نووســــەر خودی خۆیەتی، ژیـان و بەســــەرهاتی منداڵی و مێردمنداڵی و لاویەتی لە قۆناغەکانی خوێندنی ســەرەتایی و ناوەندی و پەیمانگا دەگێڕێتەوە، کە چۆن لە ژێر توندوتیژی و تیرۆڕ پەروەردە دەکرێن و لە هەموو لایەک دەچەوسێندرێینەوە!

سـەرمەد کە رۆڵی سەرەکی و کارەکتەری دیاری ئەم چیرۆکەیە، کێشــەی گەورەی خوێندن و چوونیەتی بۆ قوتابخانە، چونکە لە دوو لاوە ســـەرکۆنەی دەکەن و ئازاری جەســـتەیی و روحی دەدرێت، لەلایەک مامۆســتا و بەڕێوەبەری قوتابخانە، لەلایەکەی ترەوە دایک و باوک و برا گەورەی. ســـەرەڕای ململانێی لەگەڵ عەزە گوڕوو، سـەبۆ سـوور، میرۆ، کە قوتابی نێو پۆلی سـەرمەد بوون.

هەروەها نووسەر باسی حاڵەتی دەروونی منداڵێکی پێنج ـ شەش ســاڵی دەکات، کە چۆن ئەم توندوتیژییە لەگەڵی گەورە دەبێ و پاشــان کە دەبێتە مامۆســتا و دەگەڕێتەوە هەمان قوتابخانە بە هەمان کەرستە و عەقڵییەت و شـێواز هەڵسوکەوت دەکات. زۆر هەوڵدەدات خۆی لەو کولتورە دواکەوتووە دەرباز بکات و هێمن بێت و بە گفتوگۆ قوتابییەکان پەروەردە بکات، بەڵام ئەمە تەنیا

تیۆرییه و ناتوانێت ئەو شـێوازه بەردەوامی پێبدات، چونکه هەم مامۆســـتاکان دژایەتی دەکەن، هەم خۆشـــی زوو هەڵدەچێ و کـاردانەوەی تونـد نیشـــــان دەدات، که هەمـان کـاردانەوەی مامۆستاکانی سەردەمی خۆیەتی و ئەستەمه بتوانێ رزگاری بێ.

سـەبۆ که قوتابییەکی سـەرکێش و به توانا و عەجول و رکابەری سـەرسـەختی سـەرمەده لەم چیرۆکە، دواجار بەڕێوەبەر سـەبۆ لەســـەر بچووکترین هەڵســـوکەوت له قوتابخانه دەری دەکات و دەبێته هۆکاری له نێوبردنی ئاییندە و ژیانی سـەبۆ، چەندان ساڵ بێکار دەسووڕێتەوه و لەبەردەم قوتابخانه دادەنیشێت تا دوماهی شــــێت دەبێت و بەو شــــێتییەوه گیانی دەســــپێری، ئەمەش نـاخۆشـــترین هەواڵ بوو که ســــەرمەد له رێگـای رەیحـانه پێیگەیشت.

رەیحانه و ســـەرمەد هەر له منداڵییەوه هاوڕێی یەکتر بوون و دواتر پەیوەندی و هـاوڕێتییان گەشـــــه دەکات و دەبنه دوو خۆشـەویسـت و چەندان جار به نهێنی ژوان دەکەن، بەڵام عەزه گوڕوو که کوڕه ئاغایه، بەردەوام هەوڵدەدات به هەڕەشـــــه و لەگەڵ پاســـەوانەکانی رێگری له ســـەرمەد و رەیحانه بکات، تا بۆخۆی رازی بکات، ئەمەش دەبێته کێشـەیەکی بەردەوام له نێوان عەزه و سـەرمەد تا رۆژک برای سەرمەد تەقه له عەزه دەکات و

برینداری دەکات! لە کۆتایی سـەرمەد و رەیحانە بۆ یەک دەبن و بە بێ ئاهەنگ هاوســـەرگیری دەکەن. هەمان چیرۆک لە نێوان سەعیدی باوکی سەلیم و کەریم کوارگ هەیە لەسەر عەیشێ، کە ئەمیش بۆ سـەعید دەبێ، ئەو سـەعیدەی لەسـەر سـەلیمی کوڕی مامۆستا عەزیزی فاتە ڕەش دەکوژێ.

قامچی کە تایتڵی رۆمانەکەیە، لەو قامچییە هاتووە کە باپیری سـەرمەد لە ژوورەکەی خۆی هەڵیواسـی بوو، ببووە کابووسـی سەرمەد.

ئەم رۆمانە دەچێتە خانەی رۆمانی پەروەردەیی، رۆمانی گەنجان، رۆمانی مێژوویی و بیرەوەری. ئامانجی ئەم رۆمانە نیشـــاندانی رووی ناوەوەی کێشـــەکانی کۆمەڵگای کوردییە، کە هۆکاری سەرەکی دواکەوتووییمان خراپی پەروەردەیە.

نووســەر زمانێکی ســادە و رۆژانە و لە ئاسـتی کارەکتەرەکانی بەکارهێناوە، هەموو کەسـێک بە ئاسـانی دەتوانێ بیخوێنێتەوە. ئەم رۆمانە ئاگاداریەکی زۆر گرنگە بۆ ئەوەی هەموو تاکێکی ئەم کۆمەڵگایە هەسـت بەو شـەڕانگێزییەی ناخی بکات و خۆی دوور بخاتەوە لە هەر گرژییەک، چونکە وەکو ســـەرمەد بە توندوتیژی پەروەردە کراوین. شـــوێنی جوگرافی رووداوەکانی نێو ئەم رۆمانە شـارۆچکەی رەواندزە، خەرەندیش وەکو پارچە

جەســــتەیەکی گرنگی ئەم شـــــارۆچکەیە بەردەوام دێتە نێو ڕووداوەکان و چیرۆکێک دروست دەکات. لە خەونەکەی سەرمەد شـــێتەکان بە زمانێکی بەرزتر قســـــە دەکەن دوور لە زمانە ڕۆژانەییە سـادەکە، لێرە نووســەر دەیەوێت لەڕێی شـێتەکانەوە پەیامێک ئاڕاستە بکات.

## بەدگۆڕان ـ کافکا

رۆمانێکی کافکایە یەکەمجار لە ســـاڵی ١٩١٥ چاپکراوە (die Verwandlung)

پاڵەوانی ئەم رۆمانە گریگۆر سـامسـایە، فەرمانبەری کۆمپانیا و زۆر دڵـخـۆشــــە، کە دەتـوانیَ یـارمەتی خێزانەکەی بـدات و قەرزەکانیان کەمبکاتەوە، هەرچەندە کارەکەی قورس و زحمەتە.

بەیانێک هەوڵدەدات هەڵبســـتێت وەکو رۆژانی ئاســـایی بە شـەمەندەفەرەکەی رابگاو بچێتە سـەر کارەکەی، بەڵام ناتوانێت خۆی قیت بکاتەوە سـەری بە ئاسـتەم دەجولیَ و دەسـت و پێیە وردەکانی زۆر بیَ هێزن و ناتوانێت لە هیچ شـتێک گیریان بکات پشـــتێکی خڕ و ســـەرێکی بچووک و شـــەویلاکێکی گەورە و شـــلەیەکی لە دەمی دێتە دەرەوە، بۆتە قـالۆنچە. زەنگی کـاتژمێرەکەی لێـدەدا، دایکی بەهێوشـــی بـانگی کرد گریگۆر کوڕەکەم، گریگۆر بەئاســـتەم دەنگێکی لێوەهات، ئینجا باوکی و خوشـکەکەی بانگیان کرد بە زۆر لە خۆکردن و دەنگێکی نامۆ، گوتی باش! زۆریان لا سـەیر بوو دایکی هەسـتی دەکرد گریگۆر نەخۆشە و پێویستی بەیارمەتییە، کەچی گریگۆر خەمی کارەکەی

بوو، ئەگەر دەری بکەن چۆن دەتوانێ یارمەتی خێزانەکەی بدات و قەرزاکانیان بداتەوە.

پاشـــان نوێنەری بەڕێوەبەری کارەکەی هات بۆ زانینی هۆکاری نەهاتنی گریگۆر بۆ ســـەر کارەکە! بانگی کرد: گریگۆر دەرگاکە بکەرەوە ئاســـاییە گەر نەخۆشـــیت، من دەتوانم بۆ بەڕێوەبەر روون بکەمەوە، بەڵام کەمێک نەخۆشـی نابێتە هۆکاری نەهاتنت. دایکی: گریگۆر کوڕم دەرگـــاکە بکەرەوە نوێنەری بەڕێوەبەر دەیەوێت بتبینێت.

گریگۆر هەموو هێزی کۆکردەوە تا بتوانێت دەرگاکە بکاتەوە چەندان جار کەوتە خوارەوە و بەربۆوە تا دەرگاکەی کردەوە، دایکی کە بینی یەکسەر بوورایەوە، نوێنەری بەڕێوەبەر بەڕاکردن بۆ دەرەوە، بـــاوکی بە بێزاری و تووڕەیی بۆ نـــانـــدینـــەکـــە، خوشـکەکەی دەسـتی بە گریان کرد. گریگۆر هەر خەمی ئەوەی بوو نوێنەری بەڕێوبەر چۆن ئەم بـــارە بۆ بەڕێوەبەرەکەی شیدەکاتەوە.

رۆژانە خوشـــکەکەی ژوورەکەی بۆ پاک دەکردەوە و خواردنی بۆ دەبرد، باوکی هەر بیدیبا شـــتێکی تێدەگرت، رۆژێک چەند سێوێکی تێگرت تا سێوێک لە پشتی چەقی. گریگۆر بەردەوام لە ژوورە تاک و تەنیاکەی بوو، تا وا یلێهات مێزی نووســـین و

دۆلابەکەیـــان بـردە دەرەوە بە نـــاوی پـــاک کـردنەوە، دوایـی خوشـــکەکەی تاقەتی نەما چیتر پاکی بکاتەوە. لەبەر بێپارەیی ژووریکیان بەکریێ دا، دوای ئەوەی کرێچییەکان گریگۆریان بەم شێوەیە بینی خانووەکەیان جێهێشت، لەبەر خراپی گوزەرانیان و مـــانەوەیـــان بەردەوام لە مـــاڵەوە لە گریگۆر بێزاربوون، ئەو خوشکەی کە خۆشیدەویست، داوای لە دایک و باوکی کرد کە با رزگاریان بێ لە گریگۆر خۆ ناتوانن هەموو ژیانی خۆیان بکەنە قوربانی. گریگۆر نەیدەتوانی قســـەیان لەگەڵ بکات، بەڵام تێیان دەگەیشت، بۆیە هیچی نەخوارد تا گیانی دەرچوو. ئەنجام:

لەم رۆمانە کافکا باسـی سنووری خۆشەویستی خێزانیی دەکات، هەروەها باســی پووچی مرۆڤ کاتێ ســوودی نامێنێ، هەروەها بێزاری خۆی و گۆشـەگیری، کاری لەسـەر سـایکۆلۆژی باوک و وێنەیەک لە پەیوەندییەکانی خێزانی نێو کۆمەڵگا دەکات.

## سەرنج

ئەگەر بە وردی ســـەیری ناوەرۆکی ئەو رۆمانانەی پێشـــەوە بکەین و بە وردی بیانخوێنینەوە، ئەوە هەر هەموویان دەخرێنە کلێشــە و چوارچێوەی فۆرمی رۆمانی مۆدێرنەوە، مەبەســت لەو فۆرمە بنەما ســـەرەکییەکانی نووســـینی رۆمانە، لەم جۆرە رۆمانانە، بە کێشـەیەک دەست پێدەکات، جا خۆشـەویستی بێ یا دەروونی یا فیکری و نیشـــتیمانی و نەتەوەیی یا جەســـتەی و کۆمەڵایەتی – ئابووری – سـیاسـی بێ یا هەر جۆرێکی تر. لەم جۆرە گێڕانەوانە چاوەڕوانی شتێکی لەناکاو حاڵەتێکی سەرسام بوون و سەپرایزی گەورە نابیت و ناکرێت، چونکە وەک هەمیشە ســەرەتا و ناوەڕاســت و کۆتاییە و ئامانجێکی دیاریکراو دەپێکێ. هەروەها شـــتێکی زیاتر لە دۆن کیشـــۆت یا دۆن کیخۆت و هونەرمەند لەتافی لاویدا نەنووسـراوە. ئەمانە تەنیا تێمە و بابەت و ناوەرۆکیان و زمانی نووسـینیان لە یەکتر جیاوازە، ئەویتریان هەر هەموویان لە یەک چوارچێوە و بازن و ریتم کاردەکەن. لە رۆمانی (حیکایەتەکانی باوکم) کێشە و پاڵەوان و کەسایەتییەکانی تری نێو رۆمانەکە زۆر ئاسایین و ئامانجێکی روون و ئاشکرا و دیاری هەیە و گەمەکانی تری نووسەر قسەکردنە لەگەڵ خوێنەر بەشـێوەیەکی ناڕاســتەوخۆ، ئەمە شــتێکی ئاســاییە لە نێو ئەو مۆدێلەی رۆمان نووســـینە. نووســـەر لە رێگەی رووداوەکان

لایەنە شاراوەکان و ئاشکراکان تێکەڵاو دەکات و ئەو کێشانەی هەر تاکێک هەستی پێدەکات، بەڵام ناتوانێت بەم شێوەیە دەربیبڕێت، کەچی نووسەر بە رستەیەکی جوان و سۆزئامێز پێیدەبەخشێتەوە لەگەڵ زیادکردنی کۆمەڵێک حاڵەتی ئاسای مرۆڤ لە دەوری کێشە یا بابەتە سەرەکییەکە، کێشە گەورەکەی خیانەتی ژنە لە پیاو و دڵ پیسی پیاوە لە ژن. کە لە کۆمەڵگە تابووە و لە ژیانی رۆژانە ناتوانرێت باسی لێوەبکرێت بەهۆی ئەو سنوورانەی کۆمەڵگە دروستی کردوون، دوای ئەوەی لەسەری رێککەوتوون هەر کەسێک بیبەزێنێت رووبەڕووی سزای ئەخلاقی دەبێتەوە، کە کەمترین سزا دوورکەوتنەوە و گۆشەگیریی و خەمۆکییە. بۆ نموونە کێشەی کاپتن های بۆ دەستەمۆکردنی نەجمەدین باشچاوش و تێرکردنی حەزی سێکسی یا خەونەکەی حاجی پووشۆ و مەقاماتی شەهابە لە مەرقەدی عەبدولقادری گەیلانی و مام موراد موهاجیر و سەهیۆنی خۆشەویستترین هاوڕێی و خیانەتی عەزە تورگ و ...هتد. هەروەها تەواوی رووداوەکان و چیرۆکی دروست بوونی رووداوەکان شتی ئاسایی و بەشێکن لە کێشەی رۆژانەی مرۆڤەکانی ئەم ناوچە بەگشتی و شاری هەولێر بەتایبەتی، جگە لەمە دواکەوتووی خەڵک و نەبوونی ئازادی و پەروەردەیەکی پیاوسالاری سەرەڕای زوڵم و سیاسەتی داگیرکەران، ئەمە

هەموو ناوەرۆکی رۆمانەکەیە یا بڵێین کەرستەکانی چیرۆکەکانن، نووسـەر (فەرهاد پیربال) توانیویەتی پەیوەندییەکی باش لە نێوان قســـەکەر و گوێگر دروســـت بکات لە رێگای هەڵبژاردنی ئەو زمانەی کارەکتەرەکان گفتوگۆی پێدەکەن، پەیوەندییەکی باشـــی لە نێوان (قســـەکەر-وەرگر) دروســـتکردووە، ئەمەش وایکردووە خوێنەر هەسـت بە بێزاری نەکات و بەردەوام بێت لە خوێندنەوە تا کۆتایی رۆمانەکە.

بەڵام ئەوەی مەبەســـتە لێرە بگوترێت ئەوەیە، کە ئەم رۆمانە (حیکایەتەکانی باوکم) هەمان ئەو قاڵبەیە کە رۆمانی کوردی هەیەتی و پێی نووســـراوە، جگە لە نـاوەرۆکی رۆمـانەکە جیاوازییەک تری نییە، مەبەســـت لە ناوەرۆک خودی کێشـــەی تێمەی نێو رۆمانەکەیە نەک ناوەرۆکێکی داهێنەرانە کە پێشـــتر نەوترابێت، ئەمەش هیچ لە بایەخی رۆمانەکە کەم ناکاتەوە، ئەوەیە کە دەمانەوێت جیاوازی لەگەڵ رۆمانی پۆســـت مۆدێرنی پێبکەین و خاڵە هاوبەش و جیاوازییەکانیان دیاری بکەین.

هێرمان شـــۆلتز لە رۆمانی ئیســـکەندەر کاری لە نێو کولتوری تورکی کردووە، کە ئەوانەی لە سـنووری ئەوروپا و خۆرئاواوە نزیکن مۆدێرنتر و کراوەتر و رۆشـنبیرترن لەوانەی گوندنیشـین و خۆرهەڵاتی تەواون و توانای تێکەڵاویی کولتوری خۆرئاوای و

ئەوروپییان نییە. ئەگەر سـەیری کەسایەتی یا کاراکتەری ئەساف بکەین کورێکی گوندی و شـــــوانکاری تورکی بە عەقڵییەت و کولتوری خۆی دەچێتە ئەڵمانیا تووشـی یەک دونیا کێشە دێت لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان. کەچی لەیلا لە تورکیا ئەم کێشـانەی نییە. جگە لە کێشـــەیەکی راســـتەوخۆ و ئەکتوئێل، کە ئەوەی ماوەیەک لە ئەوروپا ژیابێت هەسـتی بەم گرێیە کردووە لە نێوان ئەم دوو کولتورە خۆرهەڵاتی و خۆرئاواییە بەڵام دوایی بە پێی کەســــەکـان دەگۆڕدرێـت و گونجـان و بە یەکەوە ژیـان یـا رەتکردنەوە. ئەمە ســــەرەکیترین تێمەی هێرمانە لە رۆمانەکە، لەســــەر هەمان قاڵبی ئاســـایی رۆمان نووســـین، بەڵام بە رۆشــــنبیرییەکی زیـاتر و بـاکگراوەنـدێکی بەهێزتری هونەری رۆمان نووسـین و ژینگەیەکی ئارام و تەندروست بۆ بیرکردنەوە کاری کردووە لە ورەووژاندنی بابەتەکان و نیشــــاندانی وێنە گشـــتییەکـان و زمـان و بێ تـاقەت نەکردنی خوێنەر. بەڵام ئامانجێکی دیار و یەک هێڵی گشـتی و یەک شـێوە لە گێڕانەوە لە سەرەتاوە تا کۆتایی.

رۆمانی حاڵەتە ناوێزەکەی بنیامین بۆتۆ، بە هەمان شــێوە هێڵە گشـتییەکەی روون و ئاشـکرایە، کە دیاریکردنی سـنووری عەقڵی مرۆڤە بەرامبەر بە دوو شــت ئەویش یەکەم: کات ناوەسـتێت و نــاگەڕێنــدرێتەوە دواوە. دووەم: دەســــتکــاریکردنی قەدەر و

چارەنووس واتە دەستکاریکردن و دەست تێوەردان لە کاروباری خودا، ئەوەش بەدەرە لە توانای مرۆڤ، هەر هەوڵێکیش بۆ ئەم مەبەســـتە مرۆڤ کاری خۆی و ژیانی خۆی ئاڵۆزتر دەکات و سیستمی ژیانی مرۆڤ ئاوەژوو دەبێتەوە.

هەروەها لە رۆمانی کۆشـــک کە چەند بە وردی و وریاییەوە چیرۆکەکانی نێو رۆمانەکەی چنیوەتەوە، بەڵام هەر لە باســـی دواکەوتوویی کۆمەڵگە و چەوسـاندنەوە دێتەخوارێ بۆ کێشـەی بێکاری و دەســـەڵاتی بێ ئاگا و نەخوێندەواری کۆشـک و حوکم کردن لە دوورەوە، ئامانجی ئاشکریە.

ئەگەر ئێمە ســـەیری مێژووی چڵ ســـاڵی رابردووی ئەو وڵاتە بکەین، کە خۆمـــان تێیــدا دەژین، دەبینین هەمـــان پەروەردە دووبارەبۆتەوە، بەڵام لە شـــوێنێکی تر و ســـەردەمێکی تر و نەتەوەیەکی تر، ئێمە ئەنفال و کیمایاباران و رەشـــەکوژی و دەستدرێژی سێکسی و تاڵانی دەستی داعش (دەوڵەتی ئیسلامی کە بۆ ماوەی دوو سێ ساڵ لە سوریا و عێراق دامەزرا) هەیە و هەروەها پارچە پارچە بوون، بەشـێوەیەک لە شـێوەکان خەڵکی وڵاتەکەی خۆشمان بەشداربووە تێیدا، بە ناوی باوەڕ یا دژایەتی یا خیانەت یا بازرگانی، بەڵام ئەمە نەتوانراوە بەشـێوەیەکی ورد لێکۆڵینەوەی بۆ بکرێت و بە شـــێوەیەکی هونەری جوان و

وەسـتایانە کاری لەسـەر بکرێت و بکرێتە کەرسـتەیەکی ئەدەبی وا، سـەرنجی خوێنەرانی ناوەخۆ و دەرەوە رابکێشـێت، چونکە رۆمان گێڕانەوەی مێژووی نەتەوەیەکە جا لە هەر روویەکەوەبێ، رەنگە هەوڵدرابێت و چەند نموونەک هەبێ، بەڵام تا ئێسـتا لە نێوەندی ئەدەبی کوردی رۆمانێکی وا دەرنەکەوتووە ببووبێتە جێگەی گفتوگۆ و قسـە لەسـەرکردنێکی فراوان و خوێنەر بە جۆشـەوە بەدوایدا بگەڕێ بۆ خوێندنەوەی. هەروەها ئەگەر سەیری کارەکتەرەکانی نێو ئەو رۆمانانە بکەین دەبینین هەمووی کوڕە هەژار و ژیانێکی پڕ مەرگەسـات و دژواری هەیە و بێ ئامانج و بێ دەسـتکەوت کۆتایی بە ژیانی دێ، ئافرەتی کورد لە نێو رۆمانی کوردی زیاتر بەکەسێکی لاواز و تێکشکا و بێبڕوا و گەمژە ناسـراوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەش دەبێ بزانین رۆماننووس کارێکی ئەسـتەم دەکات، چونکە ژانری رۆمان هیچ پێشـینە و باکگراوەندی مێژوویی لە نێو ئەدەبیاتی کوردی نییە، زیاتر کەوتوونەتە ژێر کاریگەری ئەزموون و رۆشـنبیری بێگانە و کارەکترەکانی بێگانەش وەکو کارەکتەری کوردی نین، بۆیە تەرجەمەکردنی ئەو رۆشـنبیرییە و گۆڕین و داڕشـتنەوەی بە زمانی کوردی و لە نێو بابەتێکی کوردی ئاسـان نییە. لای ئێمە ئەوەندەی رێکلام بۆ کتێبەکان دەکرێ، ئەوەندە ناخوێندرێتەوە. جا ئەوە هۆکاری زۆری هەیە: نەبوونی پسـپۆڕی و پێشـینە لە

نووســـینی ڕۆمان، شـــارەزایی لە زمانی بێگانە و زمانی دایک، خوێندنـەوەی زۆری ڕۆمـان و لێکۆڵینـەوە لەســـــەر ڕۆمان و ئـەدەبیات بـە گشـــتی، زانین و ئامادەباشـــــی بۆ چنینەوەی چیرۆکـەکان و گێڕانەوەی بەشـــــێوەیەکی هونەری بەرز. لەوە گرنگتر ئەزموونە جا ئەزموونی خودی نووســەربێ یا وەرگیراو بێ، بـەڵام بـە پێی لێکۆلینـەوەکان ئەزموونی کەســـــی کارێکی سـەرکەوتووتر و جوانتری لێکەوتۆتەوە. بۆ نووسینی هەر جۆرە ڕۆمانێک پێویســتیت بە کۆمەڵێک کەرســتە و زانیاری هەیە، بۆ نموونە لە ڕۆمانی کتێب دز نووسەر ناوی کۆمەڵێک کتێبی گرنگ بـەبیر خوێنـەر دێنێتـەوە، هـەروەهـا موراکامی ناوی چەندان کتێب و سـەمفۆنی گرینگ دەهێنێت. نووسینی ڕۆمانی پۆلیسی پێویستە تاوانێک دەســتنیشـــان بکەیت و ئینجا ئاگاداری یاســا و ڕێنوێنی پۆلیس و کێشـــە کۆمەڵاتەییەکان و ســـاختەکارییەکان و کێشـــە دەروونییەکان بیت و ســـــەردانی بەندیخانە و هۆڵی دادوەریت کردبێ، هـەروەهـا لەگەڵ چەندین تاوانبار و زیندانی بێ تاوان گفتوگۆت کردبێ و گوێبیســتی چیرۆکەکان بیت لە لایەن تاوانبار و پۆلیس و خاوەن ماف و پۆلیســـــی نهێنی. هەروەها زانیاریت لـەســــــەر چۆنیـەتی دزیکردن و تاکتیکەکان هـەبێ، لەلاکەی تر ئاگاداری پلان و شـــێوازی کارکردنی پۆلیس بیت و پۆلیســـــی گـەندەڵ و گەمژە لە پۆلیســـــی ڕاســـــتگۆ و پاڵەوان لەیەکتر

جیاکەیتەوە و بچیتە نێو ناخی کارەکتەرەکان و زمان و جوولەی جەستە و هتد.

## بەشی دووەم

## تەوەری یەکەم:

## زاراوەی پۆست مۆدێرنیتە، پۆست مۆدێرنیتزم

پێشگری پۆست مێژوویەکی ناجێگیر و پێش و پاشی هەیە، لە ساڵی ١٩٣٩ کۆژێف واتای پۆست و پێشگری پۆستی بەکارهێناوە لە خوێندنەوەی بۆ هیگڵ.

هەروەها لە ١٩٧٣ دانیال بیل زاراوەی پۆست پیشەسازی بەکارهێناوە.

پۆست بەواتای پاش یا دوایی دێت. لە هەندێک جێگا باسی ئەو گفتوگۆیانە دەکرێت کە لەسەر کێشە کۆمەڵایەتییەکاندا کراوە زاراوەی پۆست بەکارهاتووە. هەروەها (ئادرنۆ)ی کۆمەڵناسی ئەڵمانی و (ئالان تۆری)ی فەرەنسی پێشگری پۆستیان بەکارهێناوە لە کتێبەکانی (کۆمەڵگای دوای پیشەسازی و کەمترین مۆرال). گەلێک نووسەر و نووسینی تر هەن لە بارەی پۆست و لێکۆڵینەوە لە پۆست مۆدێرنیزم و بەکاربردنی ئەم زاراوەیە یا ئەم پێشگرە، بەڵام لە هەموویان دیارتر کە بەتەواوەتی رەنگی دایەوە لە نێو کولتوری رۆژئاوا، کتێبەکەی (یان فرانسیس لیۆتارد) بوو بە ناوی (زانینی پۆست مۆدێرن).

پۆســـت مۆدێرنیزم یا پۆســـت مۆدێرنیتە جیاوازیەکی ئەوتۆ لە نێوانیاندا نییە، هەندێک وای دەبینین کە پۆسـت مۆدێرنیزم وەکو جوڵانەوەیەکی فیکری نوێیە و گرینگی بە لایەنە رووناکبیرییەکان دەدات. هەرچی پۆست مۆدێرنیتیە فێنۆمینێکی کولتورییە، گرینگی بە لایەنە کولتورییەکــان دەدات، بە فرەلایەنی کــار لەســـــەر گۆڕانکـارییە کولتوری و کۆمەڵاتـەییەکـانی کۆمەڵگـای مەدەنی بەتایبەتی رۆژئاوا دەکات. ئەم جیاوازییە زۆر جێگای بایەخ پێدان نییە.

لەســـاڵی ١٨٧٠ یەکەمجار لەلایەن هونەرمەندی شـــێوەکاری ئینگلیزی (جۆن واتینـگ کـامپەن) بەکـارهـات، بەڵام لەلایەکیتر واتـای پۆســــت مۆدێرنیتیزم زیاتر بۆ کۆتایی حەفتاکانی ئەم ســــەدەیە دەگێڕنەوە، کە زۆرتر لەم ماوەیە کاری پێکراوە و بەکارهاتووە لە بوارەکانی ( فەلســـەفە، هونەر، ســـینەما، زمان، شـــانۆ، پۆلەتیک، ئەنترۆپۆلۆگی، ســـایکۆلۆژی، کۆمەڵناســـی، تەلارســازی) بەتەواوەتی چەسـپاوە. دوای ئەمەش لە هەشـتا و نەوەدەکان بووە جێگـای گفتوگۆیەکی تیۆری چڕ و کۆمەڵێک کتێب بە تایبەتی لە ئەمریکا و ئەوروپا بڵاوبوونەوە لەســـــەر بـابەتی پۆســــت مۆدێرنیزم، کە ناوەرۆکی کتێبەکانیش زۆرتر لێکۆڵینەوەبووە لە کۆمەڵگا پێشــکەوتووەکان و دیاردەکانی نێو ئەم کۆمەڵگایانە، لەم ناوەش زۆرتر پێشــگری پۆســـت دەخەنە

پێش هەموو ناو و فەلسەفە و تیۆر و زاراوەکان وەک کۆمەڵگای پۆســـت کۆمۆنیزم، کۆمەڵگای پۆســـت ئیندوســـتری، کۆمەڵگای مارکسـیزم، پۆسـت فێمینزم، پۆسـت سـترۆکتۆرالیزم، پۆسـت – پۆست مۆدێرنیزم ).

لەگەڵ ئاشـکراکردن و ئازدکردنی غەریزە رۆحییەکان و حاڵەتە نهێنییەکـانی جەســــتە، هەروەهـا پێشــــکەوتنی تەکنۆلۆژیـا و گلۆبالیزم. پاشـان لەسـاڵی ١٩١٧ (رۆدۆلف پانڤیچ) بەکاریهێنا بۆ رەتکردنەوەی شــیکردنەوەکانی نیتچشـــە لەســـەر مۆدێرنیتە و نیهیلیزموز.

ئینجا سـاڵی ١٩٢٦ تیۆلۆگی ئەمریکی ( بیرنارد ئیدینگس بیل) وا وەســــفی پۆســـــت مۆدێرنیتە دەکات، کە ئاینێکی تازەیە لە چوارچێوەی رۆشنبیری مەسیحی. هەروەها ئەدەبناسی ئیسپانی (فریدریکۆ ئۆنیس) لە ســـاڵی ١٩٣٤ ئەم زاراوەیەی بەکارهێناوە لەو کتێبەی لەســـەر دەقە شـیعرییەکانی ئیسـپانی و ئەمریکی لە نێوانی ســـاڵانی ١٩٠٥ و ١٩١٤نووسـیوە. نووســـەری ئەمریکی (ئیرڤین هاو) دەڵێ: پۆســـت مۆدێرنیتە واتە ســـقوتکردنی فۆرمی مۆدێرنیتە بە هۆی زیادبوونی حەز و ئارەزووی نوێ.

ئینجا کۆمەڵێک نووســـەری داهێنەر دێن بە تیۆر و میتۆدی تازە لێکۆڵینەوە و کار لەســــەر پۆســــت دەکەن دەبنە رۆشــــنبیر و

ئەکـادیمی ئەم مۆدەیە وەک پێویســـــتییـەکی مێژوویی، لەوانە (ئادرنۆ، ئالبرێخت ویلمار، فۆکۆ، بارت، درێدا، لوچی، لاچان....). داڤید لیۆن پۆســـت مۆدێرنیتە بە چاکترین و باشـــترین ئاســـت دەزانێت، کە روونـاکبیرانی رۆژئـاوا پێیگەیشـــتبن، کە بتوانن کۆمەڵگای رۆژئاوای پێ شـــیبکەنەوە و کێشـــە و گرفتەکانی رۆژئاوا بخەنە بەر باس و رۆشنایی.

پۆســـت مۆدێرنیتە پەیوەندیەکی راســـتەوخۆ و توندوتۆڵی بە وڵاتانی رۆژئاواوە هەیە، بە حاڵەتی کۆمەڵایەتی و ئابووری و پیشـــەســـازی و کولتوری و هونەری ئەوانەوە هەیە، لە دوای مۆدێرنیتە، پەیوەندی بە مێژووی دوو ســـەد ســـاڵەی کۆمەڵگا مۆدێرنیتە ماتماتیکییەکان هەیە، پەیوەندی بە بارودۆخی فیکری و سـیاسـی ئەو کۆمەڵگا پێشـکەوتووانەوە هەیە دوای دروسـت بوونی کێشـــەی نوێ و بێزاربوونیان لە پرینســـیپەکانی پرۆژەی مۆدێرنیتە و سنووردارکردنی ژیانی مرۆڤ.

رەنگە لە کۆمەڵگا دواکەوتووەکان حاڵەتی پۆسـت هەبێت، بەڵام لە خۆوە و بێ ئاگا، نەک لە ئەنجامی برِنی قۆناغە مێژووییەکان بە تایبەتیش قۆناغی مۆدێرنیتە. پۆسـتەکان بەچاوێکی ناشــەرعی ســـەیری ئەو دەســـەڵاتە تۆتالیتاری و تیۆرە گشـــتگیرییە پڕ لە پرینسـیپەی مۆدیرنە دەکەن، کە لە ئاسـتی سـیاسـی توندڕەوێکی

بێســنووری لە خۆگرتووە، ئەو تیۆرەی وەک عەقڵ پێشـکەشــی دەکەن و بەردەوامیش بە کەنــاڵی تـر درێژی دەکەنەوە بـۆ وابەســـتەبوون بەیەکتری، لەبەرامبەر ئەمە پۆســـت مۆدێرنە لە دەوروبەری هەشتاکان بە شێوەیەکی دیار سەری هەڵدا.

## تەوەری دووەم

## مەبەستەکانی پۆست مۆدێرنە

## مەبەستی پۆست مۆدێرنیتە دوو خاڵی سەرەکی بوو:

١-پۆست مۆدێرنیتە لێکوڵینەوە و شیکردنەوەی مۆدێرنیتە.

٢-پۆست مۆدێرنیتە جۆرە رۆشنبیرییەکە، یاخود رەخنەیەکی بیرجولێنەرە، بۆ گۆڕینی بنەماکانی مۆدێرنیتە.

فرانسویس لیۆتارد لە کتێبی (زانینی پۆست مۆدێرنیتە) فەلسەفەی سیستمی عەقڵی مۆدێرنیتە رووندەکاتەوە، لە نووسینی پرۆژەکەی بۆ حکومەتی کەنەدا باس لە رۆڵی رۆشنبیری و زانین دەکات لە نێو کۆمەڵگایەکی پیشەسازی پۆست، لەوێوە بڕیاری نەمانی حیکایەتە گەورەکان دەدات، ئەمەش بووە بنەمایەک بۆ هەموو بوارەکانی فەلسەفە و هونەر و کولتور و زانستی کۆمەڵایەتی، هەروەها لیۆتارد باسی حیکایەتەکانی دەکرد، نەک فەلسەفەی سیستمەکە، لەسەر یەکە یەکەی حیکایەتەکانی مۆدێرنیتە، بەمەش لیۆتارد بەیانێکی جیهانی دا بۆ دیاریکردنی بنەمای پرینسیپی سێنتراڵ (خوا یا بکەر) دەرگا والاکردنی گفتوگۆیەکی گشتی لەلایەن لیۆتارد بۆ

دەستنیشانکردن و روونکردنەوەیکی گشتی رەها و پرینسیپێکی بەردەوام (خوا ، بکەر ، عەقڵ ، تیۆری سیستم ، تیۆری کۆمەڵایەتی مارکسی) خستنە رووی کۆمەڵێک گەمەی زمانی، کە هەریەک بە شێوەیەک قسە دەکات و جۆرێک گێڕانەوەی هەیە، ئەمانە دەیانەوێت کامە گێڕانەوە یاخود کامە مۆدێلی روونکردنەوە پێشکەش بکەن، لێرە لیۆتارد دژی رۆشنبیری گشتی نییە، بەڵکو دژی مێژووی فۆرمێکی دیاریکراوە، کە لەسەر بنەمای نایەکسانی وەستاوە.

ئەم گفتوگۆیەی لیۆتارد دەنگێکی زۆری دایەوە و بەشێوەیەکی زۆر چڕ لە ساڵی ١٩٨٠ وە تەرکیزێکی گەورەی لە ناوەندی رۆشنبری بۆ کرا، بەڵام لە ساڵی ١٩٨٩ پۆست مۆدێرنیتە تووشی هەڵوەستە بوو، دوای دەرچوونی تێزەکەی فۆکۆیاما بە تایتڵی (کۆتایی مێژوو).

پۆست مۆدێرنیتە بەرەنجامی کۆمەڵگایە، دوای شکستهێنانی گشتگیر و لێک جیاکردنەوەی ئەو راستی و یەکسانییەی بە زۆر بەیەکەوە گرێدرابوون، گەڕاندنەوەی هەستیەری جیاواز و دروستکردنی ناوەرۆکێکی وەک یەک لە نێو یەکیتیەکی هەمەجۆر و جیاواز. نوێکردنەوە سەنتەری کارەکانی پۆست نییە، بەڵکو پرۆسەیەکی نوێی بە یەکەوەگرێدانی لێک دابراوەکانە بە بیری

تازە، جیهان بەرەو گەشتێکی بەڕێکەوت و ناسێنتراڵی دەبا، نەک هەنگاونان بەرەو ئامانج، بەهەمان شـــێوە ناجێگری پێناســـەی مرۆڤ لە رێگەی کەناڵی جیاواز.

پۆســـت لەدەســـتدانی ئۆتۆنۆمییە و تێکشـــکاندنی پەیوەندی ترادیســـیۆنییە، ئازادبوون و قبوولکردنی ئەویترە وەکو خۆی. دژی نووسـینی چەسـپاو و داخراون. لەلایەنی هونەری پۆسـت مۆدێرنیتە وەکو (یۆرگ میشـکا) تێیدەگات: بەرەوپێش چوونەکی مەزنی بە خۆیەوەبینی، شێوەیەکی جیهانی تری پێوەدیارە.

موزیکژەنە پۆسـت مۆدێرنیتەکان بە سـتایلی جیاواز وەک (فلیپ گلاس، سۆفیا گوبایدولینە، ئامۆن تۆبین، ئارڤۆ پێرت.....).

لە پۆلەتیک پۆسـت مۆدێرنیتە زۆر تازەیە لە بەرامبەر ریالیسـت و لیبرالەکان، بۆیە تا ئێســـتا هەر تیۆرە، زیاتر خۆی لە نێو تێکســـت و وێنە و ســـیمبۆلەکان دەبینێتەوە. بۆ نموونە رۆمانی پۆسـت مۆدێرنیتە، ئەگەر سـەیری ئەو رۆمانانە بکەین سـتایل و شـــێوازێکی تریان هەیە لەوانەی پێشـــوو، ئەگەر رۆمانەکانی ســـەردەمی مۆدێرنیتە، گێڕانەوە، بکەر، چارەنووس بێت، ئەوە لە پۆســـت مۆدێرنیتە تەنیا بنەمایەکی لەوانەی تێدایە، شـــێوازی گێڕانەوەی زیاتر پرســـیار ئامێزە، ئەنجام و ئامانج زۆر گرینگ نییە، پـــاڵەوان بە دوای هەڵبژاردنی بڕیـــارەکـــان نـــاگەرێـــت،

تێکەڵکردنی مەبەســـتەکان و شـــاردنەوەی و کۆلاجکردنی بە ڕووداوێکی مێژوویی یا تێکســـتێکی بەناوبانگی کۆن، هەروەها والاکردنی کۆمەڵێک دەروازە بەڕووی خوێنەر، دوورکەوتنەوە لە جیهانبینی و لۆژیک، خوێنەر خۆی لەڕێگای دۆزینەوەی هێماکان و یارییەکان لۆژیک دەدۆزێتەوە.

ئەم میتۆدە کۆرنۆلۆژییە ســـەد ســـاڵ بەر لەزایین هۆراس کارییپێکردووە، هەروەها ســوریالییەکان بەهەمان شـێواز کاریان کردووە، چونکە ئەم گێرانەوە شـیعرییە و ئەم فیگۆرەی تێکسـت، کە مەبەستی یەکەمی نووسـەرە لە ژێر کاریگەری دێ سوسـێر، ئاراســـتەی کەســـی نامۆ و ناوازە یاخود گرووپێک دەکات، کە چارەنووسی تایبەتیان هەیە لەو جیهانە. (شـارێک لە شـووشـە)ی پاول ئۆسـتەر، (حەوت چرکە)ی دۆن دێلیلۆ، (پۆستکارتە)ی جاک درێدا، (قەڵای سـپی ، من ناوم سـوورە)ی ئۆرهان پامۆک، (دوا جیهان)ی کریسـتۆف رانسـمایەر، (منداڵی نیوەشـەو)ی سـەلمان ڕوشدی، نموونەی ئەم رۆمانانەن.

## تەوەری سێیەم

## نووسەرە دیارەکانی پۆست مۆدێرنیتە:

نووسـەرانی پۆست مۆدێرنیتە زۆرن، ئێمە لێرەدا ناوی بەشێکیان دەهێنین، بەڵام ناتوانین باســـی هەموویان بکەین، تەنها لەســـەر ژیان و کارەکانی هەندێکیان دەوەستین.

١- یان فرانسیس لیۆتارد.
٢- فرانسیس فۆکۆیاما.
٣- ئیرڤینگ هاو.
٤- جاک درێدا.
٥- میشێل فۆکۆ.
٦- رۆلاند بارت.
٧- لویس ئیرگارای.
٨- جاک لاجان.
٩- یۆناتان کریمەر.
١٠- ئالبرێخت وێلمار.

## ئالبرێخت وێلمار

لە ٩ حوزەیرانی ١٩٣٣ بێرگ کیرشــن لە ئەڵمانیا لە دایک بووە، لە ســاڵی ١٩٥٣ ئامادەیی تەواوکردوە، لە ســاڵانی ١٩٥٤ – ١٩٦١ بەشی ماتماتیک و فیزیا و مۆسیقای لە بەرلین و کیل خوێندووە. لە ســاڵانی ١٩٦١ – ١٩٦٦ بەشــی فەلســەفە و ســۆسـیۆلۆگی لە زانکۆی هایدلبێرگ و فرانکفۆرت خوێندووە.

لە ١٩٦٦ تـا ١٩٧٠ یارمەتیدەری (یورگن هابەرماس) بووە لە زانکۆی فرانکفۆرت. لە ١٩٨٥ تـا ١٩٨٧ وەکو پرۆفیســــۆر لە (New School for Social Research) لە نیویۆرک. لە ســـاڵی ١٩٩٠ پرۆفیســـۆری بەشـــی فەلســـەفەی (ئیســـتەتیک، هێرمۆنتیک، زانستی مرۆڤ)ە لە زانکۆی ئازادی بەرلین.

## یان فرانسیس لیۆتارد

له ١٠ی ئاوگســتی ١٩٢٤ له ڤێرســالیس له دایک بووه، له ٢١ی ئەپریلی ١٩٩٨ له پاریس کۆچی دوایی کردووه.

لیۆتارد فەیلەســوف و تیۆردانەری ئەدەبی فەرەنســی بوو، کارەکانی بەســەر ســێ بوار دابەش دەکرێت (فێنۆمێنۆلۆگی، پۆلەتیک، ســترۆکتۆرالیزم). دواکاری لیۆتارد لەســەر پۆســت مۆدێرنیته بوو، که له هەموو کارەکانی زیاتر قسەی لەسەر کرا و ناوبانگی پێدەرکرد.

لیۆتارد له ســاڵی ١٩٥٠ تاقیکردنەوەی بەشــی فەلســەفه ئەنجام دەدات، دواتریش له جەزائیر وانەی فەلســەفه له قوتـابخـانه بەرزەکان دەڵێتەوە.

له ســاڵی ١٩٥٤ تا ســاڵی ١٩٥٦ لەگەڵ چەند رۆشــنبیرێکی فەڕەنســی مارکســی گرووپێک بەناوی (ســۆســیالیزمۆز یا بەربەری) دادەمەزرێنن دژی روســیای ســتالینی، لەم ماوەیه گۆڤارێک دەردەکەن و لیۆتارد ســێزده وتاری ســیاســی دەنووسێت، که زۆربەیان لەسەر داگیرکردن و شەڕی جەزائیر بوو، بەڵام دوای دروســت بوونی گفتوگۆی توند و بەگژیەک چوونەوە، لیۆتارد گرووپەکه جێدەهێڵێت و دەڵێت: خولێکی ژیانم

کۆتایی هات، من ئیتر واز له خزمەتی شـــۆڕش دەهێنم، من شتێکی تر دەکەم، من خۆم رزگارکرد.

له سالّی ١٩٦٨ بوو به پرۆفیسۆری فەلسەفه له زانکۆی پاریس، دواتر وانەی (تیۆری رەخنەیی) له زانکۆی کالیفۆرنیا دەگوتەوە، هەروەها له زانکۆی تیمۆری له ئەتلەنتا وانەی زمانی فەرەنسی و فەلسەفەی دەگوتەوە. لیۆتارد لەگەڵ جاک درێدای فەیلەسوف و دانەری قوتابخانەی هەڵوەشانەوەگەری، کۆلێژی فەلسەفەی ئینتەرناسیۆنالیان له پاریس دامەزراند.

لیۆتارد له سالّی ١٩٧١ دکتۆرای فەلسەفەی وەرگرت.

له سالّی ١٩٧٨ وەکو پرۆفیسۆری زانکۆ دامەزارا.

له سالّی ١٩٧٩ لیۆتارد (زانستی پۆست مۆدێرنیته)ی بۆ زانکۆی (کیوبێک) له کەنەدا نووسی، که باسی کۆمەڵگای پاش پیشەسازی دەکات، لەم نووسینه زاراوەی پۆست مۆدێرنیته بەکاردەهێنێت.

لیۆتارد دوو جۆر فۆرمی بۆ زانست هەیه له یەکتری جیایاندەکاتەوە، ئەویش:

یەکەم : زانســـتی زانین، کە شـــەرعییە، بەڵام بێ روونکردنەوە دەمێنێتەوە.

دووەم : زانســـتی گێڕانەوە، ئەمە زانســـتی ترادیســـیۆنییە، کە فۆرمی مێژوویی و گێڕانەوەیە، مرۆڤ زۆر ئاگای لە قووڵایی شـــەرعییەتەکە نییە. لێرەوە لیۆتارد بانگێشـــتی نەمانی حیکایەتە گەورەکانی کرد و پرۆژەی مۆدێرنیتە کوژایەوە، پێناســـەیەکی تری بۆ ژیـان و مرۆڤـایەتی هێنـا کـایەوە. کـارەکـانی لیۆتـارد (لیبیدینۆزە ئۆکۆنۆمی، زانســـتی پۆســـت مۆدێرنیتە، هایدیگەر و جولەکەکان، دیسان ململانێ).

## تۆماس پینكۆن

یەكێكە لە نووســـەرە دیار و بەناوبانگەكانی ئەدەبیاتی ئەمریكی، بەتایبەتیش ئەدەبی پۆست مۆدێرنیتە، پینكۆن لە ٨ مایسی ١٩٣٧ لە نیویۆرک لە دایكبووە، لە ســـاڵی ١٩٥٣ بەشـــی فیزیای خوێندووە، پاشـــان ئەدەبی ئینگلیزی لە زانكۆی كۆرنیک لەو شوێنەی كە قوتابی ڤلادیمیر نابۆكۆڤ بووە.

لە ساڵی ١٩٥٥ لە زانكۆ دادەبڕێ تا خزمەتی سـەربازی بكات لە ریزەكانی US Navy سەربازی دەریایی.

لە ساڵی ١٩٥٨ لە نیویۆرک دەست بە نووسینی یەكەم رۆمانی دەكات لە ســـاڵی ١٩٦٠ وەک میكانیک لە كۆمپانیای بۆینگی فڕۆكەوانی ئەمریكی كاردەكات. لەگەڵ چاپكردنی یەكەم رۆمانی (V) لەســـــاڵی ١٩٦٣ تۆمـاس پینكۆن بە تەواوەتی خۆی لە خوێنەران و راگەیاندنەكان ون دەكات و دەچێتە قوتبی رۆژئاوا.

## یۆشیرۆ فرانسیس فۆکۆیاما

یەکێکە لە رۆشـــنبیرە دیارەکانی ئەمریکا لە ئۆکتۆبەری ســـاڵی 1952 لـە شـــیکـاگۆ – ئیلۆنیۆس لـە دایکبووە. زانســـتـە ســـیاســـییەکان و ئەدەبی بەراوردی خوێندووە. بە رەچەڵەک یابانییە و باوکی دکتۆرای لە سۆسیۆلۆگی و دایکی دامەزرێنەری کۆلێژی زانســـتی ئابووری زانکۆی کییۆتۆیـە. ماوەیەک وەکو مامۆســتا لە زانکۆی جۆرج ماســۆن لە واشــنتۆن کاریکردووە، هـەروەها لەنێو حکومەتی ئەمریکی کاریکردووە، دواجار وەکو پرۆفیسۆری ئابووری کاریکردووە.

بەشێک لە کارەکانی:

-کۆتایی مێژوو

-مافە سەرەتاییەکان

-بنەمای سەروەری یاسا، ئابووری ئازاد

-رێکخستنەوەی سیستەمی کۆمەڵایەتی ......

## جاك درێدا

١٩٣٠-٢٠٠٤ له جەزائیر له دایكبووه و له پاریس كۆچی دوایی كردووه.

فەیلەسوفی فەڕەنسی دامەزرێنەری تیۆری هەڵوەشانەوەگەرایی، كارەكانی كاریگەری زۆریان لەســـەر ئەدەب و فەلســـەفەی ئەوروپی و ئەمریكی هەبووە له سەدەی بیستەم.

له خێزانێكی یەهودی بووە كەوتۆتە ژێر شاڵاوی رەگەزپەرستی له ساڵی چل و دوو، ئەوەش له نووسینەكانی رەنگیداوەتەوە. له سەردەمی شەڕی جەزائیر سەربازبووە و وانەی فەڕەنسی و ئینگلیزی گوتیتەوە. له زانكۆی ســۆربۆن كاریكردووە. پاشـــان دەستی بە خوێندنەوەی مێژووی فەلەسەفە كردووە.

گرنگترین كارەكانی:

-دەنگ و دیاردە

-گرامۆلۆگی (علم النحو)

-نووسین و جیاوازییەكان......

## جاك ماری ئێمیلی لاجان

ناسراو به جاک لاجان 1901 - 1981

له پاریس له دایکبووه و له ئیبێندا کۆچی دوایی کردووه.

له شـاری ئیبێندا نێژراوه، شـارێکه دەکەوێته ئەفریکای باشـوور، به گەورەترین گۆڕسـتان ناسـراوه و کەسـه دیارەکانی جیهانی لەوێ نێژراون.

جـاک لاجـان دەروننـاس و لێکۆڵـەری دەروونی بووه. بـەوه ناسـراوه که خوێندنەوەی نوێی بۆ کارەکانی فرۆید کردووه به ناونیشـــانی (گەڕانەوه بۆ فرۆید)، هەروەها لەســـەر میتۆدی سترۆکتورالیزم و لینگویستیک کاری کردووه.

دواجار کاری لەسەر پۆست سترۆکتورالیزموز کردووه.

بەشێک له کارەکانی:

-ترس

-خوێندنم

-ئیتیکی لێکۆڵینەوەی دەروونی

-نووسینی یەکەم

-نووسینی دووەم

-من قسە بۆ دیوارەکان دەکەم

-شتەکەی فرۆید .......

## بەشی سێیەم

## تەوەری یەکەم

## پێناسەی رۆمانی پۆست مۆدێرنە

فۆرمێکی ئەدەبی پۆست مۆدێرنە، کە ئاراستەیەکی رۆشنبیرییە، لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم لە ئەمریکا و فەڕەنسا سەریهەڵدا، پاشان بە وڵاتانی خۆرئاوا بڵاوبووەوە، وەکو جوڵانەوەیەک بەرامبەر ئەو تۆتالیرییە مۆدێرنە، کە یەکەمجار لە تەلارسازی دەستی پێکرد ئینجا لە فەلسەفە و دواییش لە ئەدەبدا١.

تا ئێستا پێناسەیەکی دیاریکراو و رۆشەن نییە بۆ پۆست مۆدێرنە رۆمان، بەڵام رەخنەگران دەتوانن بەپێی خاسیەت و بنەماکان، هەروەها قۆناغەکان دەستنیشان و دیاری بکەن، بەڵام دەکرێت پێناسەیەکی بەپێی خاسییەتەکان یاخود پێناسەی رۆمانی مۆدێرنی بۆ بکرێت. بەپێی پێناسەی (گیرۆ لە ڤیلپێرت)ی ئەڵمانی، کە لێکۆڵەرێکی ئەدەبییە دەڵێ: لە فەرهەنگی ئەدەبی واهاتووە (کە گێڕانەوەیەکی شاعێرانەیە)٢.

پاشان دەڵێ: ئەوەیە کە کەسایەتی تایبەتی و گرووپی چارەنووسی تایبەتیان هەیە لەجیهانێک، کە لە زیان و زەرەر و

رێکخستنی ژیانی پێش خۆیان یا کۆن و کێشەکانی ئەو سەردەم و ئیزدیواجیەتی ئەوسا و ترس لە پرسیارە فەلسەفییەکان لەبارەی بوون و چوونە ناوەوەی، کێشەی نێوان تیۆر و پراکتیک و حەقیقەتی ریالیستی. چارەنووس لە رووداوەکانی جیهان گەمەدەکات و بەردەوام کاردانەوەی خودی بەرامبەر چەوساندنەوەی جیهان و کاریگەرییەکان، بۆیە بەردەوام دەیەوێت هەوڵی گۆڕانی چارەنووسی دەدات و دەیەوێت خۆی چارەنووسی خۆی رێکبخات.

## تەوەری دووەم

بەشـــێک لەو رۆمانانەی دەچنە نێو خانەی رۆمانی پۆســـت مۆدێرنە یان بە رۆمانی پۆست مۆدێرن دادەنرێن:

١- رۆمانی (خانووەکە)ی مارک ز . دانیالیڤیسکی

٢-رۆمانی (جگەرە فرۆش، مەلەوانی قوربانی)ی جۆن بارت.

٣-رۆمانی (شارێک لە شووش، مانگ لە مانهاتن)ی پۆل ئۆستەر.

٤-رۆمانی (حەوت چرکە، جیهانی ژێرەوە)ی دۆن دێلیلۆ.

٥-رۆمانی (پۆست کارتە، شوشە)ی جاک درێدا.

٦-رۆمانی (ناوی گوڵ) ی ئیمبیرتۆ ئێکۆ.

٧-رۆمانی (شاری خەونی کتێبەکان)ی ڤالتەر مۆریس.

٨-رۆمانی (من نام سوورە، کتێبی رەش، قەڵای سپی)ی ئۆرهان پامۆک.

٩-رۆمـانی (ژیـانی زینـدەوەران، نەوەی پ، پەنجەی بچووکی بوودا)ی ڤیکتۆر پێلیڤین.

١٠-رۆمـانی (بەســـەر کەوتن لە ژمارە ٤٩، دژی رۆژ، V)ی تۆماس پینکۆن.

١١-رۆمانی (دوا جیهان)ی کریستۆف رانسمایەر.

١٢-رۆمانی (ئاوێنه گەڕاوەکه)ی ئالاین رۆبه.

١٣-رۆمانی (مندالّی نیوەشـــەو، زەوی ژێر پێیەکانت)ی ســـەلمان روژدی.

١٤-رۆمانی (رۆمانێک، مارەکه)ی ڤالدیمێر سۆرۆکین.

١٥-رۆمانی (پارادیس)ی فیلیپ سۆلەرس.

١٦-رۆمانی (عەتر)ی پاتریک زوزکیند.

١٧-رۆمانی (باشـــتربوونی ئەوروپای ناوەراســـت)ی ئۆســـڤالد ڤینەرز

١٨-رۆمانی (له کۆن گۆ)ی ئورس ڤیدمەر.

## چەند نموونەیەکی پۆست مۆدێرنە رۆمان:

## یەکەم: رۆمانی عەتر

(جان باپتیســت گرینیولی) لە پیســترین و بۆگەنترین شــوێنی پاریس، کە بازاڕی ماسـی فرۆشـانە لەدایک دەبێت، دایکی وەکو چوار منداڵەکانی تر بەدەسـتی خۆی ناوکی دەبڕێت و هەر لەوێ لە نێو زبڵ و زەوی شەختەبەند فڕێی دەدات، بۆ ئەوەی لە ماسی فرۆشـتن دانەبڕێت و بتوانێت قووتی رۆژانەی دابین بکات، بەڵام (گرینیولی) بە یەکەم گریان هێزی خۆی نیشـاندەدات و دژایەتی ئەو قەدەرە دەســـتکردە دەکات. دواى ئەوەی دایکی بەتۆمەتی کوشـــتنی منداڵەکانی لە ســـێدارە دەدرێت، گرینیولیش دەبرێتە دایەنگەی (مەدام گیلارد) هەر لەوێ گرینیولی هەســـت بە بۆنی هەمو شـــتەکانی دەوروبەری دەکات و پەنجەی یەکە یەکەی منداڵەکان بۆن دەکات و دەبێتە هەستیارترین لووتی پاریس.

لە تەمەنی هەشـــت ســـاڵی گرینیولی لەلایەن مەدام گیلارد دەفرۆشـــرێتە (گریمال)ی پیســـتەچی، ئەویش دەیبات بۆ ناو سـەنتەری شـار وەکو کۆیلە کاری پێدەکات، کەچی مەدام گیلارد خێر لە پارەکە نابینێت و هەر لەوێ لە پێناو حەوت (فرانک)ی نرخی گرینیولی دەکوژرێت.

گرینیولی بەردەوام بەدوای خۆشـــترین بۆن دەگەڕێـت لە کارکردن و لە پشـوو مەسـتی بۆنکردنە، بۆنی هەموو شـتەکانی ئەم شارە دەکات، لە ناکاو هەست بە بۆنێکی جیاواز لە بۆنەکانی تر دەکات، کە نزیک دەکەوێتەوە کچێکی قەشـەنگی لیمۆ فرۆشـە، بڕوا بە لووتی خۆی ناکات، کە ئەم بۆنە دەکات.

دوای کچە دەکەوێت تا لە گۆشەیەکی شار دەستگیری دەکات و لووتی بە سـنگ و مل و پرچی دەنووسـێنێت، کچە لە ترسـان دەیەوێت هاوار بکات، کەچی گرینولی ناتوانێ دەســـتبەرداری بێت، بۆیە دەمی دەگرێت تا هاوار نەکات، کەچی کچە دەخنکێت، گرینیولی هەر بەردەوام بۆنی دەکات، بەڵام لەگەڵ مردنی، دوای چەند دەقیقەیەک بۆنەکە نامێنێت. ئەم حاڵەتەش گرینیولی تووشی وەحشـــییەت و نائومێدی و بێزاری دەکات، دەگەڕێتەوە لای (گریمال)ی خاوەنی، لەوێش دارکاریەکی باش دەکرێت بەهۆی دواکەوتن و خۆدزینەوە، بەڵام گرینیولی هیچ باکی بە لێدان و کەمی خواردن نییە، بەڵکو هەموو خەیاڵی لای ئەوەبوو چۆن بتوانێت بۆنەکان بپارێزێت و لە یادی نەکات، ئەمە گەورەترین ئامانج و هیوای بوو. گرینیولی تا ئەو کاتەی تەمەنی گرینیگی بە خۆ شـــووشـــتن و پاکوخاوێنی لەش و جلەکانی نەدەدا، کەچی عەشقی بۆنی خۆش بوو.

ئێوارەیەک پێســـتە بۆ (بالدینی) عەترفرۆش و کیمیاگەر دەبات، لەوێ هەست بە بوونی شەنسێک دەکات و توانا و ستایلی خۆی نیشـــان دەدات لە دروســـتکردنی عەتر. ئەمەش وا لە (بالدینی) دەکات ئەم قوتابییە لە (گریمال) بکڕێتەوە، هەمدیس (گریمال) خێر لە پارەکە نابینێت و بە ســـەرخۆشـــی لە پردی ناو شـــار دەکەوێتە خوارەوە و دەخنکێت.

گرینیولی بە تێکەڵکردنی چەنــدان مــاددەی جۆراوجۆر عەتر دروست دەکات و (بالدینی) دەکاتە دەوڵەمەندترین کەسی شار، بەبێ ئەوەی خوێندەواری هەبێت یا ناوی ئەو ماددەو گوڵانە بزانێت کە تێکەڵیان دەکات، هەروەها لەلای مامۆســـتا (بالدینی) فێری کۆمەڵێک تەکنیک و تاقیکردنەوە دەبێت، کە یارمەتی دەدەن لە دروســــتکردنی عەتری تازە، تا دەگاتە ئەو قەناعەتەی کە بتوانێت لە کەرستەی نوێ بۆنی هەمیشـەیی دروست بکات، چی ئاسن و شـووشـە و پێسـتە و شتی تر هەیە لە تاقیگەی بالدینی تاقیدەکاتەوە، بەڵام سەرکەوتوو نابێت و ئەم تاقیکردنەوە دوڕاوە زۆر کاری تێدەکات و نەخۆش دەکەوێت تا ئەو رادەیەی دکتۆری پاریس دەڵێ دەمرێت.

بەڵام دوای ئەوەی لەسەر جێگە لەگەڵ بالدینی دەکەوێت گفتوگۆ و دەپرســێت: ئایا ســـەرچاوەی خۆشـــترین بۆن چییە؟ بالدینی

نازانێت، بەڵام بۆ سـەردەمی فیرعەونەکانی میسری دەگەڕێنێتەوە و بە ئەفســانە ناوی دەبات. کەچی گرینیولی بڕوای بە ئەفســانە نییە و هەر ناشــزانێت ئەفســانە چییە، بۆیە دەڵێت: مامۆســتا ســـەرچاوەی خۆشـــترین بۆن (رۆحی مرۆڤە) بەڵام ناتوانین بیپارێزین. ئینجا بالدینی پێی دەڵێت: لە شـاری (گراسـە) دەتوانێت فێری دروسـتکردنی ئەو عەترە بێت کە لە هەموو ژیانی بە دوای دەگەڕێت.

گرینیولی چاک دەبێتەوە و بە دروستکردنی هەزار بۆن خۆی لە بالدینی دەکڕێتەوە و نامەی ســـەفەر بۆ (گراســـە) لە بالدینی وەردەگرێت و دەکەوێتە ڕێگا. بالدینی ئەم شـەوەی لا خۆشـترین شـەوە کە بۆتە خاوەن خۆشـترین بۆن و زۆرترین بۆن، زۆر بە دڵخۆشی و ئارامی دەخەوێت، بەڵام وەکو ئەوانەیتر نەیتوانی لەم شــەوە زیاتر بژیێت، خانووەکەی بە ســەردا رووخا بە خۆیی و پارە و عەتر و خانووەوە کەوتە نێو رووبارەوە.

گرینیولی لە پاریس دەچێتە دەرەوە و بە دەشـــت و دەر و کێوەکان ڕێگا دەگرێت، هەتا دووریش دەکەوێتەوە دژونتر و چڵکنتر دەبێت، دەگاتە شــاخێکی بورکانی و دەچێتە ئەشـکەوتێک لەو شــاخە و حەوت ســاڵ لەم ئەشــکەوتە ڤیگتیریانی (نەباتی) ژیان بەســەر دەبات، کە جگە لە بۆنی بەرد بۆنی هیچ شــتێکی

تری لێنایەێت و دابڕانێک بوو لە نێوان خۆی و مرۆڤەکانی تر، بەڵام لە ناخی خۆیدا لەگەڵ ئەو بۆنە دەژیا، کە بە کۆشـــکی بۆنەکانی دادەنا، گرینیولی چێژی لەم پێگەی خۆی دەبینی کە بە فەنتازیای خۆی گەورەترین دەســەڵاتی ســەر زەوی بوو، بەڵام شــەوێک لە خەونێکی ناخۆش رادەچڵەکێ، بۆنی هەموو شـتێک دەکات تەنها بۆنی خۆی نەبێت، خەریکە لە ناو بۆگەنی خۆی دەخنکێت، لەو کاتە هەسـتی کرد کە بۆنی هەموو شـتێک دەکات جگە لە بۆنی خۆی، بۆی دەرکەوت کە بۆنی تایبەت بەخۆی نییە و کەســـێکی ونبووەو هیچ گرینگییەکی نییە تەنها بوونی هەیە، خەریک بوو شێت بێت، بەڵام هێزی بۆنکردن هەبوو لە دوورەوە بۆنی کچی جوانی دەکرد، بۆیە هەر ئەو رۆژە کەوتە رێگا بەرەو شار.

گرینیولی بۆ بەدەسـت هێنانی ئەو دەســەڵاتە رەهایەی لە رێگای عەترەوە دەتوانێـت بە دەســـتی بخـات، دەچێتە لای (مەدام ئارنولفی) لە شاری گراسـە کە خاوەن کارگەی بە دەست هێنانی عەترە، لەوێ فێری ئەوە دەبێت چۆن بۆن لە گوڵ جیادەکرێتەوە. لە یەکەم پیاسەی گرینیولی بە نێو ئەو شارەدا هەست بە بۆنێکی نایاب و زۆر ســەرنجڕاکێش دەکات، وەکو بۆنی ئەو کچە لیمۆ فرۆشـــەی لە پاریس کوشـــتی، ئەو بۆنەش بۆنی (لاورا)ی جوانترین کچی شـــار و کچی بازرگانێکی دیاری شـــاربوو لە

ئـاهەنگی مـارەبڕینیـدا، گرینویلی بڕیـاردەدات دوایی بێتەوە کە پڕۆژەکەی تەواو بوو، چونکە لە (بـالدینی) مامۆســـتای فێری نەغمەی بۆن ببوو، کە دەیگوت: بۆن دەبێت لە نەغمە و نۆتەی بزانیت بۆ تەرکیبەییەکی دەقیقی رۆحی خۆشـــەویسـتی، چونکە بۆن وەک نەغمەی مۆســـیقا وایە، نەغمەی عەتر چوار بۆن یا چوار نۆتەیە بە جوانی و پاکی هەڵبژێردراوە و ئەم هارمۆنییەتە دروست دەکات.

هەر بۆنێک لە ســـێ نەغمە پێکدێت (ســـەر، دڵ، قاعیدە) هەمووشــیان پێویســتی بە دوازدە نەغمە هەیە، نەغمەی یەکەم، یەکەم ئینتیباع دروســـت دەکات پێش ئەوەی بگاتە نەغمەی دڵ، کە چەند کاتژمێرێک دەخایەنێت و لە نەغمەی قاعیدە کە چەند رۆژێــک دەمێنێتەوە پێی دەڵێن: کلکی بۆن. هەروەهــا عەتری رەســەن بە زیادکردنی نەغمەیەکی زیاد دروسـت دەبێت، بەمەش ئەوانیـتر کـۆنـتـرۆڵ دەکەیـت، ئەم دوازدە نــەغـمەیە هـێزی فیرعەونەکان بوو، دوای چەند هەزار ســـاڵ لە گۆڕی ئەوان عەترێکیان دۆزییەوە، کە ســەریان کردەوە خۆشـترین بۆن بوو، هەســـتیان دەکرد چوونەتە ئاســـمان. بەڵام نەغمەی ســـێزدەم بۆنێکی زیندووە و ناتوانرێت دەستنیشان بکرێت.

دوای ماوەیەک پشـێوی لە شــار بڵاودەبێتەوە و کەسـێک چی کچگەلی جوانی شـــار هەیە هەڵیاندەبژێرێت و دەیانکوژێت، بەڕووتی و پرچ بڕاوی لە کۆڵان و ناوماڵان و کڵێسـەکان جێیان دێڵێت، بەڵام بەبێ ئەوەی دەستدرێژی سێکسییان بکاتە سەر.

دوای کوشــتنی بیســت و چوار کچ، بۆ ماوەیەکی کەم ئارامی روو لە شـــار دەکاتەوە، لە هەمان کاتیش (ئانتۆنی ریکیس)ی باوکی (لاورا) بیر لە سیستمی ئەو بکوژە دەکاتەوە، هەست بەوە دەکات کە کوژراوی داهاتوو کچە شازادەکەی ئەوە، بە زووترین کات لە شـــار دەچێتە دەرەوە بۆ ئەوەی کچەکەی رزگار بکات، کەچی گرینیولی هەر بە بۆنەکەی شـــوێن پێی هەڵدەگرێ و دەیــدۆزێتەوە و لە نــاو جێگــاکەی دەیکوژێــت و بۆنەکەی لێوەردەگرێت، وەک بۆنی کچەکانیتر، بەڵام ئەمجارە لە کاتی تێکەڵکردنی بۆنەکان دەستگیر دەکرێت.

گرینیولی بە تاوانی کوشتنی کچەکان بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ دەردەچێت، دە هەزار کەس لە سـەنتەری شــار کۆدەبێتەوە بۆ بینین و ریسـواکردنی، بەڵام کە گرینیولی دەچێتە سـەر سـەکۆی سێدارە هەموو خەڵکەکە تێکڕا بە جەللادەوە خۆشیان دەوێت و دەیپەرستن، رۆژی پێشوویان لە بیردەچێتەوە کە داوای مەرگیان دەکرد، هۆکەشـــی بۆنی ئەو کچانەبوو، دڵۆپێک لەو عەترەی

رژانـده نـاو پـارچه پەڕۆیەکەی گیرفـانی و بەڕووی خەڵکەکه هەڵیتەکاند، لای ئەو ده هەزار کەســـەی که چاوەڕێی مەرگیان دەکرد بووه فریشـــته و داوای ئـازادکردنیـانکرد، هەموویـان مەســـتبوون و خۆیان رووت کردەوه، کەوتنه راموسـان و سـێکسـکردنێکی نائاسـایی که نه دەیانتوانی روونی بکەنەوه، نه لەگەڵ ئەخلاق و مۆراڵیشیان دەگونجا.

گرینیولی ئازادکرا، باوکی (لاورا) لەبەر بۆنی کچەکەی داوای له گرینیولی کرد ببێته کوڕی و برای لاورا. له جیـاتی گرینیولی (دۆمەنیک درۆیت) مێردی (مەدام ئـارنولفی) خاوەن کارگه له سێداره درا، چونکه پرچ و جلوبەرگی کچەکانیان لەوێ دۆزییەوه و بووه بەڵگه له سەری.

گرینیولی بەرەو پاریس گەڕایەوه و بەشـــی ئەوەندەش عەتری مابوو، که بتوانێت کۆنترۆڵی هەموو دونیا بکات، خاوەن هێزێکی گەورەتر بوو له پاره و مردن، هێزێک که کۆتایی نایەێت له کۆنترۆڵکردن بەسـەر خۆشـەویسـتی مرۆڤایەتی. کەچی گرینیولی بەم دەسـەڵاته مەزنه دڵخۆش نەبوو، چونکه نەیدەتوانی خۆی و خەڵکی خۆشـبووێت، هەروەها هەسـتی دەکرد که خەڵک ئەویان خۆشناوێت، بەڵکو عەترەکەیان خۆشدەوێت، ئەوه تەنها ماسکەیه

و هیچیتر، ئەم بیرکردنەوەیەش گەیاندییە ئەوەی تف لە خۆیی و عەتر و دونیا بکات.

گرینیولی لە پاریس دەچێتە بازاڕی ماسی فرۆشـان، شـوێنی لە دایکبوونی، پیسـترین شـوێن کە ئەو تێیدا هاتۆتە دونیا و کەس خۆشـی نەدەویسـت، لە نزیک کۆمەڵێک کچ و کوڕی بەڕەڵلای سـەرشـەقام، عەترەکەی دەڕژێنێتە سـەر لەشـی، کاریگەری عەترەکە وا لەو کۆمەڵە کەسـە دەکات وەکو فریشـتە خۆشـیان بوویێت و هەر یەکە بەشێکی بۆ خۆی بەرێت و بیخوات، گرینیولی جگە لە جلەکانی هیچتری لە سەر ئەم دونیایە نەمایەوە.

## پاتریك زوزكيند

له ٢٦ی مارســی ١٩٤٩ له شــترانبێرگەر له بایرن له دایکبووه، نووســــەرێکی به رەچەڵەک ئەڵمانه، کوڕی ویلهیلم ئیمانۆئیل زوزکیندی نووســەر و وەرگێڕه. پاتریک کەســایەتییەکی تایبەتی هەیه له نێو ژیانی ئەدەبی، زۆر کەم چاوپێکەوتن دەکات، به دەگەمەن له شــوێنه گشــتییەکان دەردەکەوێت، کۆمەڵێک خەڵاتی ئەدەبی رەتکردۆتەوه وەک (خەڵاتی توکان له ســـاڵی ١٩٨٧) و (خەڵاتی ئەدەبی FAZ له ســـاڵی ١٩٨٧) و (خەڵاتی دەرکەوتنی فەڕەنســی ســاڵی ١٩٨٦)، هەروەها له کاتی رێزلێنانی، به بۆنەی به فیلمکردنی رۆمانەکەی (پەرفوم) له مونشـــــن ئاماده نەبوو. زۆرکەم وێنەی هەیه. به ناوبانگترین نووســـینی رۆمانی عەتر (پەرفوم)ه که له ساڵی ١٩٨٥ بڵاوبووەتەوه، وەرگێڕدراوەته سەر ٤٦ زمان و ١٥ ملیۆن دانەی لێ فرۆشــراوه، ١٠ ســاڵ له کتێبه داواکراوەکان بووه، له ساڵی ٢٠٠٦ کراوەته فیلم.

## دووەم: رۆمانی قەڵای سپی

جیاوازی لەم رۆمانە نووســـەر ســـەنتەر و بابەتی رۆمانەکەی بەشـــێوەیەکی گشـــتی لەســـەر خۆرهەڵات و خۆرئاوا و جیهانی ئیسلام و جیهانی مەسیحییەتە. ئەم رۆمانە جۆرێکە لە جۆرەکانی بانگهێشـــتی بەیەکەوە ژیانی ئاشـــتیانە لە نێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوا.

رووداوەکانی ئەم رۆمانە بۆ ســـەدەی حەڤدەیەم دەگەڕێتەوە، سەردەمی حوکمڕانی سەدری ئەعزەم کۆپرولو.

ئەم رۆمانە لە خاســـییەت و تەکنیک و مێژووی چیرۆکەکە و خەیاڵ و بیری نێو رۆمانەکە جیاوازە لەگەڵ رۆمانێکی ئاســـایی، مەبەســـت لە رۆمانی ئاســـایی ئەوەیە کە رووداوەکانی هی ئەم ســـەردەمە بێت و باس لە کێشـــەیەکی کۆمەڵایەتی یا ســـیاســـی یا دەروونی دەکات لەم ســـەردەمە، بۆ نموونە رۆمانی (بەفر) هەر هەمان نووســـەر نووســـیویەتی واتە ( ئۆرهان پامۆک) کەچی کە ئەم رۆمانە دەخوێنیتەوە بە ئاشـــکرا هەســـت دەکەیت ئەو دەسترەنگین و خەیاڵ و فرە ئامانجە (بێ ئامانج)ی تێدا نابینیتەوە وەکو ئەوەی لە رۆمانی قەڵای سپی دا هەیە، ئەمە هیچ لە بەهای رۆمـانی بەفر کەم نـاکاتەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە رۆمانی بەفر

رۆمـانێکی زۆر هونەریی گەورەیە و لێرەوە بە وردەکـاری و توانای پامۆک ســەرســام دەبیت، لە گۆڕینی شــتی بچووک بۆ شتی مانادار و پڕ دەلالەت.

نووســەر لەم رۆمانە رووداوەکانی شــاری قارس دەگێڕێتەوە و کێشـەی ئیسلامی سیاسی و سوپا و توندوتیژی و فڕێدانی رەفتە لەلایەن قەدیفە جارێکیتر مانای ئەوەیە جیاوازی نییە لە نێوان راســـتی و وەهم و ئەم مۆدێرنیتەیە دانەبەزیوەتە نێو ژیان. لەلایەکی تر ســــەلەفییە توندڕەوەکان بە ئیمانێکی کوێرانە و توندڕەوانە، جگە لە جیهانێکی رووکەش و ســـاختە هیچیتریان نییە. (شـینە) وەک ئیسـلامێکی تیرۆڕسـتی بەناوبانگ و رەمزێکی جیهانییە، کەچی باکی بەوە نییە کە لە یەک کاتدا پەیوەندی سـێکسـی لەگەڵ دوو خوشـک هەبێت. (کا)ی زۆر هەوڵدەدات لە رێگای شـــیعرەکانی خۆی لەم یارییە بپارێزێت، بەڵام کاتێ هەوڵــدەدات رۆڵی نــاوبژیوان ببینێــت، کەچی یــارییەکە زۆر گەورەترە لە نێوەخۆی ونی دەکات و دەیکات بە بەشـــێک لە شـــەڕەکە. هەروەها نووســـەر زۆر دەگەڕێتەوە ســـەر بەفر و کەڵووی بەفر کەهیچ یەکێکیـان لەوی تر نـاچێـت و هەریەک ریزبەنـدییەکی کریســـتـاڵی تـایبەتی هەیە، ئەمەش رەمزە بۆ جیاوازی مرۆڤەکان کە هەر یەکە و کەسێکە بۆ خۆی و جیاوازە لەویتر، بەڵام زحمەتە بتوانێت خۆیبێت. پاڵەوانەکان هەموویان

دەیانەوێت ببن بە ئەفســـانە وەک شـــینە ئیســـلامی و ســـۆنای هونەردۆســـــت هەردووکیان بە هۆی هەوڵدانیان بۆ بوون بە ئەفســـــانە لەم ناوەش بەختەوەری و ژیانی ئەوانی تر وێران دەکەن.

(کا)ی کە پاڵەوانەکەیەتی شـــــاعیرە و بەدوای بەختەوەری دا دەگەڕێت لە فرانکفۆرتەوە دەگەڕێتەوە بۆ تورکیا، لەوێ لەســـەر داوای رۆژنامەکی تورکی روو لە شـــــاری (قارس) دەکات تا راپۆرتێک لەســـەر ئەو کچە ئیســـلامییانە بنووســـێت، کە بەهۆی قەدەغەکردنی رەفتە(حیجاب)ەوە خۆیان دەکوژن، بەڵام بێجەگە لەمە کای بە ئومێدی ئەوەشـــــە کە (ئیپەک) ببینێت کە هاورێی ســـەردەمی زانکۆ و خۆشـــەویســـتی بوو، کەچی ئیپەک مێردی بە موختاری کردووە، موختاریش ئەندامی پارتێکی ئیسـلامییە، بەڵام کای ئاگادارە لەوەی کە ئیپەک لە موختار جیابۆتەوە، بە ئومێدی زیندووکردنەوەی ئەو خۆشـــەویســـتییە روو لە شـــاری قارس دەکات. لەگەڵ گەیشـــتنی کای بۆ قارس بەفرێکی زۆر دەبارێت ماوەیەک شـــاری قارس لە هەموو شـــار و دێ و دەورووبەری خۆی دادەبرێت.

لەم کاتەدا کای رووبەڕووی کێشەیەک دەبێتەوە، ئەویش کێشەی رەفتەیە کە واقیعی راســـتەقینەی تورکیایە. کای لەو هۆتێلەی تێدا

دەخەوێت لەبەردەمی بەڕێوەبەر پەیمـانگـا دەکوژرێـت بەهۆی وەرنەگرتن و دەرکردنی کچانی رەفتە لەســەر، دەبێتە شــاهێدی ئەم رووداوە. بەم شێوەیە نووسەر پاڵەوانەکەی بە نێو کۆمەڵێک کێشــەی نێوان کورد و تورکە ناســیۆنالیســتەکان لەلایەک و ئیســلامییە توندڕەوەکان و عەلمانییە توندڕەوەکان لەلایەکی تر رادەکێشـێت، نووســەر لە ڕێگای ئەم پاڵوانە روخســاری تێکەڵاو بڵێن کاریکاتێری تورکیامان نیشـــان دەدات لە نێوان مۆدێرنە و کێشـــەکـانی. نووســـەر بە ئـاشـــکرا مودێرنەی تورکیـا بە شـانۆگەریەکی خوێناوی وەسـف دەکات، لەو کاتەی (سـۆنا) کە کارەکتەرێکە ناتوانێت لە نێو ژیان و شانۆ جیاواز بێت، هەر بۆیە مردنی راســتەقینەی خۆی دەباتە ســەر شـــانۆ و راســتەوخۆ نیشـــانی دەدات. ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت: کە تورکیا جگە لە شـانۆ هیچیتر نییە و دەبێ لە شـانۆ خەڵک فیشـەکی راسـتەقینە بتەقێنن. هەروەها وێنەی رەشـەکوژی کاتی شـانۆی سـەرپۆش یا نیشتیمان.

بەڵام رۆمانی قەڵای شــپی، بەشــێوازێکی جیاوازتر لە زۆربەی لایەنەکان نووسراوە، گێڕەرەوەی چیرۆکەکە گەنجێکی ئیتاڵییە بە کەشـتی لە ڤینیسـیاوە رووەو ناپۆلی دەڕوات، چەند کەشـتییەکی تورکی رێگایان لێدەگرن و ئەم گەنجە ئیتاڵییە بە دیل دەکەوێتە دەســـتی جەنگاوەرانی عوســـمانی لەگەڵ کۆمەڵێک دیلی تردا

دەیبەن بۆ ئســـــتەنبۆل. ئیتاڵییەکە لە گەلێک بوار شـــــارەزا و پســـپۆڕە، بۆ ئەوەی کاری قورســـی پێنەکەن خۆی بە پزیشــک دادەنێت و لە چاککردنەوەی چەندان نەخۆشـدا بەشـداری دەکات و زۆربەی دەرمان و ڕێنوێنییەکانی کاریگەریی باش لەســـــەر نەخۆشەکان جێ دەهێڵن.

لە ماوەیەکی کورتدا ناوبانگی دەگاتە لای پاشــــا و ئەویش بۆ دەردی تەنگەنەفەســـــی داوای یارمەتی لێ دەکات، وا دەبێت کە دەرمانەکانی پادشا چاک دەکەنەوە. ئەوە دۆخی لە زیندان باشتر دەکات و ئومێدێکی بۆ ئازادی لا پەیدا دەبێت. بۆ ئەوەی بتوانێت خۆی بخــاتە دۆخێکەوە هەرچی زووتر بگەڕێتەوە بۆ نێو کەسوکاری خۆی، فێری تورکی دەبێت، بەڵام پادشا و نزیکەکانی کە جارجار ســـوود لە بەهرەی دەبینن، دەیخەنە ژێر فشـــاری ئەوەی ببێتە موسلمان و دەست لە مەسیحییەت بەردات، بەڵام ئەو گوێڕایەڵ نابێت و هەوڵەکان بێ ئەنجام دەمێنێنەوە. پادشــا کە تا رادەیەکی زۆر لە زانیاری و توانای ئەم دیلە دڵنیایە، دەیبەخشــــێتە یەکێک لە پیاوە زاناکانی خۆی کە بە خواجە دەناسرێت. ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە خواجە و دیلەکە زۆر لەیەک دەچن مرۆڤ ناتوانێت لە یەکیان جیابکاتەوە، وەکو جمکەن. ڕۆمانەکە چیرۆکی سـەیروسـەمەرەی پەیوەندی خواجە و کۆیلە دەگێڕێتەوە کە پڕە لە کێش و جیاوازی ئەم دونیایە،

وەکو قوتابی و مامۆســـتا بەرامبەر یەکتری، خواجە دەخوازێ زۆرترین زانیاری لەو بەدەســـت بێنێت و بیزانێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خۆی وەکو بلیمەت و زانایەک نیشان بدات و کۆیلەکەش وەکو نەزانێک. لێرەوە نزیک بوونەوەیەکی پڕ لە هاوڕێیەتی و ڕق و ئازاردان و بەخشـــین و ڕێز لە نێوان ئەم دوو دونیایە دروســـت دەبێت. هەموو هەوڵەکان بۆ ئەوەیە کە کامەیان لە کامەیان بەهێزتر و بەرزتر و بە تواناترن. لەم ڕۆمانە بەشـێکی بچووکی مێژووی پڕ کێشەی خۆرئاوا و خۆرهەڵات دەخوێنینەوە، هەروەها لەم ڕۆمانە کەسـێکی تر باســی دونیای ئیســلامی و بیرکردنەوەی زاناکان و خەیاڵاتی ئەوانمان بۆ دەگێڕێتەوە، باسی تێگەیشـــتنی خورافی خۆرهەڵاتی دەکات لە زانســـت، پامۆک بە چــاوی خۆرئــاوا خۆرهەڵات دەخوێنێتەوە، خەیــالاتی خواجە کێشـــەی دەســـت کەوتنی زانیاری لە بارەی ئەو ئەســـتێرەی لە نێوان مانگ و زەوی هەیە، بە خەیاڵی خواجە چەندانی تێدایە و شارەزایی ماتماتیک و ئەندازە بن. دواتر هەوڵی نووسینی کتێبێک دەدات لەســەر مێرووله، لە هەموو کارەکانی دەیەوێت ســەرنجی پاشــا ڕابکێشـێت و دەســت خۆشـی لێبکرێت، پاشــان واز لەمانە دێنێت و دەیەوێت بزانێت گەمژەکان بۆ ئەوەندە گەمژەن. ئینجا هەوڵی زانینی وەڵامی ئەو پرسیارە دەدات کە من بۆ منم.

ماوەیەکی باش کۆیلەکە بە کورســییەکەی خۆی دەبەســتێتەوە، چونکە پێیوایە ئەو دەتوانێت مێشـکی ئەوانیتر بخوێنێتەوە، بەڵام نایەوێت خواجە فێربێت، بۆیە کۆیلە ناچاردەکات خراپەکانی خۆی بنووسێتەوە، خۆشـی دەست بە نووسینەوەی خراپەکانی خۆی دەکات، بەم شـێوەیە هەردووکیان شـارەزایی رابردووی یەکتر دەبن و خواجەش فێری زمـانی ئیتـاڵی دەبێـت. لێرەوە بەتەواوەتی دەبنە یەک، هەریەکەیـان وێنەی ئەویترە، لەمەوە پامۆک وێنەیەکی راستەقینەی خۆرهەڵات و خۆرئاوامان نیشـان دەدات کەوا ئەو دوو دونیـایـە وەکو دوو جمکەن دەتوانن بەیەکەوە بژین و کاربکەن، بەڵام بەردەوام کێشـــەیان هەیە. خواجە لەم رۆمانە نوێنەری دین و کولتوری خۆرهەڵات نییە، بەڵکو نوێنەری تێگەیشـــتنی خۆرهەڵاتییە لە زانســـت، یەکەم پەیوەنـدی نـاعەقڵانی خۆرهەڵات لە رێگەی خواجەوەیە لەگەڵ تێگەیشتن و بیری زانستی رێینساسی ئیتاڵی.

تێنەگەیشـــتنی خواجە لە زانســـت لە ســـەردەمی تاعوون بە تەواوەتی دەردەکەوێت، هەرچەندە کۆیلەکە هەوڵی روونکردنەوە دەدات بۆ خواجە، کە تاعوون نەخۆشـــییەکی کوشـــندەیە و بە ئاســـانی لە مرۆڤەوە دەگوازرێتەوە بۆ مرۆڤ، کەچی خواجە گاڵتەی بەو قســانە دێت و لای وایە مرۆڤ چارەنووســی خۆی دیارە و کاتێ وەختی مردنی هات لە هەر جێگەیەک بێت مەرگ

دەیدۆزێتەوە. ئیتاڵییەکە لە خواجە نەدەگەیشت بۆچی نەخۆشی بە ترسنۆک ناودەبات، کە ئەم نەخۆشییە دەتوانێت مرۆڤ لە ناوبەرێت، دوایی لە سەردەمی تاعوون ئەم دوو بیرکردنەوە جیاوازە ئاشکرا دەبێت. بەڵام مەترسی ئەو روحە خورافییە ئەو کات تەواو دەردەکەوێت کە خواجە دەیەوێت چەکێکی زۆر کاریگەر و کوشندە بۆ پاشا دروست بکات، تابتوانی دوژمنانی ئیسلام تار و مار بکات.

کۆتایی رۆمانەکە باسی ئەو چەکەیە کە خواجە و کۆیلەکەی شەش ساڵ کاری لەسەر دەکەن و دوا جار دەبێتە بەشێک لە هێزی سەربازی عوسمانی و سوڵتان دەخاتە ژێر فەرمانی راستەوخۆیەوە، بەڵام ئاشکرایە کە چەکێکی بێ سوودە لە پەلامارەکاندا رۆڵێکی گرنگی نابێت، دوا جار لە شکرکێشی سوڵتان بۆ سەر پۆلۆنییەکان، لەئاست قەڵایەکی سپیدا توشی نووشستی دێت، دوای چەندان هێرش عوسمانییەکان لە ئاست قەڵایەکەدا دەستەوەستان دەبن، پادشا بڕیار دەدات ئەو چەکە گەورە و تایبەتییەی خواجە بخاتە شەڕەوە، بەڵام خواجە دڵنیایە ئەگەر چەکەکەی نەتوانێت شەر بباتەوە، لەوانەیە سوڵتان کۆیلەکەی بە مەرگ سزا بدات.

هەر ئەو شـــەوە بڕیار دەدات لەگەڵ کۆیلە ئیتاڵییەکەیدا جێگای خۆیـان بگۆڕنەوە، چونکە تەنیـا بەو ڕێگـایە دەتوانێـت ژیـانی کۆیلەکەی ڕزگار بکات، کە بەشــێک لەســەربازەکان بە کافر و جاسـووس و مایەی بەدبەختی تاوانباری دەکەن جەندان سـاڵی پێکەوە ژیانی خواجە و هاوشــێوەکەی، هەردووکیانی بەجۆرێک وەک یەک لێکردووە هەمـان خەون و هەمان خولیایان هەیە ئەوەی خواجە بیری لێدەکاتەوە لای کۆیلەکەیە و ئەوەی کۆیلەش بیری لێدەکاتەوە لای خواجەیە، هەردووکیان زۆر شـت لەســەر ژیانی ئەوتر دەزانن و هەردووکیشـیان بەرووخسـار وەک یەکن. شـــەوی پێش پەلاماری قەڵای ســپی، کۆیلە ئیتاڵییەکە تێدەگات خواجە دەیەوێت خۆی بکات بەو و بڕوات بۆ ئیتالیا و ژیانی ئەو بژی. دووبارە تا بەیانی هەموو شــتێک لەســەر ژیانی خۆی بۆ دووبارە دەکاتەوە، هەموو ئەو وردەکاریانەی فێر دەکات کە بۆ نیشـــتەجێبوونەوەی لە ئیتاڵیا پێویســـتی پێیەتی، دەمەو بەیانی خـواجــە دەڕوات کۆیـلەکەش دەبێتە خواجــە و جێگــای ئەو دەگرێتەوە.

پامۆک لەم ڕۆمانەدا جگە لە دەرخســتنی ئەو دیوە ناکۆک و پڕ گرفتـانەی خۆرهەڵات و خۆرئـاوا پێکەوە کۆدەکەنەوە باس لە تێکەڵاوییــەکی و هــاوشـــێوەیی و یەک جەوهەریی هەردوو دونیـاکەش دەکـات، خواجـە دەڕوات بۆ ئیتـاڵیـا و لەوێ وەک

ئەوەی ئەو لە نێو توركاندا غەریبە بووبێت، ژیانێكی نوێ دەست پێدەكات، بەچاوی غەریبەیەك لەسەر توركان دەنووسێت ناوبانگ پەیدا دەكات و زەنگین دەبێت. كۆیلەكەش ژیانی خواجە دەژیێ، ئەو خەونانەی خواجە جێبەجێ دەكات ....

خۆرهەڵات و خۆرئاوا دەكرا یەك بن، دەكرا بچنە جێگای یەك، دەكرا بە پلەیەك لەگەڵ یەكدا تەماهی بكەن و چۆنایەتی یەك هەڵبگرن كە لێكجیانەكرێنەوە.

لەبەر ئەم تێروانینە قووڵە، هانز پیتەر كوینیش دەنووسێت: هیچ كەسێك نییە وەك پامۆك، ئەگەری بوونی پێكەوەیی نێوان ئیسلام و خۆرئاوای بەرجەستە كردبێت.

١-ئۆرهان پامۆك لە ساڵی ١٩٥٢ لە شاری ئیستەنبوڵ لە توركیا لە دایك بووە، لە نیشانتاشی گەڕەكێكی دەوڵەمەندی رۆژئاوای ئیستەنبوڵ پێگەیشتووە

خێزانەكەی لە شێوەی خێزانەكانی ناو رۆمانەكەیەتی بەناوی (كتێبی رەش).

لە منداڵییەوە تا تەمەنی ٢٢ ساڵی خەریكی نیگاركێشی بووە و بە هیوای ئەوەی ببێتە نیگاركێش. قۆناغی ئامادەیی لە قوتابخانەی (رۆبەرت كۆلێژی ئەمریكی) لە ئیستەنبوڵ خوێندووە،

له زانكۆی تەكنۆلۆژی ئیســـتەنبوڵ نیگاركێشـــی و بیناســـازی دەخوێنێت، بەڵام دوای سێ ساڵ له زانكۆ دادەبڕێت پاش ئەوەی تێدەگات كه ناتوانێت ببێته بیناســاز و نیگاركێش، بۆیه له هەمان زانكۆ خۆی دەداته بەر خوێندنی رۆژنامەوانی.

پامۆك له تەمەنی بیست و سێ ساڵی ژیانی بۆ رۆمان نووسین تەرخان دەكات و دەســـت له هەموو شـــتێك هەڵدەگرێت و له گۆشـــەیەكی ماڵەوه دەســـت به نووســـین دەكات. یەكەم رۆمانی (جەودەت بەگ و كوڕەكانی) له ســـاڵی ١٩٨٢دا بڵاودەكاتەوه و دەبێته خـاوەن خەڵاتی ئۆرهـان كەمـال و خەڵاتی رۆژنـامەی میللەت. دوای ســاڵێك پامۆك رۆمانی (ماڵی كپ) بڵاودەكاتەوه و وەردەگێڕدرێته سـەر زمانی فەڕەنسـی و له سـاڵی ١٩٩١ خەڵاتی (Prix de la Decouverrte Eurpeene) پێدەبەخشرێت.

پاشـان رۆمانی (قەڵای سپی) له ساڵی ١٩٨٥ چاپدەكات، له ساڵی ١٩٩٠ وەردەگێڕدرێته ســـەر زمانی ئینگلیزی و چەند زمانێكی تری رۆژئاوایی، بەم رۆمانه پامۆك گەیشـــته ئاســـتی رۆمان نووســـانی جیهانی. هەر له ســـاڵی ١٩٨٥ لەگەڵ خێزانەكەی سـەفەری ئەمریكا دەكەن و سێ سـاڵ وەك پڕۆفیسـۆری میوان له زانكۆی (كۆلۆمبیا) له نیویۆرك كاردەكات، خەریكی نووسـینی رۆمانی (كتێبی رەش) دەبێت و له سـاڵی ١٩٩١ له توركیا بڵاوی

دەکـاتەوە، وەکو رۆمـانەکـانی تر دوای وەرگێڕانی بۆ زمـانی فەرەنســی خەڵاتی Prix France Cultureی پێدەبەخشــرێت. ئینجا ســـاڵی ١٩٩٤ رۆمانی (ژیانی نوێ) بڵاودەکاتەوە، ئەم رۆمانە باســـی بەســـەرهاتی قوتابییەکی زانکۆ دەگێڕێتەوە، کە کەوتۆتە ژێر کاریگەری کتێبێکی ســـیحرئامێز، ئەم رۆمانە پڕ فرۆشـــترین رۆمان بووە. لە ســـاڵی ١٩٩٨ پامۆک رۆمانی (من ناوم سـوورە) بڵاودەکاتەوە، لە سـاڵی ٢٠٠٢ لە فەڕەنسـا خەڵاتی Prix du Meilleur Livre etrnger، و لە ئیتـاڵیـا خەڵاتی Grinzane Cavour، و لە ئێرلەند خەڵاتی International Impac Dublin وەردەگرێت.

پامۆک جگە لە رۆمان لە بوارەکانی مافی مرۆڤ و سیاسـەت و بیروڕای ئازاد شتی نووسیوە، پاشان لە ساڵی ١٩٩٩ لە دووتوی کتێبێک بە ناوی (رەنگەکانی تر) بڵاوکردەوە. لە ٢٠٠٢ رۆمانی (بەفر)ی بە چاپ گەیاند، بە رۆمانێکی سیاسی دادەنرێت.

ناکۆکییەکانی نێوان ناسـیۆنالیزمی تورک و کورد نیشـان دەدات. هەروەها لە ســاڵی ٢٠٠٣ کتێبی (ئیســتەنبوڵ)ی بڵاوکردەوە، کە بیرەوەرییەکانی تا تەمەنی ٢٢ ســاڵی بە شـێوازێکی شـیعرئامێز دەگێڕێتەوە.

ئۆرهان پامۆک ئێســتا یەکێکە لە نووســەرە دیارەکانی جیهان و نووسینەکانی بۆ زیاتر لە ٥٠ زمان وەرگێڕدراوە، لە ساڵی ٢٠٠٥ خەڵاتی ئاشـــتی لە پێشـــانگای کتێبی فرانکفۆرت لە ئەڵمانیا وەرگرت. هەر لە هەمان ســـاڵ خەڵاتی باشـــترین رۆمانی لە فەرەنســا پێبەخشــرا، لە زانکۆی بەرلین و ئیســتەنبوڵ دکتۆرای فەخری پێـدراوە. لە ســـــاڵی ٢٠٠٦ خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیـاتی وەرگرت.

# سێیەم

## رۆمانی ناوی گوڵ، ئێمبرتۆ ئێکۆ

ئەم رۆمانە باســـی کێشـــەی مێژوویی نێوان (پاپا) و (قەشـــە) دەکات، بۆ سـەدەکانی ناوەڕاست دەگەڕێتەوە و دەیبەستێتەوە بە کێشەی ساڵی ١٣٢٧.

رۆمانێکی زۆر چڕ و فرەلایەنە، بە شـێوەیەکی فەلسەفیانە وێنەی قۆنـاغەکـانمـان نیشـــــاندەدات و وێنەیەکی زنـدوو دەداتە بەر ماددەکان و بە چەندان یاریکردن دەمانگەڕێنێتەوە ســـــەردەمی ئێستا، بە تایبەتی ئیتاڵیایی ساڵانی حەفتا.

ئەم رۆمانە خوێندنەوەی سەدەکانی ناوەڕاستە و تێکەڵی زانستی زمان و پۆست مۆدێرنە کولتور بووە.

ئەم رۆمانە دەکەوێتە خانەی رۆمانی مێژوویی و پۆلیســـــی و پۆست مۆدێرنە، بەوەی باسی کێشەی مێژوویی دەکات، هەروەها لەم گێڕانەوەیە لێکۆڵینەوە لە کوشـتنی چەند قەشـەیەک دەکات، کاتێک قەیســـــەر (ولیام لە باســـکەرڤیلە) وەکو نوێنەری خۆی رەوانەی ئەو کڵێســـەیە دەکات، کە تاوانەکەی تێدا ئەنجامدراوە تا لێکۆڵینەوە لە هۆکاری کوشتنەکە بکات. ولیام قەشەیەکی بە توانا و بە ئەزموون و هەروەها راوێژکاری قەیسەرە.

لەلای ولیام دونیا تەنها باوەڕ و قەناعەتی ئایینییە، خۆشـــییە روکەشـــییەکان قەدەغە و تاوانن، بەڵام دوایی کە دەچێتە نێو کێشـــەکان و دەســـتنووســـە کۆنە شـــاردراوەکان دەخوێنێتەوە، هەروەها کاتێ ئادســـۆن لە مێلک قەشـــە گەنجەکەی هاوڕێی دەبینێ، سـنووری ترس و پیرۆزی دەشـکێنێت و سـێکس لەگەڵ ئافرەتێکی بێباوەڕ و ســـواڵکەر دەکات لە نێو کڵێســـە. تووشـــی بیرکردنەوە دەبێت، هەســـت بە بوونی جیهانێکی تر دەکات لە دەرەوەی جیهانی خۆی بەتایبەتیش دوای ئەم گفتوگۆیەی کە لەگەڵ ئادسۆن دەکات و وەڵامی پرسیارەکانی ئادسۆن دەداتەوە، کە ئادســـۆن دەپرســـێت: ئایا لە ژیانت قەت خۆشـــەویســـتیت کردووە؟

ولیام دەڵێت: بەڵێ، خوام خۆشویستووە.

ئادسۆن: ئەی لە ژیانت هیچ ژنێکت خۆش نەویستووە؟

ولیام: ئەو شتانە بۆ ئێمە نابن.

ولیام لە کاتی لێکۆڵینەوە لە کوشـــتنی قەشـــەیەک رووبەڕووی زنجیرەیەک تاوانی کوشـــتنی تر دەبێتەوە، کە پێنج قەشـــە لە ماوەی چەند رۆژێک دەکوژرێن. روونکردنەوە و ئاشـــکراکردنی ئەم زنجیرە تاواننە هێڵی ســـەرەکی ئەم رۆمانەیە، ســـەرەڕای

ئەوەی کۆمەڵێک بابەتی لابەلا دێنە ناوەوە، کە زۆر ئاڵۆزن و وێنەی جیاوازی ژیان و کولتوری ســـەدەکانی ناوەڕاســـت بە هەموو ئاســـتەکانی دیاری دەکەت. هەروەها چەندان بیری فەلسـەفی و ئەدەبی و پەند تێکەڵ بە چیرۆک و فەلسەفەی ئایینی مەسیحی دەکات. ولیام سەرەداوی ئەم زنجیرە تاوانە لە کتێبخانە دەدۆزێتەوە، کە قەشـــە (یۆرگ لە بـورگۆس)ی کوێر لەوێ کـاردەکـات و بە وتەی خۆی (ئیێشـــککگری کەنز)ە، ئەویش دەســـتنووســـێکی ونبووی کتێبی دووەمی (ئاریســـتۆتالیس)ە کە بەشـــێوەیەکی کۆمێدی دوایی تراژیدیا نووســـراوە. ولیام لە لێکۆڵینەوەی جەســـتەی قەشـــە کوژراوەکان تێبینی یەک شـــت دەکات، ئەویش مۆربوونی بەنجەی گەورەی دەست و زمانیانە.

جگە لە ولیام لە باســـکەرڤیلە رۆمانەکە کەســـایەتی مێژوویی زۆری تێدایە وەک (بێرنار گویی، میشـــائێل لە کاســـتنە، لودڤیش بایەر، تۆماس لە ئاکوین) هەروەها ئادســـۆن لە مێلک قەشـــەی گەنج کە رووی دووەم یا پاڵەوانی دووەمی رۆمانەکەیە دەبێتە گێڕەرەوەی رووداوەکان و بەشـێکە لە دروســتکردنی رووداوی نێو رووداوەکان. یۆرگ لە بورگۆس کە پاڵەوانی ســێیەمە، بەڵام بیری ســەرەکی رۆمانەکە لەلای ئەوەوە دەدرکێندرێت و هۆکاری سەرەکی دروست بوونی رووداو و دیالۆگەکانە.

ئەم رۆمـانه تەنیـا مێژوومـان بۆ نـاگێڕێتەوه، بەڵکو کێشـــــەی نووسـینەوەی مێژووی کردۆته بابەت و به تێکستێکی ئاوێته بوو به زۆربەی ژانره ئەدەبییەکان و بردنەوەی بۆ نێو پۆلەتیک و زانســت و کێشــەکانی ســیمانتیک، ئەمەش خۆی بەســتانەوه و گرێدانەوەیه به کێشـه و گفتوگۆکانی سـەدەی بیسـتەم، هەروەها کوالێتیتی تێکستەکه جیاواز و بەرجەستەکردنێکی ئاسایی نییه و هەموو شتێک لەم رۆمانه بابەته.

وەک ئادسـۆن دەڵێ (تا ئێسـتا وامدەزانی کتێبەکان تەنیا باسـی شـتەکانی پیاوان و خوداییەکان دەکەن، که لەدەرەوەی کتێبەکەن، ئێسـتا له ناکاو بۆم دەرکەوت کتێبەکان قسـه لەسـەر کتێبەکانی تریش دەکەن، بەڵێ ئەمه وەکو ئەوەیه که قســـه لەگەڵ یەکتری بکەن، بەم زانیارییه نوێیه، کتێبخانەکه لەبەر چاو زیاتر ترسـناک دەبێ. لەوانەیه ئێره جێگای دیالۆگه بێدەنگەکان بێت له نێوان دەسـتنووسـه کۆنەکان، ئەوانەی زیندوون، ژوورێکی پڕ له هێز، که مێشـکی مرۆڤ پەی پێنەبردووه، ماڵێکی زێڕینی پڕ له نهێنی، که له ژمارەیەکی بێ کۆتایی مێشــکەوه هاتوون و زیندوون و دەژین دوای مردنی دروستکەرەکەی.

ولیام دوای ئەوەی یۆرگ له بورگۆس رێگەی چوونه ژوورەوەی پێدەگرێت بۆ نـاو کتێبخانه، دەگاته ئەو باوەڕەی که هۆکاری

کوشــتنەکە لە نێو ئەم کتێبخانەیە، بۆیە لەگەڵ ئادسـۆن بە هەر شـێوەیەک بێت دەچنە ژوورەوە و بە بینینی ئەم هەموو کتێب و دەستنووسە کۆنانە واقیان وڕدەمێنێ و نازانن دەست لە کامەیان بدەن و کامە بخوێننەوە لەو هەموو نهێنییە زۆر و شـاردراوانە، کە یۆرگ بە بڕیاری دێر نەیدەهێشـت کەس بیانخوێنێتەوە، بەڵام کە ولیــام و ئــادســـۆنی لە ژوورەوە بینی زۆر بە هێمنی هەڵسـوکەوتی کرد و ئەو دەسـتنووسـەی بۆ دەرهێنا کە بەشـی دووەمی کۆمێدیای (ئاریســتۆتالیس)ە و پێنج قەشــە لەســەری کوژرابوون خســـتییە بەردەســـتی ولیام لە باســـکەرڤیلە تا بیخوێنێتەوە، ئەمە تەڵەبوو بۆ ولیام، لەگەڵ ئەمەش بە قسـەکردن لەســـەر ئەم کتێبە خەریکی غافڵکردنی ولیام بوو کە دەیگوت: پێکەنین ترس دەکوژێت، وە بەبێ ترس هیچ باوەڕێک ناتوانێت بوونی هەبێت، کەس چیتر لە شـەیتان ناترسـێت، چیتر پێویسـتی بە خودا نییە. ئەو کاتەش دەتوانین بە خوداش پێبکەنین.

یۆرگ لە بورگۆس ئەم کتێبەی پێ زۆر خەتەرناک بوو، بۆیە نەیدەهێشـــت کەس بیخوێنێتەوە، ئەوەش بیخوێنێتەوە دەبوایە بکوژرێت، هەوڵیدەدا پێش ئەوەی بکەوێتە دەســـتێکی خراپ و نامۆ لە ناوی ببات.

لەم کاتە ڕووبەڕوو بوونەوەی نێوان تاوانبار و لێکۆڵەر دەستی پێکرد، بەڵام ولیام بە هۆشمەندی خۆی وەکو قەشەکانی تر نەکەوتە داوی یۆرگ لە بورگۆس، بە دەستکێش پەڕەکانی هەڵدایەوە، چونکە پەڕی دەستنووسەکە ژهراوی کرابوو لە کاتی هەڵدانەوەی پەڕەکان و تەڕکردنی پەنجەی دەست بە زمان ڕاستەوخۆ دەبووە هۆی مردنی خوێنەرەکە. کاتێ یۆرگ هەستیکرد ولیام بە نهێنییەکەی زانیوە رایکرد و لەم بەینەش چراکەی لە دەست کەوتە خوارەوە و ئاگر لە خۆی و کتێبخانەکەی بەربوو، بەڵام ولیام توانی خۆی و ئادسۆن و چەند کتێبێک رزگار بکات.

لە کۆتایی ولیام لە باسکەرڤیلە توانی نهێنی کوشتنەکە ئاشکرا بکات، بەڵام نەیتوانی رێگە لەم کێشەیە بگرێت کە بەرەو لووتکەی مەرگەسات دەڕۆیشت. ولیام هەستیکرد کەوتۆتە ژێرباری ئەوەی بەدوای یاساوە وێڵە، کەچی درەنگ بیری کەوتەوە کە لە جیهان یاسا نییە. هەر لەوێوە راپۆرتەکەی خۆی کۆتایی پێدەهێنێت و دوا رستە دەڵێت: لە گوڵ یەک شت هەیە ئەویش ناوە، بۆ ئێمەش تەنها ناوێکی رووتە.

١-ئیکۆ لە پێنجی کانوونی دووەمی ١٩٣٢ لە ئەلیســـــاندریا-پیمۆنت لە دایک بووە. ئێکۆ وەکو نووســــەر، رۆژنامەنووس، میدیاناس، پسپۆڕی هێمالۆگی، فەیلەسوف ناسراوە و بەناوبانگە.

ئێکو بە رۆمانی (ناوی گوڵ) بووە دیارترین نووســەری جیهان. لە ساڵی ١٩٧١ ەوە مامۆستای (زانکۆی بۆلۆگۆنا)یە. لە زۆربەی زانکۆ بەناوبانگەکانی جیهان وانەی گوتیتەوە.

تا ئێســـتا ٣٣ دکتۆرای فەخری پێبەخشــــراوە، یەک لەوانە لە زانکۆی ئازادی بەرلین.

ئیکۆ لە هەرێمی ئەلیســاندریا گەورە بووە لە ســەردەمی رژێمی فاشی ئیتاڵی و لە کاتی شـەڕی نێوان پارتیزانەکان و فاشییەکان لە چیاکانی پیمۆنت دەژیا لە نێوان ساڵانی ١٩٤٣-١٩٤٥.

لە ســــاڵی ١٩٤٨ ئیکۆ پێچەوانەی ئارەزووەکانی باوکی، کە حەزیدەکرد ببێ بە پارێزەر، بەڵام ئێکۆ چووە بەشی فەلســەفە و مێژووی ئەدەبیات لە (زانکۆی تۆرین).

لە ساڵی ١٩٥٤ لە لای (لویگوی پاریسۆن) پسپۆڕی لە ئیستەتیک وەرگرت. ئینجا لە تەلەفزیۆنی (ئاڕ ئەی ئای) لە میلانۆ دەســتی بەکارکرد بۆ بەرهەم هێنانی بەرنامەیەکی کولتوری.

له سـالّی ١٩٥٦ یەکەم کتێبی دەرچوو کە نامەی دکتۆراکەی بوو بە تایتڵی (کێشـەکانی ئیسـتەتیک لە لای تۆماسـی پیرۆز). پاشـان چووە چاپخانەی بۆم پییانی لە میلانۆ تا ساڵی ١٩٧٥.

ســـەرەڕای دەرچوونی هەموو کتێبەکانی، ئێکۆ لە گرووپی ٦٣ ئەکتیڤە کە جووڵانەوەیەکی ئەدەبییە بە ناوی (پێشڕەوانی نوێ).

لە ســـاڵ ١٩٦٣ ناوبانگی لە ئەکادیمیای ئیســـتەتیک لە میلانۆ و فلۆڕانس بۆلۆگۆنـا دەســـــتی پێکرد. لە ســـــاڵی ١٩٦٨ کتێبی (سـەرتایەک لە سـیماتیک)ی دەرچوو تا ئێسـتاش بە گەورەترین کتێبی هونەری دادەنرێت. لە ســـاڵی ١٩٧١ بووە پڕۆفیســـۆری ئیســـتەتیکا لە زانکۆی بۆلۆگۆنا. لە ســـاڵی ٢٠٠٧ وازی لە زانکۆ هێنا.

ئێکۆ لە ســاڵی ١٩٦٢ەوە لەگەڵ (ڕێناتە رامگە) ژیانی هاوســەری پێکەوەنـاوە، ڕێنـاتە لە دایکبووی فرانکفۆرتە و پســـــپۆڕە لە مۆزەخانە و پەروەردەی هونەری، بە یەکەوە خاوەنی کوڕێک و کچێکن. بە گوێرەی ئاماری گۆڤاری (ئیحتیمالی) ئینگلیزی ئێکۆ دوای (نوام چۆمسکی) دووەم رۆشنبیری جیهانە.

لە ســـاڵی ١٩٨٠ وە ئێکۆ بە رۆماننووســـێکی گەورەی جیهانی ناسـراوە دوای بڵاوکردنەوەی رۆمانی (ناوی گوڵ). لە سـاڵەکانی

١٩٨٨-١٩٩٤-٢٠٠٠-٢٠٠٤ کتێبەکـانی بۆ زۆربەی زمـانەکـانی جیهان وەرگێڕدراوە. رۆمانی (ناوی گوڵ) بووە جێگای سـەرنجی مێژوونووســـــان و رەخنەگران، هەروەهـا بانگەوازێک بوو بۆ لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەی سەدەکانی ناوەڕاست.

ئێکۆ بە گوتەی خۆی کەوتۆتە ژێر کـاریگەری (بۆرخیس و جۆیس) کە بە دوو نووسەری مۆدێرن ناویان دەبات.

# چوارەم

## رۆمانی کەشتی فریشتەکان، بەختیار عەلی

رۆمانی کەشـــتی فریشـــتەکان، کە لە ٩٠٢ لاپەڕە پێکهاتووە، ئەم رۆمانە باسـی رووداوەکانی کەمێک بەر لە نسکۆی حەفتا و پێنچ و کەمێک پێش هەڵگیرســـــانەوەی شــــۆڕشــــی کوردی و رووداوەکانی نێو ئەم شــــۆڕشـــە لە کوردســـتان دەکات، بەڵام بەشــــێوازێکی تر و بە بینینێکی تر، یـــاخود روونتر بڵێین کەشـفکردنی دیوەکەی تری شـۆڕشـی کوردی لە سـی سـاڵی رابردوو، هەروەها رۆچوونە بۆ نێو سترەکتۆری سەرهەڵدانەوەی شـۆڕش و نیشـاندانی عەقڵیەتی شـۆڕشـگێڕیی کورد بە هەردوو لایەنی ئاشــکرا و شـــاراوە و کاریگەری بەســـەر مرۆڤەکانی دەوروبەری و کۆمەڵگـای کوردی، هەروەهـا بـاســـی گرێیە دەروونییەکانی مرۆڤی کورد دەکات، بەتایبەتی شـۆڕشـگێڕان، لە هەموو ئاســـتەکان و پلەوپایەکان، هەتا پلەکەشـــی بەرزتر بێت گرێیەکەی توندتر و سەختتر دەبێت یا سەختتر بووە.

بە پێی ئەو بنەمایانەی بۆ پۆســـت مۆدێرنە رۆمان دیاریکراون، دەتوانرێت ئـەم رۆمـانـە لەم خانەیە دابنێین، بابەتی مێژوویی، کـارەکتەری زۆر، چەندان پاڵەوان، تێمەی جیاواز، فەلســـەفە،

قســـەکردنی راســـتەوخۆی نووســـەر لەگەڵ خوێنەر، نەبوونی ئامانجێکی دیاریکراو، حاڵەتی سێکسی، هتد..

لەم رۆمانەدا زنجیرەی بابەتەکان و ســـەردەمە جیاجیاکانی واقیعێکی ئاڵۆز و باســـکردنی بەکورتی، یا لە چەند لاپەڕەیەک کارێکی ئاسـان نییە، ئاوەڕدانەوە لە بابەتی پێشـووتری، تووشـی بیرچوونەوەت دەکات، چونکە کارەکتەر و فیگۆرێکی زۆری بێ ئەژمـاری تێدایە، هەر کـارەکتەرێـک کەســـایەتی و مۆڕاڵ و فەلســـەفەی جیاوازی خۆی هەیە و رۆڵی ســـەرەکی یا نیمچە ســـەرکی هەیە. بەشـی هەرە زۆر و تێمەی ســـەرەکی رۆمانەکە لەسـەر شـۆڕشـی حەفتاکان و سـەرەتای هەشـتاکانە، بەشـەکانی تری زیاتر بۆ تێگەیشـــتنی تایبەتی نووســـەر و نیشـــاندان و قســـەکردنە لەســـەر مرۆڤە ســـادییەکان و ســـنووری ئازادی شـۆڕشـگێڕان و نەبوونی ئایدۆلۆژیا و یاریکردنی شـۆڕشـگێڕان، تێکەڵاوبوونیان لەگەڵ رژێمێکی فاشـــی و داگیرکەردا، هەروەها نیشـــاندنی ئافرەت وەک کەرســـتەیەکی چێژبەخش، خوێندنەوەی کەسی ناوەوە.

جیاوازی رۆمانی کەشتی فریشتەکان، لە هەموو ئەو رۆمانانەی، کە بەزمـانی کوردی نووســـراون، بەتـایبەتی لـە باشـــووری کوردســـتان و ئەو دیالێکتەی ئەم رۆمانەی پێ نووســـراوە،

جیاوازییەکە هەر لە ســترەکتۆری هونەری رۆمان نووســینەوە بگرە تا دەگاتە کاراکتەر و جیاوازی بابەتەکان وخەیاڵ و واقیع و زمان و زۆری لاپەڕەکان... بەر لە هەموو شتێ دەمەوێت بڵێم: پڕکردنەوەی ٩٠٢ لاپەڕەی سپی بە نووسین کارێکی ئاسان نییە، بەڵکو زۆر قورسە و هێز و توانایەکی مەزنی گەرەکە، نووسەری ئەم رۆمانەش (بەختیار عەلی) وەکو رۆشــنبیرێکی خاوەن توانا ناســراوە، نووســینەکانیشــی بەڵگەی ئەوەن، بەڵام نووســەر لەم رۆمانە ویســـــتوویەتی کارێکی جیاواز پێشـــکەش بکات، ئەم جیـاوازییەش چەنـد توانیویەتی، یـا دەتوانێـت چێژی زیـاتر بە خوێنەر ببەخشـێت، ئەمە خوێنەر خۆی بڕیاردەری یەکەمە، خۆی بەدوای چێژی چاوەڕوانکراوی یـا ئەو ســـــاتە ئۆغژنـاوییەی نووســـــەر بۆی دروســـــت دەکـات، لە دەرەوەی چـاوەڕوانی خوێنەردا، جـا لە رێگـای چۆنیەتی گێڕانەوەی بێت یـا تـازەیی بابەتەکە، یا بینینێکی جیاواز و بەخشــینێکی نوێ یا پرســیارێکی فکری و زانیاری تازە، کە دیدگا و تێگەیشـــتنی خوێنەر فراوان بکات، چونکە خوێنەر بەردەوام بەدوای شـــتی تازە، لە بازنەی بیرکردنەوەی خۆی و شـــتەکانی دەرەوەی بیرکردنەوەی خۆی دەگەڕێت، کە نەیتوانیوە پەی پێ ببات و درکی پێ بکات یا دەریببڕێت، مەرج نیە خوێنەر یا نووســەر بیەوێت، گرنگ ئەوەیە دووبارە و لاســاییکردنەوەیەکی رووت نەبێت. بۆ نموونە (حاڵەتە

ناوێزەکەی بنیامین بوتۆ) نووســـــینی ئێریک رۆس، خەیاڵێکی جیاواز و شــتێکی تر نیشــاندەدات لە پێشــەوە نمونەی هەیە. یا (پەرفوم)ی پاتریک زوســـکیند، نموونەی ئەو رۆمانانە زۆرن کە هزری خوێنەر داگیر دەکەن، بە زمانێکی ســــادە، هەر چەندە خوێنەر بۆ خوێنەر لە باکگراوەندی رۆشـنبیری ئاسـت و نیڤۆی جیـاوازە، ئەزموونی واقعی و تیئۆری، توانــای وەرگرتن و لێکدانەوەی، جیهان بینی و کرانەوەی، شــارەزایی لە ئەدەبیاتی جیهانی و هتد، بەڵام نووسەری گەورە دەتوانێت بە نووسینەکانی ســەرنجی هەموویان راکێشـێت، ئەوانیش لێکدانەوەی جیاوازیان هەبێت.

لەم رۆمانەدا خوێنەر لە کاتی نووســـیندا ئامادەیی هەبووە بۆ نموونە: ئەگەر بتوانن ئەم چیرۆکە تا کۆتایی بخوێننەوە، رەنگە روونتر بزانن باس لەچی دەکەم.

دەســتپێکی رۆمانی کەشــتی فریشــتەکان، لە دەرچوونی (وەفا رەفعەت) کە کارەکتەری ســەرەکی و گێڕەرەوەی ئەم رۆمانەیە، بۆ نێو شـۆڕش و دواتر وەکو پاسـەوان لە زیندانی پسمامان، لە لای لیڤیتانت، دواتر وەفا تووشی دووڕیانێک دەبێت، کە یەکێکیان وازهێنانە لە شـۆڕش و گیانی شـۆڕشـگێڕییەتی و گەڕانەوەی بۆ ژێر دەسـتی رژێمی ئەوکات، ئەویتریان کوشـتنی ئەسـپەکان و

بوون بە رۆبۆتی شـۆڕش و سـیخوڕی کردن و لە دەسـتدانی هەموو هەستە مرۆییەکانە. پاشـان نووسـەر چ راستەوخۆ، یا لە زاری وەفا، باســـێکی دوور و درێژی زیندان و زیندانیی و پاسەوانی زیندان و بەستنەوەی بە جەللاد و کۆیلە دەکات، ئینجا کێشـــەی نێوان جەللاد و کۆیلە و هێنانەوەی نموونە و تیۆری جیاجیا و پەیوەندیدار بەو بابەتە. هەر لەم بەشـــەوە لیڤیتانت وەکو کـارەکتەری ســـەرەکی دووەم دەردەکەوێـت، وەکو شـۆڕشـگێڕێکی گوێڕایەڵ، پاشـان گۆڕانی بۆ دژە شـۆڕشـگێڕ، ئینجا جارێکی تر دەبێتەوە شۆڕشگێڕ.

پاشـان نزار ئیدریس، وەکو کارەکتەری سـەرەکی سـێیەم دەبێتە پاڵەوانێکی سـەرکێش و سـەرەڕۆ، قسـە زان، نزار دژی هەموو دابونەریتێکی کۆمەڵایەتی و ئایینییە و پێچەوانەی بیروباوەڕی مەلا ئیـدریســـی بـاوکییەتی، زۆرترین کـات و توانـاکـانی بۆ دەستەمۆکردنی ژنان و تێکشکاندنی پیرۆزییەکان بەکار دەهێنێت، بە دەنگە خۆشـە سـیحراوییەکەی، سـەری دۆسـت و دوژمنانی خۆی کـاس دەکـات و هەڵیـانـدەخەڵەتێنێـت، وەک راکردنی لە زیندانی پسـمامان و لە ژێر دەسـتی لیڤیتانت، ئەمەش کێشـەیەکی گەورە لە نێو شـــۆڕش و نێوانی نزار وەکو کۆیلە و لیڤیتانت وەکو جەللاد دروســـت دەکـات، درێژەی دەبێـت تـا کۆتـایی رۆمانەکە، بەڵام سـەرکێشـییەکانی نزار شـتێکی چاوەڕوانکراون،

چونکه پێشـتر له ڕێگای کێشــه‌ی نێوان په‌ریســای دایکی و مه‌لا ئیـدریس و گفتوگۆکـانی نێوانیـان و جیـاوازی بیروبـاوه‌ڕیـان به‌رانبه‌ر ئایین و کولتوری کومه‌ڵگا ده‌رده‌که‌وێت، به‌تایبه‌تی که په‌ریســـای دایکی، بڕیاری داوه کوڕه‌که‌ی وه‌کو باوکی نه‌بێت و هـاتوچۆی مزگه‌وت نه‌کـات، به‌ڵکو له ڕێگـای قوتـابخـانه فێری شـــته‌کان ببێت، هه‌روه‌ها په‌ریســـا هه‌رچه‌نده نه‌خوێنده‌وار و نه‌شــــاره‌زایه له ئـایین، به‌ڵام زۆر به تونـدی دژی ئـایینه و فه‌لسـه‌فه‌ی خۆی هه‌یه بۆ ژیان، خۆی ده‌توانێت لایه‌نه باشـه‌کانی ژیان هه‌ڵبژێرێت و لایه‌نه خراپه‌کانی فڕێبدات، پێویســـتی به ڕێنماییه‌کانی ئایین نییه. هه‌روه‌ها په‌ریســـا به‌رده‌وام له ماڵه‌وه گۆرانی ده‌گوت و ســـه‌مای ده‌کرد، په‌یمانه‌که‌ی خۆی بردبووه ســـه‌ر، کاتێ مه‌لا ئیدریس له ئێران به‌دوای ژنێکی داوێن پاک ده‌گه‌ڕا، چونکه مه‌لا ئیدریس پێی وابوو ژنی داوێن پاک نه‌ماوه له وڵاتی خۆی، بۆیه چووه لای مه‌لا مه‌سعودی به‌سیری باوکی په‌ریسـا له ئێران، که زۆر له کچه‌که‌ی بێزاربوو هه‌سـتی ده‌کرد کچه‌که‌ی به بێدینی له‌دایک بووه، به‌ڵام مه‌لا ئیدریس په‌یمانی دا ئه‌گه‌ر په‌ریسـا ببێته ژنی، ئه‌وه ده‌توانێت ئیمانی بۆ بگه‌ڕێنێته‌وه و بیخاته‌وه سـه‌ر سـککه‌ی ئیسـلام، په‌ریسـاش پێچه‌وانه‌ی مه‌لا ئیدریس هه‌ڵسـوکه‌وتی ده‌کرد، توانیبووی له ماڵه‌وه، شـێوازێکی تری ژیان فێری مه‌لا بکات، جیاواز له ژیانی ده‌ره‌وه‌ی ماڵ. ئینجا

کۆمەڵێک کارەکتەری تر کە هەمدیس رۆڵی ســەرەکی دەگێڕن و ڕووداوەکان درێژتر دەکەنەوە وەکو نەغەدە ماردینی و هۆشەنگ بولبولیار و فریشــتە مەهدائیل، لەگەڵ ئەوانیش ئەردەلآن هیرانی و رەشید وییاب و عومەرە سوور و سەعید یۆنان و رێزان خانم و چەنــد نــاوێکی تر، لە بەشــــەکــانی کۆتــایی بە یەکترەوە گرێدەدرێنەوە. نەغەدە ماردینی هەر لە ســەرەتاوە کێشەی لەگەڵ دونیای پیاوان هەیە و هەوڵدەدات یەکە یەکەیان تاقیبکاتەوە، هەندێک جاریش خۆی دەبووە کۆیلەی ئەم ئەزموونانەی تووشی لاقەکردن دەبۆوە، نەغەدەی ژنە شــاعیر، دوای ئەوەی لە رێگای ئەردەلآن هیرانی کۆمەڵێک دیوانی شــیعری شــاعیرانی دیاری عەرەبی بۆ دەنێرێت وەکو ماغوت، الحاج، عەبدولسـەبور، بەیاتی. نەغەدە دوای ئەوەی لە دکتۆری مێردی بێزار دەبێت، تووشـــی نزاری ســـەرکێش و مێباز دەبێت کە نووســـەر لەم رۆمانە بە (کازانۆڤا)ی دەچوێنێت، کە (نووسەرێکی سەرکێشی ڤینیسی بوو، وەکو قەشــە سێ ساڵ کاریکردووە، تا پلەی دکتۆرای خوێندووە، بەڵام دوای ئەوەی بەسەرخۆشی لە کڵێسە وتاریدا دوورخرایەوە، کازانۆڤا ســەفەری زۆری دەکرد و زۆرترین پەیوەندیشــی لەگەڵ ئافرەتان داناوە و بۆ یەکجاریش ژنێکی مارە نەکردووە، بەڵام چەندان منداڵی دروســـتکردووە و جێهێشـــتووە). نزار کوڕێکی ســەرجادە و بێ بڕوایە، ڤینۆســی کچی مام ســابیری کردۆتە ژن

و ســـکی پڕکردووه و جێیهێشـــتووه، هەر بۆ شـــکاندنی ئەو دابونەریتە، بەڵام حەزی لە کتێب خوێندنەوەبوو، زۆر جار لە دوکانی قەســابیدا بەدەســتی بەخوێنەوە کتێب دەخوێنێتەوە، تا بتوانێت زیاتر لە ڕێگای کتێب فێری درۆکردن بێت. نەغەدە ژنە جوانەکەی دکتۆر بەم سەرکێشییەی نزار مەست دەبێت و یەکەم خیانەتی لە دکتۆر مستەفا شوکاکی مێردی لە لای نزار دەست پێدەکات.

هۆشـەنگی بولبولیار وەکو شـۆڕشـگێڕێکی راسـتگۆ و جۆری سێیەمە لە شـۆڕشـگێڕان، بە پێی ئەو ڕێکخسـتنەی نووسـەر بۆ شـۆڕشـگێڕیی کردووە. هاوڕێی فریشـتەکان و بەردەوام بەدوای نهێنی فریشـتەکان دەگەڕێت و هەوڵدەدات نەکەوێتە داوی مرۆڤە دۆڕاو و بێ ئینتیماکان، ئەم گەڕانەی هۆشـەنگ و بینینی باڵەکانی وەفا، گرێیەک لای وەفا ڕەفعەت دروسـت دەکات، لە دواسـاتی مردنی نهێنییەک لای وەفا ئاشـکرا دەکا، کە وەفا هەر لە زیندانی پسـامان هەسـتی دەکرد، هۆشـەنگ نیهێنییەکی لایە، دەبێت ئاگاداری بێت، بەڵام ئەم نهێنییە لەم ڕۆمانەدا نەتوانراوە باس بکرێت ڕەنگە لە بەشی داهاتوو بیزانین.

لە کەشـتی فریشـتەکان، ناوەکان بەشـێکیان بە چیرۆکێکی کورت کۆتاییان دێت و هەندێکیشـیان لە نێو چیرۆکی سەرەکی چیرۆکی

تریان بۆ دروســت دەبێت، وەکو مەجلیســی مەنســور ئاغا و گفتوگۆکانی نێو ئەم مەجلیســە، کە ببووە شوێنێکی رۆشنبیری و ئازادی قســەکردن و بیرکردنەوە لەم مەجلیســە زۆر لە ئازادی بیرکردنەوەی نێو شــۆڕش زیاتر و کراوەتر بووە، ئینجا ناکۆکی نێوانی مەنســور ئاغا و ویباب بەرپرســی زیندانی پســامان و لیڤیتانت، کە ناکۆکییەکی کۆنە، بەڵام بەهۆی هەڵاتنی نزار و حەشاردانی خۆی لەو ماڵە، کێشەکە سەرهەڵدەداتەوە. یا کەشتی فریشتەکان کە فریشتەیەکی زۆر لەم کەشتییەی دەژین، شوێنی فریشـــتە نەخۆش و مردووەکانی ناخی مرۆڤەکانن، مامۆســـتا ئەسعەدی بەرپرسی ئەمن و ئاسایش داوا دەکات زانیاری ورد و درشـتی لە ســەر هەموو شـتێک هەبێ تا دەگاتە ئەوەی حاڵەتی سێکسکردنی نزار و خانمی نەغەدە.

لە (کەشـتی فریشـتەکان)دا، نووســەر چ راسـتەوخۆ یا لە رێگای کـارەکتەرەکـان روونکردنەوەی زۆر و شـــیکردنەوەی زۆری چەمـک و و حـاڵەتە مرۆییەکـان و کەشـــفکردنی ئەنجـامی رووداوەکان، پێش ئەوەی رووداوەکە کۆتایی بێت دەخاتە روو، ئەمەش بـۆتە هـۆی کەمـکردنەوەی مـوفـاجەئـاتەکـانی نـێو رووداوەکـانی ئەم رۆمـانە، بۆ نموونە کـاتێ هۆشـــەنـگ و زیندانییەکی تر دەبەن بۆ ئەوەی بیانکوژن، نووســـەر دەڵێت: دەمزانی موعجیزەیەک روودەدات و دیلەکـانیش چـاوەڕوانی

موعجیزەیەکیـان دەکرد، ئەوەبو وەفـا یەخەی بەرپرســـــەکەی دەگرێت و دەڵێ نابێت ئەوە بکوژرێت، ئەو بەرپرســـــەش بێ گفتوگۆ رازی دەبێت. یا لەوەســـفی پەریســـا، هەموو شـــتێک دەربـارەی دەخـاتە روو، ئینجـا چیرۆکەکەی دەگێڕێتەوە، ئەمە چێژەکەی کەم دەبێتەوە بۆ خوێنەر، هەروەها پەریســـا ژنێکی نەخوێنـدەوارە، بەڵام دەتوانێـت لە گفتگۆکـان مەلا ئیـدریس دەســـــتەمۆ بکات و بیخاتە ژێر کاریگەری فەلســـەفەی خۆی بەرانبەر ژیان. لە بارەی لیڤیتانت بە هەمان شـێوە کەســـیەتی کارەکتەرەکە ئاشـکرا دەکات، خوێنەر زۆر زووتر دەزانێت، کە هەڵســـوکەوتی ئەو چۆن دەبێت لە نێو رووداوەکە، بە نموونە کاتێ نەغەدە ماردینی دۆستی نزار، سکی لە لیڤیتانت پڕ دەبێت، هیچ کاردانەوەیەک بۆ خوێنەر دروســـت نابێت، چونکە پێشـــتر کەشـف بووە، کە لیڤیتانت بڕیاریداوە بە هەر رێگایەک بێت تۆڵە لە نزار بکاتەوە. یاخود لاقەکردنی نەغەدە لە شــــاخ لە لایەن بەرپرسێکەوە، هیچ دژیەک دروست ناکات، لەبەر ئەوەی هەر لە نامەکانی وەفا رەفعەتەوە، کە بۆ ئەنجوومەنی دەنارد لە شــــاخ دەربــارەی جوانی و پەیوەنـدییەکـانی نەغەدە، دەمێـک بوو چاوەڕوانی ئەو ساتە بوون.

بەر لەوە بــاســــی جۆرەکـانی پیـاوکوژ و بیرکردنەوە و ئارەزووەکانیان بۆ کوشتن، یا هەستی دیلەکان و لە ساتی پێش

مردن و چوواندنی بە شانۆ و بنەماکانی شانۆگەری و باسکردنی بنەماکان دەکات، وەســــفێکی دوورودرێژی جەللاد و کۆیلە و کێشەی نێوانیان، یا مرۆڤی ئیماندار و بێ ئیمان و هەر یەکە دوو جۆری هەیە، هەروەهــا جۆرەکــانی ئەخلاق و نــامووس و جۆرەکانی شــۆڕشــگێڕ. لەم حاڵەتە دەچێتە خانەی رۆمانێکی پەروەردەیی.

ئەم رۆمانە لە زانیاری بەخشــین و ئینســکلۆپیدیای بابەتەکان و پاش و پێش خســتنی کات و شــوێن بە ئاگاییەوە، نەک هەڵە، هەروەها قسـەکردنی راسـتەخۆ لەگەڵ خوێنەر و بەکارهێنانی ناو و کارەکتەری زۆر و بابەت و تێمەی ســادە و پڕ رەمز و بە کۆمێدیکردنی بابەتی گرنگ، لێکچوواندنی شــۆڕش بە حاڵەتی پراکتیکی ســێکســی، گۆڕینی زمــان و دیــالێکتی نــاوچەی کــارەکتەرەکــان، یــا دروســتکردن و نیشــاندانی حــاڵەتی سـادۆماسـۆشـی وەکو لەززەت وەرگرتنی وەفا بە قامچی لێدانی لیڤیتانت و کاری ســیخوڕی و رۆڵی نەغەدە ماردینی وەکو فیگۆرێکی سـێکسـی و دووبارەکردنەوەی کێشـەی نێوان ئایین و دژە ئایین، نەبوونی بیرۆکە و ئامانجێکی دیاریکراو (نەک فرە ئامانج کە هەڵگری کۆمەڵێک خوێندنەوە بێت)، خۆی لە رۆمانی پۆســـت مۆدێرن نزیک دەکـاتەوە، بە قەد ئەوەی رۆمـانێکی مێژوویی یا فەلســەفی بێت. بەڵام کە ل(٨١-٨٢)دا، دەڵێت: دەڵێی

من نزیکێکی ســەیرم لە نێوان کاری خۆم، ســیخوڕی و رۆمان نووســیندا هەیە، چونکە هەموو شــتێک بە وردی تۆمار دەکەم، بۆیە ئیســتا دوای ئەم هەموو ســاڵە دەتوانم شــتەکان کۆپی بکەمەوە. هەســـت دەکەیت، نووســـەر بیرەوەرییەکانی خۆی نووسیوەتەوە.

## پێنجەم

## رۆمانی کۆتایی بەخشین، تۆماس پینکۆن

رۆمانی (کۆتایی بەخشـین)ی کە نووسـەرێکی دیاری ئەدەبیاتی پۆســـت مۆدێرنی ئەمریکییە، لە ســـاڵی ١٩٧٣ بڵاوبۆتەوە، ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە کەمێک پێش و کەمێک پاش شـــەڕی دووەمی جیهانییە لە ئەوروپا لەم نێوەش بازدانی کات و شـوێنی زۆری ســەردەمەکانی تێدایە، شــوێن ئەوروپا ئەمریکا ئاســیای ناوەڕاســت، ســەدان ناو و چەندان کەســایەتی جۆراوجۆر و کۆمەڵێک بابەتی جیاواز لەم ڕۆمانەدا هەیە.

ڕۆمانەکە چوار فەسـڵە، دەیان بەشـە وەکو دەڵێن: بۆتە زانسـتی ژمارەکان، هەر فەســڵێکی دورشـــمێکی تایبەتی یا مەبدەئێکی نیشـــانداوە، گێڕەرەوەکان زمان و دیالێکتیان بەپێی واقیعە و کارەکتەرەکە دەگۆڕێت، هەندێکجار راســتەخۆ، قســە ئاراســتەی خوێنەر دەکــات، زۆرجــار چیرۆکەکە لە خەیــاڵی ڕێڕەوی دەگۆڕدرێت، ئاسـتەمە جیاکردنەوەی گفتوگۆی راسـتی و خەیاڵی یا بێ هۆشی کارەکتەرەکان.

(ســـلۆترۆپ) لەکۆتایی شـــەڕی دووەمی جیهانی لە لەندەن سـەربازە، لە کاتی لێدانی سـاروخی ڤی ٢ ی ئەڵمانی، لە لەندەن،

دووبارەبوونەوەی تووشـــــی حاڵەتی (پاڤلۆڤ)ی دەکات، کە ئەمەش لایەنێکی گرنکی ئەم رۆمــانەیە و گەڕانە بەدوای ئەم پەیوەندییە، سـەفەر و راکردنی سلۆترۆپ بۆ ناوچەی (زۆن) کە ئەڵمانیای وێران و داگیرکراوە، لە ترســی ئەو کەســانەی دوای کەوتوون بۆ دۆزینەوەی ئامێری رەش و هەروەها دۆزینەوەی ناسنامەی خۆی، ئەم (زۆن)ە خنکاوە، لە پشێویی و بێ یاسایی، هەرکەســــە بەدوای قــازانج و مەرامی خۆی وێڵە، زۆربەی رووداوەکان بە شتی راستییەوە گرێدراونەتەوە، وەکو ماتماتیک و رۆحی مردووەکان و ئابووری و نموونەی سێکسی. لە گەڕان بەدوای پارچەکانی ساروخی ڤی ٢ سلۆترۆپ، بەردەوام توشـی پەیوەندی دەبێت، لە نێوان بکەر و قوربانی، لە نێوان کۆمپانیا بەشـداربووەکانی وڵاتی سـەرکەوتوو و دۆڕاو، بەڵام سلۆترۆپ راســـــتی لێ ون دەبێت. بەردەوام فەنتازی واقیع رۆحانییەت ئەزموون دێنە نێو بابەتەکان، هەروەها توندو تیژی و لادانی سێکسی. لە بەشی کۆتایی کارەکتەری سلۆترۆپ بە تەواوەتی لە نێو رووداو و گفتوگۆکان ون دەبێت. کارەکتەرە گرینگەکانی تر (ئیس ئیس لۆتانانت بلیچێرۆ) و ئەفســەری سـۆڤیەتی (ڤاسـلاڤ تشیتشیرنە) هەروەها جاسوسی هۆڵەندی (کاتیە بۆرگیسیۆس) و کــامیرامــانی ئەڵمــانی گیهــارد لە گۆیـل، هەروەهــا چەنـد کارەکتەرێکی مێژووی میکی رۆنی و هوگۆ ستینیس و ئاوگست

کێکوله بەکار هاتووه. لەم رۆمانه وەســـفی ســـاروخی ڤی ٢ ی ئەڵمانی بۆ ســــەر لەندەن و چۆڵکردنی ئەو شـــاره دەکات و هەڵوەســـتەی زۆر لەســـەر دەکات و زۆربەی کارەکتەرەکان بەم بابەته دەبەســـتێتەوه و چەندان کارەکتەری جیاواز به هۆکاری جیا جیا به دوای نهێنی (ئامێری رەش)ی (نازیەکان به ســاروخی ڤی٢ یان دەگوت) بەستراو به سارۆخی مۆدێل ٠٠٠٠٠ دەگەڕێن، که له کۆتایی رۆمانەکەدا وەکو مۆرڤ دەردەکەوێت. دوا رووداو وەســـفی بەکارخســـتنی ٠٠٠٠٠ له لایەن بلیچێرۆ که گۆتفریدی هۆمۆی لەگەڵه له نێو ســاروخەکه، به دووبارەکردنەوەی گرتەی یەکەم کۆتایی به رۆمانەکه دێت. هەر چەنده رۆمانی (کۆتایی بەخشین) لەکاتی بڵاوبوونەوەی به ستایلێکی کلاسیکی وەسفکرا، خوێنەرێکی زۆر کەم خوێندییەوه، گوایه شایەنی خوێندنەوه نییه.

## شەشەم

## رۆمانی خوێنەرەکە، شلینك

رۆمانی خوێنەرەکە لە رێگای ئەو پەیوەندییە سـێکسـی و دواتر خۆشـەویسـتییەی نێوان (میشـائیل بیرگ)ی پازدە سـاڵان و (هانا شمیتس)ی سی و شـەش ساڵان دەمانگەڕێنێتەوە نێو کێشـەیەکی مرۆیی کە چۆن مرۆڤ مـامەڵە لەگەڵ تـاوانبـاران بکـات لەو حاڵەتەی مرۆڤەکە وا پەروەردەکراوە، هەروەها ئەم رۆمانە باسی کێشـەی نەوەی شـەسـتەکانی سـەدەی رابردوو دەکات بەرامبەر (هۆلۆکۆست).

رۆمانەکە ئاوها دەسـت پێدەکات. میشـائێل لە رۆژێکی سـارد و باراناوی لە کاتی گەڕانەوەی لە قوتابخانە بەنەخۆشـی تووشـی رشـانەوە دەبێت و دەچێتە ژێر هەیوانی شـوقەیێک و تەندروسـتی زۆر خراپ دەبێت، لەم کاتە ژنێک لە کار دەگەڕێتەوە کە دواتر بە (هانا) دەناسرێت، یارمەتی دەدات و دەیباتەوەماڵەکەی خۆی.

میشـــــائێل ئەم یارمەتییەی هـانـا لە یـاد نـاکـات و دوای چاکبوونەوەی لە بەرامبەر ئەم چاکەیە چەپکێک گوڵ بە دیاریی بۆ هانا دەباتەوە، لە کاتی ماڵئاوایی میشـائێل، هانا داوای لێدەکات چاوەڕێ بکات تا جلەکانی دەگۆڕێت بۆ ئەوەی بەیەکەوە بڕۆنە

دەرەوە، لەم بەینە میشـــائیل هانا دەبینێت لە ســـاتی خۆ گۆڕین هاناش هەست بەمە دەکات، میشائیل لە شەرمان رادەکات، بەڵام ئەمە دەبێتە یەکەم ســـاتی چێژ وەرگرتنی ســـێکســـی و تەواوی کاتەکانی لە ماڵەوە و لە قوتابخانە بەم فەنتازیایە بەسەر دەبات.

هانا ژنێکی لەســـــەرخۆ و کەمدووە، لە نێو ترام و میترۆکان وەکو پشـکینەری تیکت کاردەکات. میشـــائیل لەو رۆژەوە خەون بە لەش و لاری هاناوە دەبینێت و گیرۆدەی دەبێت، بۆیە رۆژی دواتر دەگەڕێتەوە بەردەم مـاڵی هانا، کاتێ هانا ئەمە دەبینێت بەبێ گرنگی پێـدان پێیـدەڵێـت: بڕۆ دوو ســــتـڵ ڕەژوو لە ژێرزەمینەکە بێنە ســـەرەوە. میشـــائیل بێ ســـڵەمینەوە گوێڕایەڵ دەبێت و دوای کەمێک بەدوو ستڵ ڕەژوو دێتە ژوورەوە، کەچی هەموو لەشی تۆزی ڕەژووەکەیە، هانا ناچاردەبێت حەمامێکی بۆ بکات و پاشـــان لە کاتی وشـــککردنەوەی لەشـــی میشـــائیل رووبەڕووی حەزی ســـێکســـی دەبنەوە، ئەم دەرگاکردنەوەیە سێکسییە لەو تەمەنە ئەوەیە، کە ئیتر میشـائیل زۆرکەم دەچێتە قوتابخانە و حەزدەکات زۆرترین کات لەگەڵ هانا بەسەر بەرێت، بەڵام هانا بەمە دەزانێت داوای لێدەکات گرنگی بە خوێندنی بدات، هەروەها مەرج بۆ ژوانەکانی لەگەڵ میشائیل دادەنێت، هەرجارێک بێتە لای پێش ســـێکســـکردن دەبێ باســـی وانەکانی بۆ بکات و بەشـــێکی بۆ بخوێنێتەوە، تا وای لێدێت کتێبی تریشـــی بۆ

بخوێنێتەوە، لە هەموو ژانرەکان لە شیعر و شانۆکان و چیرۆک و رۆمان وەک ئەلیادەی هۆمیرۆس و چیرۆکەکانی چیخۆف و تۆلستۆی ...

ماوەیەک خەریکی سێکس و کتێب خوێندنەوە دەبن، تا میشائێل دۆستایەتی لەگەڵ کچێکی هاورێی قوتابخانەی بەناوی (سۆفی) دروست دەکات و خیانەت لە هانا دەکات، لەناکاو هانا، میشائێل و سۆفی لە مەلەوانگە بەیەکەوە دەبینێت، بەڵام میشائێل کاردانەوەی نابێت، رۆژی دواتر میشائێل دەگەرێتەوە ماڵی هانا کەچی خانووەکەی چۆڵ و هۆڵە و هانا باریکردووە.

تا ئێرە نووسەر جگە لە چیرۆکی خۆشەویستی و سێکسی نێوان میشائێل و هانا زیاترمان پێناڵێت، سەرەرای جوانی هانا و حەزی گوێگرتنی لەو کتێبانەی میشائێل بۆی دەخوێندەوە بەرامبەر جارێک بەیەکەوە خەوتن و هەڵسوکەوتی لەو پەیوندییە و لە پرەنسیپەکانی لانادات.

لە بەشی دووەمی رۆمانەکە، کە حەوت ساڵ دواتر دەست پێدەکات میشائێل قوتابی زانکۆیە لە بەشی یاسا لەگەڵ قوتابییەکان و مامۆستاکەی سەردانی دانشتنی دادگای تاوانبارانی جەنگ دەکەن، دژی ئێشکگرەکانی سەربازگەی (ئاوشڤیتس)ە شوێنی سووتاندنی جولەکەکان بە تاوانی

بەندکردنی کۆمەڵێک خەڵک لە کڵێســـە و دەرگا نەکردنەوە لەو کاتەی کڵێســەکە ئاگری گرتووە و بۆتە هۆی مردنی خەڵکەکە لە جەنگی دووەمی جیهانی، یەکێک لەو تاوانبارانە هانا شـــمیتس بوو، ئەمە بۆ میشـــائێل شـــتێکی چاوەڕوان نەکراوبوو، بەڵام هەوڵیدا لە هەموو دانیشـتنەکان ئامادە بێت و خۆی لە هانا دوور رابگرێت، میشـــائێل بیری لەوە دەکردەوە کە نەوەی نوێ چۆن مامەڵە لەگەڵ هۆلۆکۆسـت دەکەن، هاناش یەکێکە لە تاوانبارن و بەشداربووانی هۆلۆکۆست.

لە نێو ئەوانەی لە کڵێسەکە سووتابوون دایک و کچێک رزگاریان ببوو لە مردن و ئامادەی دانیشـتنەکە بوون بۆ شـاهێدی دان، لە یادیان بوو کە هـانا پێش ناردنی گیراوەکان بۆ نێو کورەکە خواردنی پێدەدان و کتێبی پێدەخوێندنەوە، ئینجا بەرەو مردن بەڕێیدەکردن. پاشـان تاوانبارەکانی تر راپۆرتێکیان دا بە دادوەر کە گوایە هانا فەرمانی پێکردوون دەرگای کڵێســەکە نەکەنەوە، دادوەریش بۆ دڵنیابوون وەرقە و قەڵەمیکی دایە هانا بۆ ئەوەی بەراوردی دەستوخەتی هانای پێبکات، بەڵام هانا هیچی نەنووسی و دانی بە تاوانەکەی نا کە راســتە ئەو فەرمانی پێکردوون، لەم حاڵەتە میشائێل تاسا، چونکە بیری کەوتەوە کە هانا خوێندەواری نییە چۆن نووســـراوی دەرکردووە، هانا بەم داننانەی ســـزای

بەندکردنی تەواوی ژیانی بەسـەر سـەپێنرا کە دەکاتە بیست ساڵ زیندانی، ئەوانیتریش چوار ساڵ و پێنچ ساڵ زیندانی کران.

هەرچەند پەیوەندی نێوان میشـــائێل و هانا زیاتر سـێکســی و خەیاڵێکی ئیرۆتیکی بوو، هەروەها حاڵەتێکی ســەردەمی گەنجی بوو، لەسـەرەوە ئەم پەیوەندییە بوونی نەمابوو، بەڵام لە راستی و واقیعیدا وەکو خۆشەویستێکی ژیانی تێکەڵی ببوو.

دوای ئەوەی میشـــائێل ژنی هێناو کچێکی بوو، بەڵام زۆری نەخایاند لێک جیابوونەوە، وەکو هەموو ئەو پەیوەندیانەی لەگەڵ ژنەکانی تر ســەری نەدەگرت، چونکە بەردەوام پەیوەندییەکانی بەراورد دەکرد لەگەڵ ئەو پەیوەندییەی کە لەگەڵ هانا هەیبوو، لە (بۆن و چێژ و دەســت لێدان) و ئەو کاریگەری بەســەریەوە جێیهێشـتووە، لە نێو ئەو قەلەقی و دوودڵییە میشـائێل گەیشـتە ئەوەی بڕیاردەدات، کە کتێب بە دەنگ بخوێنێتەوە و تۆماری بکات و بە کاسێت بۆ هانا رەوانەی گرتووخانەی بکات، دووبارە مونافەسـەی خوێندنەوە لەنێوانیان دەست پێدەکاتەوە و میشـائێل چی کتێبی کتێبخانەکەی هەیە بەدەنگ دەیخوێنێتەوە و بۆ هانای دەنێرێت، هاناش جارێکتر ئومێدی دێتەوە بەر، کە کەسـێک هەیە پەیوەندی پێوەبکات، چونکە جگە لە میشـائێل هیچ کەســی تری نەبوو، بەردەوام دەچووە لای ئیشـــکگرەکان پۆســـتەکەی بە

حەزەوە وەردەگرت و کاســـێتەکانی پێدەکرد و گوێی لە یەکە یەکی کتێبەکـان دەگرت و یـادگـارییەکـانی بیر دەهـاتەوە، لەم ماوەیەش لەرێگای دەنگەکان و وشــەی ســەر کتێبەکان هەوڵیدا فێری خوێندنەوە و نووسـین بێت، بتوانێت بە رسـتەیەک سـڵاو بنێرێت و سـوپاسـی میشـائێل بکات، یەکەم نامەی بە یەک رسـتە بۆ میشـائێل نارد، کە نووسرابوو (زۆر سوپاس) ئەمە زۆر کاری لە میشـائێل  کرد و خسـتییە حاڵەتێکی سـۆزاوی قورس، بەڵام وەڵامی نەدایەوە.

لە کـاتی نزیکبوونەوەی ئـازادکردنی هـانـا، نـامەیەک لەلایەن بەڕێوەبەری گرتووخانە بۆ میشــــائێل دێت، کە هانا جگە لەو کەســـی تری نییە یارمەتی بدات ئەگەر بتوانێت لە لای خۆی یا هەرجێگایەک شــــوێنێکی حەوانەوەی بۆ پەیدا بکات، میشــــائێل هەفتەیەک پێش ئازادبوونی هانا ســەردانی دەکات، بەڵام ســەیر دەکات هانای جاران نەماوە و ئەو بۆنیشـــی کە لە هەموو کات هەســـــتی پێدەکرد گۆڕاوە، هەســـــتی کرد بەرامبەر پیرەژنێک وەسـتاوە، بۆیە خۆی دوور دەگرێت، هانا بە ئاشـکرا هەستی بەم دوورەپەرێزییەی میشـائێل کرد، لەگەڵ ئەوەش سـوپاسـی کرد بۆ ئەو کاسـێتانە کە لە رێگایانەوە فێری خوێندنەوە و نووسـین بوو وەکو موعجیزەیەک، هەروەها میشــــائێل پێڕاگەیاند کە هەموو شتێکی بۆ ئامادە کردووە.

له رۆژی ئـــازادبوونی هـــانـــا بەرەیوەبەری گرتووخـــانەکە بە میشـائیلی راگەیاند، کە هانا خۆی له سێدارەداوه و ئەو کتێبانەش کە لەسەر هۆلۆکۆست نووسراون لەگەڵ ئەو رۆژنامەیەی وێنەی ئەوی لەســـەره له ژێر پێیەکانی داناوه له جیاتی کورســـی ئینجا خۆی کوشـــــتووه، نـامەیەک و هەنـدێـک پـاره کە له زینـدان کۆیکردبۆوه بۆ میشـــائیلی جێهێشـــتبوو، کە بیدا بە کەســـوکاری قوربانییانی هۆلۆکۆست.

بێرنارد شلینک بە شێوەی تاوان و سزای دیستۆیفسکی کە چۆن کار لەســـەر کێشـــەی دەروونی راسـکۆلینکۆف دەکات و کار و کـردەوه تـونـــدوتـیـژەکـــانـی بە تـــاوان نـــازانـێـــت، بەڵـکـو بـۆ ســـــایکۆلۆژییەتی کارەکتەرەکە دەگەڕێنێتەوه، بەڵام بێرنارد لەم رۆمـــانه کێشــــــەیەکی تر دەورووژێنێـــت، ئەویش پەروەردەی مرۆڤەکانه له نێو ســــیســــــتمێکی دیکتاتۆری پڕ له شــــەڕ و تونــدوتیژی، کە کەمترین مۆراڵی مرۆڤـانی تێـدا نــادۆزیتەوه. بێرنـارد له نێو کـاراکتەری کەســـــیەتی هـانـا ترادیســــیۆن و پرینســــیپەکانی پەروەردەی رژێمی نازیەکانمان پێدەڵێت، کە پڕ بووه له شـــەڕ و گرتن و کوشـــتن، مرۆڤەکانیش بێ بیرکردنەوه لەســـەر ئەم پرۆگرمەی ئەوان رۆیشـــتوون و شـــەرعیەتیان بە تاوانەکان داوه، وەک چۆن هانا له دادگا زۆر بە ئاســـای دەڵێت: ئەگەر دەرگەی ئەو کڵێســـــەی ئاگری گرتبوو کردبامانەوه ئەوه

بەندەکان ڕایان دەکرد و پشـــێوی دروســـت دەبوو، ئێمەش بەرپرس بووین لە پاراســتنی گرتووخانە و بەندەکان. هەروەها هەمان پرسـیار لە دادوەر دەکات: ئایا ئەگەر ئێوە ئەو کات لەوێ پاسەوان بووان چیتان دەکرد؟ دادوەر وەڵامی پێ نییە بۆی.

لەم رۆمانە نووســـەر، خوێنەر رووبەڕووی کۆمەڵێک کێشـــە دەکـاتـەوە لـە نێو رۆمـانـەکـە، کـە خۆی بڕیـاری لـەســـــەر چارەســـەرکردنی بدات. ســـادەترین و شـــەرمنترین ئافرەتی سـەردەمی نازییەکانی هەڵبژاردووە؟ لە تەواوی رۆمانەکە ئاشکرا نییە ئایە ئەو ئافرەتە ئێشـکگرە سـەد دەرسـەد تاوانبارە یان لە ژێر فشـاری رژێمی نازی تووشـی ئەم کارەسـاتە بووە؟ ئینجا حاڵەتی خۆشـــەویســـتی پێش تـاوان و دوای تاوان، هەروەها خۆشەویستی لە سـەردەمی گەنجی و جوانی و لە تەمەنی پیری چی بەسـەردێ؟ هەروەها بیرهێنانەوەی هۆلۆکۆست. لەم رۆمانە کۆمـەڵێ پرســـیار درووژێنراوە و لـەڕێگـەی گـەمەی زمانەوانی دیوە شاراوەکان بۆ خوێنەر ئاشکرا دەکات.

## بێرنارد شلینك

لە ٦ یولی ١٩٤٤ لە گرۆســەدۆرنبێرگ لە بیلیفیلد لە دایک بووە، پڕۆفیسۆری زانستی یاسا و فەلسەفەی مافە.

لە منداڵییەوە لەگەڵ دایک و باوکی لە شاری هایدلبێرگ دەژییێت، باوکی (ئیدموند شـــلینک) برۆفیســـۆری لاهووت بووە لە هایدلبێرگ، باپیری (ویلیام شـلینک) پڕۆفیسـۆری میکانیک بووە، براکەی (ویلیام شلینک) پڕۆفیسۆری مێژووی هونەرە لە زانکۆی فرایبورگ.

بێرنارد شـلینک کۆلێژی یاسـای لە زانکۆی هایدلبێرگ و زانکۆی ئازادی بەرلین خوێندووە. وەکو زانســـتناســـی یارمەتیدەر لە زانکۆی دارمشتاد و بیلیفیلد و فرایبورگ کاریکردووە، لە ساڵی ١٩٧٥ قوتابی دکتۆرا بووە، لە ســاڵی ١٩٨١ بڕوانامەی دکتۆرای لە یاسا لە فرایبورگ وەرگرتووە.

لە ساڵی ١٩٨٢ تا ساڵی ١٩٩١ پڕۆفیسۆری ماف بووە لە زانکۆی بۆن. لە ســـاڵی ١٩٩١ تا ســـاڵی ١٩٩٢ لە زانکۆی گیۆتە لە فرانکفۆرت ئەم ماین پڕۆفیسـۆری ماف و فەلسـەفەی ماف بووە. لە ســاڵی ١٩٩٢ تا ٢٠٠٩ پڕۆفیســۆری ماف بووە لە زانکۆی هومبۆلدت لە بەرلین. هەروەها لە سـاڵی ١٩٨٧ تا ٢٠٠٦ دادوەر

بووه له دادگای دەســـتووری هەرێمی نۆردراین فێســـتفالن له مونستەر. شلینک ئێستا له نیویۆرک و بەرلین دەژێێت.

بێرنارد شـلینک یەکەم رۆمانی له سـاڵی ١٩٨٧ به ناوی ( selbs Justiz)ه،

رۆمانی دووەمی له ســاڵی ١٩٨٨ به ناوی (بازنەی عوقدەیەکی مەزن)ه،

رۆمانی سێیەم ساڵی ١٩٩٢ (فێڵ خۆی)، رۆمانی چوارەم ساڵی ١٩٩٥ (خوێنەرەکه)یه، ســاڵی ٢٠٠٠ (هەلاتنی خۆشـــەویســـتی)، ســـاڵی٢٠٠١ (خۆکوژ)، ســـاڵی ٢٠٠٦ (گەڕانەوه بۆ نیشـــتیمان)، ساڵی ٢٠٠٨ (کۆتای هەفتەی، ساڵی ٢٠١٠ (درۆی هاوین)

بێرنارد شـلینک خاوەن چەندان خەلاتی ئەدەبییه، لەوانه خەلاتی ئەدەبی رۆژنامەی (دی ڤێلت)ی ئەڵمانی، خەلاتی گرینتســـانه کاڤۆر له ئیتاڵیا، خەلاتی لاورا بەتالیۆن، خەلاتی ئیڤەنگێلی بۆ کتێب، خەلاتی ئێفا جۆنپێلتۆ له فینلەند..

# ئەنجام

١- رۆمانی پۆســت مۆدێرن هیچ هێڵێکی گشــتی یا دیاریکراوی نییه له گێڕانەوه، زیاتر پرســـیار ئامێزه، وادەکات که خوێنەر خۆی رووداوەکان رێکبخات. به پێچەوانەی رۆماتی مۆدێرن، که لەســەر یەک هێڵی گشــتی بەردەوام دەبێت و ســەرەتا و کۆتای رووداوەکانی له چوارچێوەی رۆمانەکەیه.

٢- رۆمانی پۆسـت مۆدێرن هەل بۆ خوێنەر دەڕەخسـێنێت خۆی بڕیار بدات له بنیادی رووداوەکه و ئازاده له رێڕەوەکه چۆنی بەرەو ئاراســتەکان دەبات و زانیاری دەربارەی ئەنجامی ژیانی ئەوان نییه. به پێچەوانەی رۆمانی مۆدێرن که خوێنەر وابەستەی رووداوەکان دەکات و زانیاری تەواو دەربارەی ژیانی ئەوان و ئەنجامی کۆتایی بەدەستەوه دەدات.

٣- رۆمانی پۆسـت مۆدێرن خاوەن ئامانجی دیاریکراو و ئاشـکرا نییه، بەڵام رۆمـانی مۆدێرن ئـامـانجەکـانی دیـار و بەرچـاو و ئاشکران.

٤- رۆمانی پۆســـت مۆدێرن وابەســـتەی شــوێنێکی دیاریکراوی جوگرافی نییه و له فەزایەکی فراوان کاردەکات. به پێچەوانەی رۆمانی مۆدێرن.

٥- له رۆمانی پۆســـت مۆدێرن کەســـایەتییەکان زیاتر فیگۆری تێکســتی و کاری هونەری زمانەوانین، ئەمه له رۆمانی مۆدێرندا نییه یا زۆر کەمه.

٦- رۆمـانی پۆســـــت مۆدێرن خۆی به بینینێکی دیـاریکراوی جیهانی نابەســتێتەوه بۆ روونکردنەوەی لایەنێکی عەقڵانی ژیان ئەگەر هەبێت وەکو شــتێکی رابردوو، خوێنەر یا وەرگر خۆی دروســــتی دەکـات و بیرۆکەیەکی نوێ دەدۆزێتەوه. ئەمه له رۆمانی مۆدێرن بەرچاو ناکەوێت یا کەم پەی پێبراوه.

٧- رۆمانی پۆســت مۆدێرن کار لەســـەر تێکســـت و شـــاکاره کۆنەکان دەکات و کۆلاژی دەکات. رۆمانی مۆدێرن ئەم کۆلاژ و ئاوێتەکردنەی نییه بەشێوەی رۆمانی پۆست.

٨- رۆمانی پۆست مۆدێرن تێکستێکی چڕ و پڕه و ئاوێتەیەکه له فەلسەفه، شیعر، زمانەوانی، تێکستێکی خاوەن کوالیتی خۆیەتی.

٩- رۆمانی پۆســـت مۆدێرنه زیاتر لەســـەر گەمەی زمانەوانی کاردەکات، واته پشت به لایەنی واتای پراگماتیکی دەبەستێت، به پێچەوانەی رۆمانی مۆدێرن که زیاتر پشت به واتای سیمانتیکی دەبەستێت.

١٠- نموونەی رۆمانی کوردی پۆســت مۆدێرن تا ئێســتا بوونی نەبووە بە هەموو بنەمـاکـان بەپێی زانیـاری ئەم لێکۆڵینەوەیە، بەڵام رەنگە چەند رۆمانێک هەبن، هەندێک خاسـیەتی پۆسـتیان تێدا بدۆزرێتنەوە.

١١- رۆمانی کوردی پۆســـــت مۆدێرن نییە یا نەبووە، چونکە نووســـەرانی کورد قۆناغی مۆدێرنیتەیان تەواو نەکردووە و لە ژینگەیەکیش دەژین تـــازە خەریکە رووەو قۆنـــاغی مۆدێرنیتە هەنگاو دەنێت.

١٢- رۆمـانی پۆســـــت مۆدێرن تێکەڵـەیەکـە لە نێوان ئـایین و عەقڵانیەت، هەروەها ئازادی رەهای مرۆڤ و دروســــتکردنی سنوورەکان.

١٣- رۆمانی پۆست مۆدێرن سەرەڕای ئەم خاڵانە کە لە رۆمانی مۆدێرن یـا هەموو جۆرەکـانی تر جیـای دەکـاتەوە، نەیتوانیوە گۆڕانێکی بنەڕەتی دروســـت بکات لەگەڵ جۆرەکانی تری پێش خۆی.

١٤- رۆمــانی پۆســــــت مۆدێرن هەمـــان فۆرمی پێش خۆی هەڵگرتووە.

## سەرچاوە کوردییەکان

١- رۆمانی بەفر  ئۆرهان پامۆک، لە تورکییەوە بەکر شوانی
دەزگای ئاراس، هەولێر ٢٠٠٧
٢- رۆمانی قەڵای ســـپی، ئۆرهان پامۆک، لە تورکییەوە بەکر شوانی، دەزگای ئاراس، هەولێر ٢٠٠٨
٣-رۆمانی ئیســـکەندەر هێرمان شـــۆلتز، لە ئەڵمانییەوە ئەنوەر محەمەد ئەحمەد
چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر
٤-رۆمان چییە، کۆمەڵێک نووسەر، وەرگێڕانی جەواد مستەفا
دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی حانی ٢٠٠٨
٥-مۆدێرنیزم یان هونەر لەژێر چاودێری هونەرەوە، د. ســـەباح عبدوڵلا سالم
چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر
٦-چێژی دەق، رۆلان بـارت، وەرگێڕانی ئیســـمـاعیـل زارعی، دەزگای وەرگێڕان
٧-رەخنەی بونیادگەری، د. عەلی تاهیر حوسێن
دەزگا و پەخشی سەردەم، سلێمانی
٨-سەرەتایەک دەربارەی رۆشنگەری ئەورووپی، هاشم ساڵح، وەرگێڕانی شوان ئەحمەد، چاپخانەی رەنج، سلێمانی ٢٠٠٧
٩-بنیاتی گێڕانەوە لە داستانی (مەم و زین) ی ئەحمەدی خانی و رۆمانی (شـاری مۆسـیقارە سپییەکان)ی بەختیار عەلی، سـەنگەر

قادر شـێخ محەمەد، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریان ٢٠٠٩

١٠-رۆمانی حیکایەتەکانی باوکم، فەرهاد پیربال، ســـلێمانی، چاپخانەی شڤان،٢٠٠٨

١١- رۆمـانی پـاش تـاریکی، هـاروکی موراکـامی، وەرگێڕانی. موکەڕەم رەشید تاڵەبانی، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانە رۆژهەڵات ٢٠١٧

١٢-نامەکانی روانینوانێک و مەرگ، و. هندرێن

١٣-تاوان و سزا دیستویفسکی، وەرگێڕانی. رەوف بێگەرد

١٤- رۆمانی دارستانی نەرویجی، هاروکی موراکامی، وەرگێڕانی. تارا شێخ عوسمان.

١٥- بیرەوەری قەشـەیەک، جوزێ سـارا ماگۆ، وەرگێڕانی. دلاوەر عەبدوڵلا

١٦- ئازاد حەمە، گۆڤاری رامان، ژمارە ٥٧، ساڵی ٢٠٠١، ل ٤

١٧- ئازاد حەمە، گۆڤاری رامان، ژمارە ٥٨، ساڵی ٢٠٠١، ل ٦

١٨-ئازاد حەمە، گۆڤاری رامان ژمارە ،٥٩ ساڵی ٢٠٠١، ل ١٠

١٩- رۆمانی کوردی، سابیر رەشید، لێکۆڵینەوە

٢٠ –رۆمانی کەوتنی ئاسمانەکان ،جەبار جەمال غەریب

٢١- رۆمانی کۆشـک، فرانس کافکا، وەرگێڕانی بۆ کوردی عەتا نەهایی، ئەندێشە، سلێمانی ٢٠١٢

٢٢- دانانی بنەمای میتافیزیکی ئاکار، ئیمانۆئیل کانت، لە ئەڵمانی د.حەمید عەزیز.

٢٣- ســــەرهەڵــدانی رۆمـــانی ئینگلیزی، وەرگێڕانی رەئوف بێگەرد،سلێمانی، دەزگای پەخش و چاپی سـەردەم، چاپی دووەم ٢٠٠٩

٢٤-رۆمانی دواهەمین هەناری دونیا، بەختیار عەلی

٢٥-رۆمانی کەشتی فریشتەکان، بەختیار عەلی

٢٦-رۆمـانی قـامچی، کـاروان عـەبـدوڵڵا، دەزگـای موکریـانی، چاپخانەی رۆژهەڵات٢٠١١.

٢٧- رۆمانی بەدگۆڕان، کافکا، وەرگێڕانی جەلیل کاکەوەیس

٢٨- هونـەری رۆمـان، میلان کۆنـدێرا، لـە ئـەڵمـانییـەوە کـەریم پەڕەنگ، دەزگای سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٨

# سەرچاوەی ئەڵمانی


1. Wolfgang Welsch: Unsere postmoderne Moderne. 6. Aufl. Akademie ،Berlin 2002
2. Roger Behrens: Postmoderne. EVA Wissen 3000 ،Hamburg 2004
3. Wolfgang Welsch, Wege aus der Moderne. Schlüsseltexte der Postmoderne-Diskussion
4. Lyotard, Das postmoderne Wissen ،Wien: Passagen 1999;
5. Uwe Wittstock: Roman oder Leben. Postmoderne in der deutschen Literatur
6. Gero von Wilpert Lexikon der Weltliteratur 4. Auflage 2004 (1963 erstmals erschienen
7. Jean-François Lyotard aus Wikipedia der freien Enzyklopädie
8. Paul Auster aus Wikipedia der freien Enzyklopädie
9. Der Name der Rose ،Umberto Eco Übers.V. Burkhart Kroeber ،Hanser München 1982- 1986
10. Umberto Eco Biographie Aus der freien Enzyklopädie
11. Das Parfum Die geschichte eines Moerders Ptrick Sueskind
12. Albrecht Wellmer Biographie Aus der freien Enzyklopädie.
13. Eric Roth (Der Seltsame Fall Benjamin Butto)
14. Biographie Patrik Suskind aus freien Enyzklopädie
15. Candid oder der Optimismus, Voltaire, Aus dem Französischn von Ilse Lemann. Dtv, C.H.Beck
16. Der Vorleser, Bernhard Schlink, Zuerich Diogenes Verlag 1997
17. Bernhard Schlink Biographie der freien Enzyklopaedie

## بەرهەمە چاپکراوەکانی نووسەر:

-داســـتانی ســـەفەر، رۆمان، لە بڵاوکراوەکانی ســـەنتەری نما، چاپخانەی رەنج ٢٠٠٥

-ئێره رۆمانه، کۆمەڵە چیرۆک، چاپخانەی وەزارەتی رۆشـنبیری، هەولێر ٢٠٠٩

-ئەڵمانیا، مێژوو – کولتور – جوگرافیا، وەرگێڕان لە ئەڵمانییەوە، وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر ٢٠٠٩

-هونـەر و ژیـان، کۆمـەڵێک وتـاری هونـەری شـــێوەکاری، لـە ئەڵمانییەوە، دەزگای موکریانی ٢٠١٢

-نـاوی گوڵ، خوێندنـەوەی رۆمان، گرووپی کولتوری و هونەری هاڤی، هەولێر ٢٠١٠

-هـەڵژاردەیـەک لـە شـــیعری شـــاعیرانی هـەولێر، وەزارەتی رۆشـــنبیری و لاوان، ب.گ. رۆشـــنبیری و هونەری، ب. چاکی وێژەیی ٢٠١٧